تصویر ابو عبد الرحمن الكردي

کێشەی ویلایەتی موسڵ لە دوو ڕۆژنامەی سلێمانیدا

نەوزاد عەلی ئەحمەد

منتدى إقرأ الثقافي
للكتب (كوردي - عربي - فارسي)
www.iqra.ahlamontada.com

کێشەی ویلایەتی موسڵ
لە دوو ڕۆژنامەی سلێمانیدا

نەوزاد عەلی ئەحمەد

سلێمانی ٢٠٠٤

١٥٠٠ م

کێشەی ویلایەتی موسڵ

لە دوو ڕۆژنامەی سلێمانیدا



زنجیرەی (٣٤)

لە کتێبە چاپکراوەکانی شارەوانی سلێمانی

سەرپەرشتیاری پرۆژەی چاپکردن

پێشڕەو ئەحمەد

کێشەی ویلایەتی موسڵ لە دوو ڕۆژنامەی سلێمانیدا

بابەت: مێژوویی

نوسینی: نەوزاد عەلی ئەحمەد

کۆمپیوتەر: تاڤگە فائق

نەخشەسازی بەرگ: قادر میرخان

چاپ: ئۆفسێتی ژیر

تیراژ: (٥٠٠) دانە

ژمارەی سپاردن (٧٦٧)ی وەزارەتی ڕۆشنبیری ٢٠٠٤

پێشەکی

لە هەموو دنیادا دەقی نێوگۆڤار و ڕۆژنامەو دەقی نووسراو بریتین لەو بەڵگانەی کە دەتوانرێت لێکۆڵینەوەو قسەو باسی نویێان بۆ بنووسرێت، ئەرشیف و مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردیش لە زۆر ڕووەوە هێشتا هەقی خۆی پێنەدراوە بە تایبەتیش بۆ بواری لێکۆڵینەوە. نەخوازەڵلا وەك بەڵگەی مێژوویی کەم پشتی پێبەستراوەو هەست بەو کەلێنە دەکرێت، لەم کتێبەدا هەوڵ دەدەین بابەتێکی هەستدارو گەرمی نێو ڕووداوەکانی ئەمڕۆی کوردستان بوروژێنین و، بە سوود وەرگرتن لە ڕۆژنامەگەری کوردی بابەتی کێشەی ویلایەتی موسڵ دەخەینە ڕوو، کتێبەکە بریتی‌یە لە سێ بەش:

-بەشی یەکەم : پێداچوونەوەی کۆمەڵێك بابەت و بیرو بۆچوون کە سەبارەت بە کێشەی ویلایەتی موسڵ نووسراون، زیاتر بابەتەکەمان گێڕاوەتەوە (گواستۆتەوە) تەنیا لە چەند شوێنێك نەبێت لە ژێر ڕۆشنایی بیرو بۆچوونە ووتراوەکاندا بیروڕای خۆمان دەربڕیوە.

-بەشی دووەم: هەوڵمداوە کە بزانرێت کە ڕۆژنامەکانی (ئومێد ئیستقلال) و (ژیانەوە) چۆن کاریان لەسەر ڕووداوێکی ڕۆژیی وەك کێشەی ویلایەتی موسڵ کردووە، پێوەندی هونەری ڕۆژنامەگەریمان لەگەڵ بابەتەکە (کێشەکە) باسکردووە، کەئایا کێشەکە وەك ڕووداوێکی ڕۆژ لەهەردوو ڕۆژنامەکەدا لە بارەی هەواڵ و وتاردا چۆن کاریان تێدا کراوە.

-بەشی سێیەم: بۆ ڕۆژگاری ئەمڕۆمان کێشەی ئەوسای ویلایەتی موسڵ بریتییە لە کۆمەڵێك وانە و پەندی مێژوویی، لەو ڕوانگەیەوە بۆ خۆمان و بۆ نەوەی تازەمان ئەو دەق و نوسینانەمان جارێکی تر نووسیوەتەوە کە هەردوو ڕۆژنامەکە سەبارەت بە کێشەی ویلایەتی موسڵ بڵاویان کردۆتەوە.

دەکرێ ئەم بابەتەی ئێمە نووسین و لێکۆڵینەوەی تری بەدوا دابێت چونکە بەداخەوە کورد ئەوکێشەیەی فەرامۆشکردووە، لە چەند نووسین و پەراوێزێك بترازێت شتێکی زانستی و ئەکادیمی لەسەر کێشەکە نەنوسراوە.

نەوزاد عەلی ئەحمەد
سوید- ستۆکهۆڵم
٢٠٠٤/١/١

بەشی یەکەم

موسڵ لەمێژوودا
گێڕانەوە

مێژووی موسڵ

ئەو سنوورو چوار چێوەیەی کەئەمڕۆ بەجوگرافیای ناسراوە، لەسەرچاوە مێژووییە کۆنەکاندا ناوی هاتووەو ئاوەدان بووە، زیاتر لەچاخی بەردینی نوێدا (٩٠٠٠_٣٠٠٠پ.ن) ئەو سنوورە دێتە بەرچاو، لەو ماوەیەدا مرۆڤ بۆ پاراستنی خۆی دیوار و گردۆڵکەی بەرزی دروست کردوە تالەهێرشەکانی بەرامبەر خۆی بپارێزێت، سەرچاوە مێژوویەکان باس لەگردۆڵکەی (تەپە گەورە[١] . tepegewra) دەکەن کە کەوتۆتەباکوری ڕۆژهەڵاتی موسڵی ئەمڕۆ، دیارە لەچاخی کۆن (٦٠٠٠٠٠_٣٠٠٠٠پ.ن) چاخی ناوەڕاست (٣٠٠٠٠_٩٠٠٠پ.ن) ناوی ئەو سنورە هاتووە، بەڵام زیاتر لەچاخی نوێدا دەتوانین بۆ خستنە ڕووی مەبەستەکەمان سوودمەند بین چونکە لەو سەردەمەدا کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بنیاتی کارو کۆکردنەوەی تێکۆشانی گۆڕانگاریەکی بەرچاوی بەخووەبینیوە، پاش هێرشە گەورەکانی مێژوو چارەنووسی موسڵ وەك هەرپارچە خاکێکی ناوچەکەو دەوروبەری ڕووبەڕووی هێرش و داگیرکردن بۆتەوە، وەك شارەکانی تری ئەمڕۆی کوردستان دووچاری کێشەو شەڕو ماڵ وێرانیو بەرگری کردن بۆتەوە، لەم ڕووەوەدەتوانرێت مێژوی (گوتی، ئاشوری، کاردۆخی، میتانی، حیسی، میدی، ئەخمینی، پارسی) سەیر بکرێت بە خوێندنەوەی وردەکارییەکانی نێو ئەو مێژووانە ئەوەمان بۆ ساغ دەبێتەوە، کە خەڵکی نەینەوای کۆت هەرهەموویان لە ڕەگەزی سامی نین، بەڵکو نەتەوەی تیایە کە بە زمانی تر قسە دەکەن، یۆنانییەکان وڵاتی کوردستانیان بەسەر دوو ناوچەدا دابەش کردبوو:

١-وڵاتی میدیا: ئەو ناوچانە دەگرێتەوە کە دەکەونە نێوان ڕووباری گەورە لە باکوور و دەشتی ڕافیدەین لە خواروو ڕووباری دیجلە لە ڕۆژئاوادا.

٢-وڵاتی کاردۆخۆی: ئەو ناوچانە دەگرێتەوە کە دەکەونە نێوان گۆماوی وان (wan) و ناوچەکانی ڕۆژئاوای هاوسنوری باکورو شاری موسڵی ئێستا بەلای خوارووداا بەڵام ئەخمینی وپارسی ساسانیەکان بەنیوەی خوارووی وڵاتی کوردستانی ئێستایان دەوت وڵاتی مادا (میدیا) و بە باکوورەکەشیان دەوت کوردوئین و هەندێك جاریش پێیان دەوت وڵاتی گوردیا[٢] .

لەسەردەمی فتوحاتی عەرەبی ئیسلامدا ناوی موسڵ هاتووەو زۆربەی مێژوونوسانی ئەوسەردەمەو تا پێش و پاشی سەردەمەکە ناوی کوردیان لەشارەکەدا هێناوەو لەوبارەدا دەتوانرێت سەیری نووسینەکانی (ئەژدی) و (مەسعودی) و (ئیبن حوقەل) و (ئەنساری) بکرێت و نووسینەکانیان بەڵگەی حاشا هەڵنەگرن و سەرچاوەی جێگای متمانەن بۆ کاری زانستیو لێتوێژینەوەی ئەکادیمی، زنجیرەکانی

مێژووی شارەکە بێجگە لەبوونی ژمارەیەکی بەرچاوو دیاری کورد لە شارەکەدا خاڵی توانەوەی کوردمان بۆ دەگێڕنەوە، ئەو پرۆسێسەش لەهەر سەردەمو قۆناغێکدا بەشێوازو شێوەیەکی جیا بەڕێوە چووە، بەڵام لەسەردەمی فتوحاتی ئیسلامدا بەعەرەب بوونی کورد بەئاشکرا بەرووی ئەو مێژووەدا دیارە.

سەبارەت بەبوونی کورد لەشاری موسڵدا پێم چاکە چەند پەرەگرافێك لە لێکۆڵینەوەی (موسڵ شاری عەرەبو کورد. لە رووی جوگرافیاو مێژوودا) وەربگرین:

-ئەنساری کە ساڵی ١٣٢٦ مردووە دەنووسێت: کورد لە موسڵ جێگیر بووەو لە کۆنەوە لەوێ کاردەکات، لەناو شارەکەدا گەڕەکیان هەیەو لە دەرەوەشدا ئاژەڵداری دەکەن.

-گەشتیاری فەرەنسی ئۆلیفیەکە لە نیسانی ١٧٩٥ سەردانی موسڵی کردووە دەڵێت: لەشارەکەدا (٧-٨) هەزار مەسیحیو نزیکەی هەزار یەهودیو (٢٥) هەزار ئیسلامی عەرەبو (١٥ تا ١٦) هەزار کورد هەیە:

-گەشتیاری بەریتانی کە رۆژی (٢٥)ی تەموزی ١٧٩٧ سەردانی موسڵی کردووە پێی وایە کەزۆربەی دانیشتوای شارەکە کوردن.

-گەشتیار ئۆلیڤەر ساڵی ١٨٠٩ ژمارەی دانیشتوانی موسڵی بە (٦٣) هەزارکەس داناوەو بەم شێوەیە (٢٥) هەزار عەرەب (١٥) هەزار کورد (١٥) هەزار تورك (٧) هەزار مەسیحی و هەزار یەهودی.

-گەشتیاری جێمس بگنگهام کەلە تەموزی ١٨١٦ سەردانی موسڵی کردووە دەنووسێت دانیشتوانی شارەکە بەشی هەرە زۆریان ئیسلامن لەڕووی ژمارەوە عەرەبو تورکو کورد یەکسانن.

-مارشاڵی ئەڵمانی هوڵمس ڤۆن مۆلتکە کە لەئایاری ١٨٣٨ سەردانی موسڵی کردووە دەنووسێت: دانیشتوانی شارەکە بریتین لە کوردو کلدانو عەرەب لەنێوان خۆیاندا بە زمانەکانی کوردیو فارسیو عەرەبیو تورکی قسە دەکەنو گفتوگۆ دەکەن[٣].

بەڵگەکان پێمان دەڵێن کە کورد لەموسڵ ژیاوەو نووسینەوەی مێژووی شارەکە بەبێ بوونی کورد مێژوویەکی لاوازو نازانستی دەردەچێت تا بۆ نمونە وەك زنجیرەیەکی مێژوویی سەیری ماوەی حوکمڕانی عوسمانیەکان (١٥١٦-١٩١٨) بکەین دەبینین عوسمانیەکان میری میرنشینی بۆتان (بەدربەگ-ی یەکەم)[٤] یان کردۆتە حاکمی شارەکە، میرانی کورد نزیکەی (١٠٠) ساڵ حاکمی شارەکە بوون، دەکرێت بۆ زیاتر لێك جیاکردنەوەی ولایەتی موسڵو شاری موسڵ[٥] چەند دێڕێك سەبارەت بەپێشینەی مێژوویی ولایەتی موسڵ وەربگرین چونکە ئەو ڕستەو ژمارانەی کە لەدێڕەکانی پێشەوەدا ئاماژەمان پێدا زیاتر پەیوەندیان بەخودی شاری موسڵەوە هەبووە، بەڵام ویلایەتی موسڵی عوسمانی تاساڵی (١٨٧٨)یش بەولایەتی شارەزوورەوە ناسراوە، شاری کەرکوکیش مەڵبەندی بەڕێوبەرایەتیەکەبوو، ولایەتەکە تا کۆتایی جەنگی جیهانی یەکەم، کاتێك هێزەکانی بەریتانیا ئەستانەیان گرت، ڕاستەوخۆ بەبابی عالیەوە بەند بوو، سنووری ولایەتەکە لەباشوورەوە بەشارۆچکەی مەندەلی سەر سنوری ئێران دەستی پێدەکردو تاخاڵی فەتحەی سەر ڕووباری دیجلە بەزنجیرە چیای حەمرین دا درێژ دەبۆوە،

لەکاتێکدا سنووری خۆرهەڵات و باکووری خۆرهەڵاتی، بەپێك گەیشتنی سنووری ئێران کۆتاییان دێت بۆیەدەکرێت بڵێین بەڕێوبەرایەتیەکە لیوا- پارێزگاکانی ئێستای موسڵ، دهۆك، هەولێر، کەرکوك، سلێمانی و بەڕێوبەرایەتی چەند قەزایەکی پارێزگای دیالەی دەگرتەوە، کوردیش زۆرینەی دانیشتوانی ولایەتەکە بوون و ڕێژەیان لەو سەرژمێرەی ساڵی (١٩٢٤)دا، کە عێراق و بەریتانیا ڕێکیانخست (٦،٧٠٪) بوو، لەکاتێکدا ڕێژەی عەرەب (٨، ٢٣٪) تورکمانەکان (٥،٥٪) بوو[٦]، عەرەبی ولایەتەکە لەشاری موسڵ وشارۆچکەو گوندەکانی باشوری خۆرئاوای گرتبوونەوە، تورکمانەکانیش لە شارۆچکەی تەلەعفەری خۆرئاوای موسڵ و شاری کەرکوك و چەند شارۆچکەیەکی باشوریدا هەبوون.

بەڵام ئەگەر جوگرافیای ویلایەتی موسڵ ڕوونتر بخەینە ڕوو بریتییە لە:

١-سنجاقی[٧] ناوەند واتە موسڵ ئەم قەزایانەش دەگرێتەوە: دهۆك، زاخۆ، شەنگار و ئاکرێ.

٢-سنجاقی کەرکوك، ئەم قەزایانەشی بەسەرەوە بووە: هەولێر، ڕانیە، ڕەواندز، کۆیەو کفری.

٣-سنجاقی سلێمانی،ئەم قەزایانەی دەگرێتەوە (بازیان)، هەڵەبجە، شارەزور، مەرگە[٨].

دەکرێ بۆ دۆزینەوەی ئەڵقەی نەپساوەی شاری موسڵ بەسنوری کوردستانەوە سەیری چەند دۆکیومێنت و سەرچاوەیەکی تر بکەین کە کرۆکی مەبەستەکەمان بۆ تۆکمە دەکەن:

-(کێشەی موسڵ لەجەوهەردا کێشەی کوردستانی باشور بوو، کەپێشتر ویلایەتەکەی موسڵ ناوی ویلایەتی شارەزور بوو، پایتەختەکەشی شاری کەرکوك بوو، ئەو ویلایەتی شارەزورەش لەلایەن دەوڵەتی عوسمانلیەوە بە کوردستان دادەنرا بەشایەدی هەموو مێژونوسەکانی عوسمانلی وئەنسکلوپیدیاکەی عوسمانلی کە بە (قاموس الاعلام) ناونرا بوو.

ئەو قاموس الاعلامەش لەباسی شارەزور و کەرکوکدا دەڵێ: کەرکوك پایتەختی شارەزوری کوردستانەو لە چوارا سێ بەشی کوردن و بەشەکەی تریش تورکمان و گاورو جولەکەو عەرەبن.

مێژوونوسەکانی ڕوسیش لە سەرو هەموویانەوە مینۆڕسکی ویلایەتی موسڵیان هەر بە کوردستان داناوە ئەو ئامارانەی کەهەر سێ دەوڵەتە ناکۆکەکەش لەسەر ویلایەتی موسڵ داویانە بە (کۆمەڵەی نەتەوەکان-عصبە الامم) هەر یەکەشیان بۆ نیازی خۆی دیسان هەر کوردیان بەبەشە زۆرەکەی ویلایەتی موسڵ داناوە هەرچەندە ئەوێ دەمێ زۆر کوردیش لەترسی ڕەشبگیری خۆیان ناونوس نەکردبو[٩].

-(لەویلایەتی موسڵدا کوردو عەرەب ومەسیحی وتورك و جو دەژین وبەپێی زۆریی ژمارەیان گرنگیان هەیە، کورد زۆرینەی دانیشتوان پێك دێنن ئەوان عەرەب و تورك نین و بەزمانێکی ئاری دەدوێن. تورکی ویلایەتی موسڵ لەڕەگەزی تورکی -تورکیان. یەزیدیەکان موسڵمان نین و لە کوردەکانەوە نزیکن، بەڵام بەهۆی ئایینەکەیان و گۆشەگیریان بون بەتاقمێکی جیاواز[١٠] و زۆربەی مەسیحیەکان لەنەستوری وکلدانی پێك

هاتون، تەنها کۆمەڵە خەڵکێکی زۆرو گەورەی یەکگرتو لە ناوچەیەکی فراواندا بژین کوردو عەرەبن هێڵی جیاکەرەوەی هەردوو ڕەگەز ڕوباری دیجلەیە تا یەکگرتنی لەگەڵ زێی بچوك و پاشان ڕێگای کەرکوك-کفری بۆ باکور و ئەم هێڵە شاری موسڵ لەسەر زەمینی پڕ بەپیت و دانیشتوانی زۆر جیادەکاتەوە)[11] .

ئەم بەڵگانەو کۆمەڵێ بەڵگەی تر کە لەنێو دوتوێی کتێبە مێژوییە زانستیەکاندا باسکراون ویلایەتی موسڵ لەڕوی دانیشتوانەوە بە زۆرینەی کورد لە قەڵەم دەدەن و ڕێژەی بونی نەتەوەکانی تریش بریتین لەکەمە نەتەوەو پێویستە لە چوارچێوەی ئەو جوگرافیایەدا داوای مافەکانی خۆیان بکەن و چارەنوسیان بە چارەنوسی زۆرینە ببەستنەوە، بۆ شاری موسڵ-یش دەکرا سود لە ژمارەی کوردی شارەکە ببینرێت، نەك ئەو ژمارەیە فەرامۆش بکرێت.

کەواتە چارەنوسی ویلایەتی موسڵ چۆن داشکایەوە؟ لە ماوەی حوکمڕانی عوسمانیەکاندا ئەو چوارچێوەیەی کە ئەمڕۆ پێی دەوترێ عێراق بریتی بوو لە ویلایەتەکانی بەغدادو بەسرەو موسڵ؟ بە دۆڕاندنی تورکیا لە جەنگی جیهانی یەکەمدا ململانێکان بۆ دابڕان و بردنی سامانی ئەو سێ ویلایەتە تا دەهات گفتوگۆی گەرمی لێ دەکەوتەوە، لە جەنگی ناوبراودا ویلایەتی موسڵ کەوتە ژێر کۆنترۆڵی بەریتانیاو داگیری کرد، چونکە هێزەکانی بەریتانیا پێشتر ناوچەکانی تری عیراقیان داگیر کردبو لە (٥)ی تشرینی دوەمی ساڵی (١٩١٨) چونکە ناو شاری موسڵ سەرەڕای بونی ڕێکەوتنی ئاگر بەستی مۆدرۆسی نێوان سوپای عوسمانی و بەریتانی و کە لە (٣٠) تشرینی یەکەمی ساڵی (١٩١٨) مۆرکرابو. بەلام سەرکردەی هێزەکانی بەریتانیا (سیر ولیام) ئەو ڕێکەوتن نامەیەی فەرامۆش کردو چوە ناو شاری موسڵەوە، ئەوەی جێگەی ئاماژەیە ململانێکانی فەرەنساو بەریتانیا لەسەر پاوان کردنی ناوچەکە گەرم بوو هەربۆیە پێش یەکلاکردنەوەی ڕوبەری ویلایەتەکانی بەسرەو بەغدادو موسڵ لە ڕێکەوتنی نهێنی سایکس-بیکۆی نێوان هەدو لایاندا کە ساڵی (١٩١٦) ئیمزا کرا لەسەر ئەوە ڕێکەوتون کە ویلایەتی موسڵ بۆ فەرەنسا بێت ویلایەتەکانی بەسرەو بەغداش بۆ بەریتانیا دیارە دوای ئەوەی هێزەکانی بەریتانیا و ویلایەتی موسڵ-یان داگیر کرد ڕێکەوتنی سایکس بیکۆ کاری پێنەکراو سیاسەتێکی تر لەناوچەکەدا پێڕەوکرا، پاش ئەمە چەند ڕێکەوتنێك و کۆبونەوەیەکی چارەنوس ساز لەنێوان وڵاتە زلهێزەکانی بەریتانیاو ڕوسیاو فەرەنسا کرا بە تایبەتی دوای ئەوەی زانرا کە ئەو ناوچەیە یەکێکە لە ناوچە هەرە دەوڵەمەندەکانی نەوت لە کۆنگرەی ئاشتیدا وتووێژی نێوان فەرەنساو بەریتانیا بەردەوام بو تاڕۆژی (١٨)ی نیسانی ١٩١٩ ڕێکەوتن نامەی نەوتی (بیرینجی-لۆنگ BRINOER-LONG) مۆرکراو لەماددەی چواردا هاتووە کە (٢٥٪)ی سەرمایەی کۆمپانیای نەوتی تورکیا لە موسڵ و بەغدا بە فەرەنسا بدرێت بەڵام پاش ماوەیەکی کورت فەرەنسا هەستی بە زیانی کردو پاشگەز بووەو لە (٢٥ی نیسانی ١٩٢٠) ڕێککەوتنامەی (برینجی-لۆنگ) ڕاست کردەوە ئینجا لە پێناوی شێوە گونجاندنێکی شیاو سیاسەتی ئینتیداب گفتوگۆی لەسەرکراو ڕۆژی (٢٦ی مایسی ١٩٢٠) ڕاگەیەنراو، ئەمانە هەمووی ڕێخۆشکەر بوون بۆ ئەوەی چوارچێوەو سنووری عێراق دیاری بکرێت و وەك دەوڵەتێکی خاوەن جوگرافیاو سنوورێکی دیاریکراو بناسرێت لەم ڕوانگەیەوە کار بۆ ڕێککەوتنێکی تر کرا ئەوە بوو لە

(١٠ی ئابی ١٩٢٠) له نێوان هاوپەیمانان‌و تورکیا پەیمانی سیڤەر[١٢] مۆرکرا، ئەم پەیمانە سیفەتی یاسایی بە ڕێککەوتنامەی سان ریمۆو سیستەمی ئینتیداب بەخشی بەپێی مادەی (٩٤) عێراق خرایە ژێر ئینتیدابەوە بەپێی مادەی (٢٢)ی باوەڕنامەی کۆمەڵەی نەتەوەکان هەمان مادده باسی ئەوەشی کردبوو کەلیژنەیەك بۆ دەست نیشانکردنی هێڵی سنوری تورکیاو عێراق دابمەزرێ کەلەماددەی (٢٧)ی ئەم پەیمانەدا دەست نیشانکراوە، ئەم هێڵەش بەڕۆژهەڵاتدا بەسنووری تورکیاو سوریادا تاخاڵێکی سەر سنووری باکووری ویلایەتی موسڵ درێژ دەبێتەوەو لەوێشەوە بەڕۆژهەلات تایەکگرتنی سنووری تورکیاو ئێران درێژ دەبێتەوە لەو گفتوگۆو ڕاگۆڕینەوەو ڕێکەوتننامانەی کەلەنێوان وولاتانی زلهێز کراوەو بەڕێوە چووە زۆرجار کوردو کێشەی کوردستان باسی لێوە کراوە، لەگفتوگۆکانی ئاشتی نێوان هاوپەیمانان‌و تورکیا کە لە (١٠ی ئابی ١٩٢٠) بە ڕێککەوتننامەی سیڤەر کۆتایی هات لە هەر سێ ماددەی (٦٢، ٦٣، ٦٤) باس لە مافی ئۆتۆنۆمبوونی ئەو ناوچانە دەکات کە زۆربەیان کوردن‌و سنوورەکەیان دەکەوێتە ڕۆژئاوای ڕووباری فورات‌و باشووری ئەرمینیاو باکووری سنووری تورکیا-سوریاوتورکیا-عێراق، لە ماوەی ساڵێك لە جێبەجێکردنی ئەم پەیمانەشدا، ئەگەر کوردەکان ئەو ناوچەیە بەشێوەیەك ڕوویان کردە کۆمەڵەی نەتەوەکان کە پیشاندەری ئارەزووی سەربەخۆیی زۆربەیان بن-لە تورکیاو ئەگەر کۆمەڵەی نەتەوەکان قایل بوون بەوەی کە دەتوانن ئەو سەربەخۆیی‌یە بپارێزن سەربەخۆییان بدرێتێ، لەم حاڵەتەشدا هاوپەیمانان کۆسپ ناخەنە ڕێگای ئەوەی کوردەکان بچنە پاڵ ئەو دەوڵەتە سەربەخۆیەوە کەلە کوردی دانیشتووی ئەو بەشەی کوردستان پێکهاتووەکە لە سنووری ویلایەتی موسڵدا بوون، بەڵام ئەم نەخشەیە جێبەجێ نەکرا چونکە تورکیا پەیمانی سیڤەری مۆر نەکرد.[١٣]

دوای ئەوەی بەریتانیا توانی عێراق بۆ خۆی پاوان بکات‌و پاش لکاندنی ویلایەتی موسڵ-یش بەویلایەتەکانی بەغداو بەسرە لە تەموزی (١٩٢١) پێکهاتەیەکی جوگرافی بەناوی میرنشینی عێراق دروست کردو میر فەیسەڵی کوڕی شاحوسێن-ی لەحیجاز هێناو کردی بەمەلیکی میر نشینەکە، ئەم جۆرە هەڵس‌و کەوتەی بەریتانیا کۆمەڵێك پرسیاری لێکەوتەوەو خەڵك بەگومانەوە سەیری سیاسەتی بەریتانیای دەکرد بەتایبەتیش پاش دۆزینەوەی نەوت‌و لەهەموو ڕێکەتننامەکاندا پێشەکی باس لە دابەشکردنی سامانی عیراق لە نێوان دەوڵەتە زلهێزەکان دەکرا.

ئەو ماوەیەی کە پەیمانی سیڤەر مۆرکرا زۆربەی وولاتان کاریان بەماددەو بەندەکانی نەدەکردو فەرامۆشیان کردبوو، بۆیە چەند کۆبوونەوەیەك‌و دیدارێکی ئاشتی لە لۆزان گرێدرا لە پێناوی خاوکردنەوەی کێشەکانی وڵاتانی زلهێز کە خاکی عێراق یەکێك بوو لە کێشە گەرمەکانی گفتوگۆی نێوانیان و (دوا پەیمانی ئاشتی لە نێوان هاوپەیمانەکان‌و تورکیادا لە لۆزان ڕۆژی (٢٤)ی تەموزی (١٩٢٣) ئیمزا کرا ئەو پەیمانە لەلایەن ئیمپراتۆریەتی بەریتانیاو فەرەنساو ئیتاڵیاو ژاپۆن‌و ڕۆمانیاو یۆگسلافیاو تورکیاوە مۆرکرا. هەندێ لەماددەکانی پەیمانەکە پەیوەندیان بە کێشەی موسڵەوە هەبوو بڕگەی دووەم لەماددەی سێیەمی پەیمانی لۆزان هێڵی سنووری نێوان تورکیاو عێراقی دیاری کرد بوو بەڕێکەوتنێکی برایانی نێوان تورکیاو بەریتانیای مەزن لەماوەی ٩ مانگدا

ئەگەر لەماوەی دیاری کراودا نەگەیشتنە ئەنجامێك کێشەکە بۆ ئەنجومەنی کۆمەڵەی نەتەوەکان بەرز دەکرێتەوە)[14].

تا ئێستا چەندان لێکۆڵینەوەی زانستی و وتار سەبارەت بەدروست کردن و دامەزراندنی عیراق نوسراوە بەتایبەتی لەساڵی ١٩١٨ وەتا کێشانی سنوری وڵاتەکەو یەکلاکردنەوەی کێشەی ویلایەتی موسڵ لەنەتەوە یەکگرتوەکاندا دیارە لەنێو ئەو لێتوێژینەوەو وتارانەدا هێشتا کتیبەکەی د.فازیل حسێن- کێشەی ویلایەتی موسڵ هێزی خۆی لە دەست نەداوەو هەر بۆیە پێویست ناکات هەمو ئەو کۆبونەوەو دیدارانە باس بکەین کە بۆ چارەسەری کێشەی ویلایەتەکە گرێدراون چونکە کتێبی ناوبراو زنجیرەیی ڕوداوەکانی بە وردی ڕیز بەند کردوە، ئەوەی گرنگە هەڵدانەوەی زیاتری تەلەگراف و نامەی ژەنەراڵە سەربازی و سیاسیەکانی دەوڵەتی بەریتانیاو فەرەنساو تورکیایە کە ڕۆژانە لە مەیدانەکانی کارەوە واتە لە عیراق و دەوروبەری بۆ ناوەندی بڕیارەکانی وڵاتانی خۆیان ناردوە، ئەوەی تائێستا بینراوە ئەو بروسکانە کۆمەڵێك حەقیقەت دەگێڕنەوە کە بۆ ئێمەی کورد جێگای سەرنج و گرنگی پێدانن بە تایبەتیش سەبارەت بەڕێژەی کورد لەویلایەتەکەدا، ئێستا وەك بەڵگە تەنیا یەك بەڵگەی نهێنی لەو بەڵگانە دەنوسینەوە.

بەڵگە نامەی نەهێنی

ژمارە٨٦/٣٨ (C.0730) ڕۆژی ١٩٢٥/١٢/٥

لە (سیر د.لیندسای)یەوە بۆ وەزارەتی دەرەوە

بابەت- پەیوەندی نێوان سنوری تورکیاو عیراق

گەیشتومەتە ئەو باوەڕەی کە لەگەڵ تورکەکاندا دەربارەی سنوری تازەی عیراق لەگەڵ تورکیادا، ناگەینە هیچ ئەنجامیك، لەبەر ژمارەی زۆری ئەو کوردانەی کەلەم دیوی سنوری تورکیاوەیە لام وایە ئەم کێشەیە دەبێتە هۆی گیروگرفتێکی هەمیشەیی لە نێوان بەریتانیای گەورەو تورکیادا مەگەر تەنها عصبە الامم بتوانێت بڕیارێك دەربکات لەم ڕووەوە چارەسەرێکی بۆ بدۆزینەوە.

بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە، وا پێشنیاز ئەکەم کەواز لەو ناوچە شاخاوییانە بهێنرێت کە ئەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی ئەو هێڵەی عەمادییە-سلێمانی بەمەرجێك ناوچەی سلێمانیش بگرێتەوەو هەمووی بدرێت بە ئێران .

ئەو ناوچانەش کە لە ژووروی عێراقدا گوزەران دەکەن دەتوانرێ بخرێتە سەر ئەو کوردانەی کە لە ڕۆژئاوای ئەو هێڵەدا دەمێننەوە. وابزانم ئەم وازهێنانە تابێتە هۆی زویربوونی تورکەکان بەم هەنگاوە ڕێگە لەزۆر گلەیی و بۆڵەیان دەگیرێت.

خۆئەگەر هاتوو ئەم پێشنیازەش پەسەند نەکرا و بەباش نەزانراو خرایە پشت گوێو بەدەم کوتکردنی تورکەکان دەتوانرێ ئەو ناوچانەی دەکەونە سەرووی ڕەواندزەوە- یەعنی لەسنووری تورکیاوە هەتا ڕەواندز بدرێ بەتورکیا، بەبیانووی ئەوەی کە عەشایری نیشتەجێی ئەو ناوچانە پەیوەندییان هەیە بەو عەشایرە کوردانەی ترەوە کە لەناو سنوری تورکیادا دەژین-ئەوە یەکێکە لەوبڕو بیانووی هەمیشەیی تورکەکان کە داوای ویلایەتی موسڵ دەکەنەوە- لەلام وایە بەشە تورکەکان بێدەنگ دەکرێن و چارەسەرێك دەدۆزرێتەوە بۆ کێشەی سنوور. بەڵام پێویستە لەگەڵ ئێرانییەکاندا بڕیاری ئەوە بدرێ کە نابێ ئەو بەشەی دەیدرێتێ بەهیچ جۆرێك بیدا بەعێراق یابە تورکیا.

بێگومان ئەگەر ئەمە کرا ئەوە حکومەتی تورکیا ئەمە بەڕێکەوتنێك دادەنێ کە بەشێك ئەبێ لەو ڕێکەوتن نامەیەی کەلە-جنیف-دا ساز کرا.

بەلای منەوە ئەمە پێشنیازە باشترین شتە کەبیری لێ بکرێتەوەو ئەنجام بدرێ چونکە شتێکی زۆر گرنگە بۆ پەیوەندی نێوان ئینگلترەو تورکیا وەلام وایە ئەبێ ڕەددی فیعلی عێراق و ئێران لەم ڕووەوە بخرێتە پشت گوێ[١٥]

ئەمە یەکێکە لەو سەدان بروسکەو تەلەگراف و نامە نهێنیانەی کە دەکرێت بۆ لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی و نووسینەوەی مێژووی نەتەوەکەمان سوودیان لێ وەربگرێت.

هەر لەپێناوی دەوڵەمەند کردنی ئەو بیرو ڕایانەی سەبارەت بەکێشەی موسڵ کراون، بیرو ڕای مێژوو نووسی یوگسلاڤ پرۆفیسۆر(رادوڤان پاڤیچ) دەنووسینەوە کە لە

ساڵی (١٩٧٠) لە دوو توێی لێکۆڵینەوەیەکدا بەناوی (جوڵانەوەی ڕزگاریخوازانەی کورد لە خەباتیدا بۆ سەربەخۆیی نەتەوایەتی و سیاسی) نووسیویەتی (ڕادوڤان) دەڵێت: (سیرریدەر پولارد- لە کتێبەکەیدا (بەریتانیا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە سەدە کۆنەکانەوە تا ساڵی ١٩٥٢) ئەڵێت، لەنیوەی دووەمی سەدەی هەژدەیەمدا ئەگەر لەیادم نەچووبێت ساڵە کە (١٧٧٢) گەڕیدەیەکی ئینگلیزی سەر لەویلایەتی موسڵ ئەدات و ئەچێتە شاری موسڵ، باسی دانیشتوان و پیشەو خوورەوشت و گوزەرانیان ئەکات تا ئەڵێت:- زۆربەی دانیشتوانی ئەم شارە کوردن.. ئینجا بەتوتەی عەرەبیش ئەو ڕاستیەی بەم جۆرە دەرخستووە وئەڵێت: کەچوومە موسڵ (خەڵکەکەی بە زمانێك قسەیان ئەکرد کە عەرەبی نەبوو.. هەندێ خێزانیش گامێشیان بەخێو ئەکرد..) دیارە بەشەکانی تری کوردستان زۆر نمونەی وەکو موسڵیان بەخۆوە بینیووە- زۆر کەسیش باری دوێنێی نزیك و ئەمڕۆی شارو شارۆچکەکانی ڕاستەخەت، جۆرە تێکەڵاوییەتی دانیشتوانی لەبەر چاوە، هەر لەخانەقین و شارەبان و جەلەولاو توزخورما تۆوە وەتا کەرکوك و ئینجا بەرەو شێخان شەنگار...هتد- ئەزانن چۆن لەماوەیەکی کورتدا زۆر شت گۆڕاوە.. زۆر نەخشە جێبەجێ کراوە، ئەگەر شۆڕشی نوێی دوای هەرەسی (١٩٧٥)یش نەبووایە، زۆر زیاتر ئەنجام ئەدراو زۆر گۆڕانی تر ئەکرا)[16].

ڕادۆڤان کێشەی یەکلاکردنەوەی ویلایەتی موسڵ بەبوونی نەوت گرێدەدات هەر بۆیە کێشانی سنوورەکە بەم شێوەیە باسکردووە:(ئەوەی پێویستیش بێت لێرەدا باسی بکەین مەسەلەی سنووری عێراقە کەلەدوای جەنگی یەکەمی جیهانی جێگیرکرا چونکە پەیمانی لۆزان ئەم مەسەلەیەی بەکراوەیی بەجێ هێشت، چارەسەر کردنەکەشی بەلیژنەیەك سپارد کە-عوسبەتولئومەم- پێکی بهێنێت، واش چاوەڕوان ئەکرا ئەو مشتومڕەی لەسەر مەسەلەی نەوتی موسڵ و کوردستان ئەکرا بەلایەکدا بیخات و چارەسەری بکات، ددان بەمافی کورد دابنرێت لەو نەوتەدا، لەدوایشدا هەوییەی تایبەتی کورد سەر لەنوێ بسەلمێنرێتەوە، وبەڕوونی دەربخرێت کە نەفارس و نە تورك و نە عەرەب.

بۆ تێگەیشتن و چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد پێویست بوو- عوسبەتولئومەم- ڕای ئەو لیژنەیەی خۆی پێکی هێنا و سەری لە کوردستان داو لەدوایشدا ڕاسپاردەو پێشنیارەکانیشی خستە بەردەم عوسبە خۆی وەربگرتایە، کە بریتی بوون لە دامەزراندنی دەوڵەتی تایبەتی کوردستان بەڵام ئەوە نەکرا ، دیارە هۆی کاریگەریش هەر دۆزینەوەی نەوتە زۆرەکەی ناو کوردستان بوو. بەوشێوەیە، وەبەپێی ڕێکەوتنی ساڵی (١٩٢٦) لەنێوان بەریتانیای گەورەو تورکیا و عێراقدا، ئەو سنوورەی ئێستا کەلە ئارا دایە بڕیاریان لەسەر داو چەسپێنرا)[17].

زۆربەی وڵاتە زلهێزەکان کۆك بوون لەسەر ئەوەی کەچارەسەری ویلایەتی موسڵ و دیاریکردنی سنوری سەروی وڵاتەکە ببرێتە بەردەم ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، خوێندنەوەی هەر یەکێك لەو وڵاتانە بەتایبەتیش بەریتانیا و فەرەنسا و تورکیا جیاوازی هەبوو، لەبەر ئەوە چەندان لیژنەی لێکۆڵینەوەو بەدوادا چوون پێکهاتوو چەندان جار لیژنەکان سەردانی عێراق و تورکیا و بەریتانیایان کردو کەوتنە گفتوگۆو کۆکردنەوەی بیرو ڕاو گەڕان و پشکنین و گوێگرتن لەبۆچوونی خەڵکی ناوچەکە، واتە خەڵکی ویلایەتی

موسڵ، لەهەمووی گرنگتر کەبەنەزەری ئیعتباریان وەرگرت جوگرافیایی ناوچەکەو سەرژمێری دانیشتوان و نەتەوەکان بوو، ئەمەو بێجگە لەوورد بوونەوە لە بەڵگە مێژوویی‌یەکان بەڵام وەنەبێت گەمەسیاسی و ململانێکان بەپەراوێز خرابن و گرەویان لەسەر نەکرابێت، پاش ئەوەی ڕێککەوتنی دووقۆڵی لە نێوان بەریتانیا و عێراقییەکان لە (١٠)ی تشرینی یەکەمی (١٩٢٢) مۆرکراو چەندان گفتوگۆی ڕەسمی و ڕێککەوتنی تر لەنێوان بەریتانیا و عێراقییەکان کراو ئیمزا کراو پرۆژەی ئینتیدابی عێراق لەلایەن بەریتانیاوە جێ لەق دەبووو ڕێخۆشکەر بوو کەلەماوەی دیاریکراو زووتر عێراق بتوانێت داوای ئەندام بوونی بکات لەنەتەوە یەکگرتووەکاندا، چونکە لەو حاڵەتەدا کاری بەریتانیا لە عێراق کۆتایی پێدەهات لەو نێوەندەشدا دیاریکردنی چارەنووسی ویلایەتی موسڵ و کێشانی سنووری عێراق- تورکیا باشتر کاری بۆدەکرا ئەوەبوو سەرەتا هێڵێکی کاتی کێشرا کەبەهێڵی برۆکسل ناسراوە.

دیارە لیژنەکان هاتنە ناوچەکەو دەستیان بەکۆکردنەوەی زانیاری کرد، سەرەتا گفتوگۆیەکی گەرم سەبارەت بەناوی عیراق کراو لەو ڕووەوە پێم باشە چەندپەڕە گرافێك لەکتێبی (کێشەی ویلایەتی موسڵ). بگوازمەوە.

سەبارەت بەناوی عێراق، تورکیا ڕای وابوو کە ویلایەتی موسڵ بە بەشێك لە عێراقی عەرەب -ناژمێردرێت، بەڵکوبەشێکە لە- جەزیرە- لەڕێکەوتنی سایسکس- بیکۆدا موسڵ و عێراق جیاکراونەتەوە هەروەها لەداخوازییە تایبەتیەکانی- شەریف پاشادا لەبارەی کوردستانەوە ساڵی (١٩١٩) کە لەسەر داخوازی هاوپەیمانەکان پێشکەشی کرد. موسڵ جیا لە عێراق باس کراوە. هەروەها دانیشتوانی ویلایەتی موسڵ ڕۆژێك لە ڕۆژان خۆیان بە بەشێك لە عێراق نەزانیوە. بۆ سەلماندنی ڕای خۆی دەربارەی پێناسەکردنی عێراق و حکومەتی تورکیا سوودی لە هەندێ برگەی-دائرە المعارف-ی بەریتانی و دائرە المعارف-ی فەرەنسی وەرگرتووە لە لایەکی دیکەوە حکومەتی بەریتانیا ڕایگەیاند کە هێزەکانی بەریتانیا لە جەنگی یەکەمی جیهانی دا هەموو -میزۆپۆتامیای داگیرکردووەو ناوی عێراقیش لە کۆنەوە بە هەموو وڵاتەکە گوتراوەو دانیشتوانیشی بەو ناوەیان ناسیوە.

ناوی عێراقی نوێ لە- عەجەم-و عیراقی عەرەبەوە- هاتووە کەلە کۆتایی سەدەی یازدەهەمدا بەکار هێنراون، عێراقی عەجەم بەشێکە لەئێرانی ئێستا و بەشێك لەویلایەتی موسڵ دەکرێتەوە. دەربارەی ئەم مەسەلەیە حکومەتی بەریتانیا ئاماژەی بۆ بڕیارێکی دەزگای تورکیا کردووە کە لە ڕۆژی (٥)ی سەفەری (١٣١٠)ی کۆچی بەرامبەر (١٦)ی تشرینی دووەمی (١٩٠٨) هاتووە. شارەزوور بەشێکە لەعێراق و ئەم ناوچە ئیدارییە کەبەشارەزوور ناسراوە کەرکوك و ڕانیەو هەولێرو ڕەواندوزو کفری و کۆیە دەگرێتەوەو هەموو ئەوانەش لەویلایەتی موسڵدان.

حکومەتی بەریتانیا بۆ سەلماندنی ڕاکانی خۆی باسی نەخشەیەکی کرد کەنوێنەری تورکیا لە ساڵی (١٨٤٨) لەئەرزەرووم پێشکەشی لیژنەی دیاری کردنی سنوری ئێران و تورکیای کردووەو لە نەخشەکەدا نیشان دراوە کە ڕەواندوزو هەولێرو سلێمانی دەکەونە ویلایەتی بەغداوە کە ئەو کاتە هاوسنووری ویلایەتی وان بوو.

لیژنەکە پاش بیستنی ڕاو بۆچوون و سەرنجی جیاوازی هەردوولا ناچار بوو بەووردی لەبابەتەکە بکۆڵێتەوەو دیراسەی بابەتەکە بکات و بۆ ئەو بەڵگە ئەدەبیانە بگەڕێتەوە کەپەیوەندیان بەناوی عێراقەوە هەیە. لیژنەکە پێی وابوو مەسەلەی ناوی عێراق شایانی ئەو هەموو بایەخ پێدانەیەو ئەنجامی لێکۆڵینەوەی خۆی لەچەند پرسیارێکدا دەربڕی وەکو:

١. ئەو ناوچانە کامانەن کەنە ...وە بەعێراق یان عێراقی عەرەب و عێراقی عەجەم ناسراون؟

٢. ئەو ناوچانە چین کەدراونەتە پاڵ ناوچەی- ململانێ- یاخود بەشێکە لەو ناوچانە؟

٣. ئایا ناوی عێراق ناوێکی ناوخۆو ناسراوو ئاشنا بووە؟

٤. میزۆ پۆتامیا بەکام ناوچەی هەموو وڵاتەکە گوتراوە؟

بۆ گەیشتن بەئەنجام لیژنەکە گەڕایەوە سەرمێژوو نووسان و جوگرافی زانەکانی کۆنی عەرەب هەروەها سوود لە ژمارەیەك نەخشەی عەرەبی و سەدان نەخشەی سەردەمی شانزەو سەدەی بیستەم وەرگیرا کە لە ئەورووپا ئامادەکراون. هەروەها سوودیان لە کتێبەکانی گەشت و سیاحەت نامەی هەموو سەردەمەکان و کتێبەکانی جوگرافیای دواناوەندی قوتابخانەکانی میسر وەرگرت کە بە زمانی عەرەبی نووسراون.

سەرنجام لیژنەکە گەیشتە ئەوەی کەسێ ناوچە ناسراون ئەوانیش:- عێراقی عەرەب، الجزیرە، کوردستان- سنووری عێراق لە باکورەوە هیت و تکریت و زنجیرە چیاکانی -حەمرین- تێپەڕ ناکات. دڵنیانەبوون کەبەشێکی ناوچەی ململانێ ڕۆژێ لە ڕۆژان بەشێك نەبووە لە عێراقی عەجەم.

لە هەموو ئەدەبیاتی جوگرافیادا هەر لەسەردەمی داگیرکردنی عەرەبەوە تاکاتی لێکۆڵینەوەی لیژنەکە لە ساڵی (١٩٢٥)دا ناوچەی ململانێ نەباسکراو نەبەبەشێك لەعێراق دانراوە. لای دانیشتوانی ویلایەتی موسڵ ناوی عیراق نائاشنا بووە. بەڵام بۆ عەرەبی عێراق ناسراو ئاشناترە لەووشەی میزۆ پۆتامیای ئەورووپی- میزۆ پۆتامیابەشی ڕۆژئاوای ناوچەی - ململانێ- دەگرێتەوە. ئەوەی حوکمەتی تورکیا باسی دەکات کەویلایەتی موسڵ بەشێك بووە لە ئەنادۆڵ- لیژنەکە پێی وایە ڕاست نییە، هەردوو ناوچەکە واتە- ویلایەتی موسڵ و ئەنادۆڵ- کوردستانی ڕۆژ ئاواو سوریا دەکەونە نێوانیانەوە[١٨].

لەم چەند پارەگەرافەی پێشەوەدا دەتوانرێت چەند حەقیقەت و ڕاستی یەك دەست نیشان بکرێ بۆ نمونە ناوی عێراق، جەزیرە، کوردستان کەهەر یەکێکیان خاوەنی سنوورو جوگرافیای تایبەت بوون، عێراقی عەجەم و عێراقی عەرەب بەهەمان شێوە دووناوی جیاوازن بۆ دوو شوێنی جیاواز، ئەمە و بێجگە لە میزۆپۆتامیا، ئەو چوار پرسیارەش کە لەشێوەی چوار خاڵدا جیاکراوەتەوە دەکرێت بۆ ڕۆژگاری دوایی ڕووخانی ڕژێمی سەدام حوسێن یش واتە دوای ٢٠٠٣/٤/٩سوودیان لێ وەربگیرێت و جارێکی تر بوروژێنرێن، ئەگەر ووردتریش لەپرستەکان بکۆڵینەوە ئەو ئەنجامەیە کە لیژنەکە پێیگەیشتووەو ئەویش سێ ناوچەی ناسیوە بەناوی عێراقیعەرەب، جەزیرە،

کوردستان، بەڵام پرسیاری سەرەکی ئەمەیە ئەی بۆچی هەموو حەقیقەتە جوگرافی و سەر ژمێرە نەتەوەیەکان پشت گوێ خران و پەرژەوەندیەکانیان پێشێلی مافی نەتەوەی کوردی کرد کە لەو سێ ناوچەیەدا کە ئاماژەیان پێدراوە لە دوو ناوچەیاندا گەورەترین رێژەی دانیشتوانی کوردن لە هەموو رویەکەوە پێویست بوو پێش چارەسەری ویلایەتی موسڵ مافی نەتەوەیی بەکورد بدرێت و ئەوسا بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی کێشەی ویلایەتی موسڵ چارەسەر دەکرا.

دوای ئەوەی بڕیاردرا چارەسەری ویلایەتی موسڵ لە ئەنجومەنی کۆمەڵەی نەتەوەکان بڕیاری بۆ بدرێت، چەندان لیژنە بۆ ئەم مەبەستە پێکهات و دەیان کۆبونەوە و یەکتر بینین و گەشتی مەیدانی لێکەوتەوە و لە کۆتاییدا لیژنەکە وای بینی:

١-ئەم سەرزەمینە بۆ ماوەی ٢٥ ساڵ لەژێر ئینتیدابی بەریتانیا بمێنێتەوە.

٢-بایەخ و گرنگی بدرێتە ویستی کوردەکان بەدانانی کاربەدەستی کورد لە دادگاو قوتابخانەکانداو زمانی کوردی زمانی رەسمی بێت.

لیژنەکە ئەوەشی دەربڕی کەئەگەر لەگەڵ تەواوبونی پەیمانی عیراق- بەریتانیا ئینتیدابەکەش کۆتایی پێ بهێنرێت و کوردەکان هەندێ ئەمانەتیان نەدرێتێ لەڕووی بەڕێوەبردن و تایبەتمەندی خۆیانەوە زۆربەیان دەسەڵاتی تورکیا یان دەسەلاتی عەرەبی پێ باشتر دەبێ و گیروگرفتی سیاسی مەترسیدار دێتە پێش، بەڵام وەك دەزانرێت خەریك بوو کێشەی ویلایەتی موسڵ کۆتایی دەهات لە کوردستانی باکور شۆڕش هەڵگیرساو تا ئێستاش چەند رایەکی پێچەوانە سەبارەت بەکات و شوێنی جاڕدانی شۆڕشەکە کراون و بڵاوکراونەتەوە، بەڵام بەشێوەیەکی دروست و زانستی نەتوانراوە قەناعەتێ بڵاوبکرێتەوە کە بەریتانیا لەپشتی ئەو شۆڕشەوە بوە تا هەڵوێستی تورکیا لاواز بکات بۆ پاشگەز بونەوە لەداواکردنی ویلایەتی موسڵ لەبەرئەوەی زەمینەسازی لە کوردستانی باشور بۆ بەریتانیا ئاسانترو لەبارتر بوو بۆ یەکدەنگی و یەك هەڵوێستکردنی کورد لەپاڵ داواکانی بەریتانیادا، ئەگەر بەریتانیا لەپشتی شۆڕشەکە بوبێت چۆن لەکاتی هێرشە شۆفێنیەکانی تورکیا بۆ سەرشۆڕشگێڕان لابەلا کێشەی بۆ تورکیا دروست نەدەکرد و لەبەرەی ترەوە شەڕی سەربازی یان ئابوری بەرامبەری دانەمەزراند خاڵی هەرە لەپێشینەی بەرپابونی شۆڕشەکە سیاسەتی شۆفێنیانەی تورکیاو جوڵانی هەستی نەتەوایەتی و سیاسەتی تێکدەرانەی تورکیا بوە بەرامبەر بەیەك دو پەیمانی دەولی کەباسیان لە مافەکانی گەلی کورد دەکرد، هەروەها رۆژگارەکەش وای دەخواست کەلەکوردستانی باشوریش بزوتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانە باشترو ڕوبەڕوو بەئاشکرا بێتە مەیدانەکەو لەشۆڕشی شێخ مەحمودی بەرزنجی و بزوتنەوەی چەکداری سمکۆ لەکوردستانی رۆژهەڵات دانەبڕێت و کە هەرسێ لایان بەهیوای دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی خەباتیان دەکرد.

جا من وای دەبینم کە هەڵگیرساندنی شۆڕشی ١٩٢٥ هیچ پەیوەندی بە سەرهەڵدان و یەکلاکردنەوەی کێشەی ویلایەتی موسڵەوە نەبوە.

پێش ئەوەی ئەنجومەنی نەتەوەکان بڕیار لەسەر یەکلاکردنەوەی کێشەی ویلایەتی موسڵ بدات سەرەتا دورێگا چارە خرایە ڕوو:

١-هەمو ئەو ناوچەیەی دەکەوێتە باشوری هێڵی برۆکسلەوە بخرێتە پاڵ عیراقەوە.

٢-دابەشکردنی ئەو ناوچەیەی ناکۆکی لەسەر هەیە بەهێڵێك کە پتر لەگەڵ زێی بچوك دەڕوات[١٩] .

هەروەکو لەپێشەوە ئاماژەمان پێدا کە کێشەکە کێشەیەکی زۆر ئاڵۆز بوو بۆ وڵاتە زلهێزەکانیش ڕێگا چارەی دووەم باش هەرس نەدەکرا، هەربۆیە ئەندامانی لیژنەکە دوای ڕاوێژو ڕاگۆڕینەوە لەگەڵ ناوەندەکانی بڕیار لەوڵاتەکانیان ڕێگا چارەی یەکەمیان هەڵبژاردو ڕۆژی (١٦)ی کانونی یەکەمی ١٩٢٥) لیژنەکە ئەم چوار خاڵی خستە بەردەم ئەندامانی ئەنجومەنی نەتەوەکانو ئەوانیش دەنگیان بۆدا:

١-پێویستە هێڵی برۆکسل ببێتە هێڵی سنوری نێوان تورکیاو عیراق.

٢-پێویستە حکومەتی بەریتانیا ئاگادار بکرێتەوە بۆ پێشکەشکردنی پەیمانێکی تازە لەگەڵ عیراق کە بەردەوام بونی سیستەمی ئینتداب بۆ ماوەی ٢٥ساڵ دابین بکات، وەکو لەڕێکەوتنامەی هاوکاری نێوان بەریتانیای مەزنو عیراقدا دیاری کراوەو هەروەها ئەو بەڵێنەی حکومەتی بەریتانیا کە ئەنجومەن لە٢٧ی ئەیلولی ١٩٢٤ دایپەسەندی کرد بەو مەرجەی بەپێی خاڵی یەکەمی پەیڕەوی کۆمەڵە، عیراق تا کۆتایی ئەو ماوەیە لە کۆمەڵەدا وەرنەگیرێت هەر کاتێکیش لەماوەی شەش مانگدا، لە١٦ی کانونی یەکەمی ١٩٢٥-ەوە ئەنجومەن ئاگادار کرایەوە لە جێبەجێکردنی ئەو مەرجە، پێویستە ئەنجومەن ڕایبگەیەنێ کە بڕیارەکەی کۆتاییەو هەنگاوی پێویست بنێت بۆ مسۆگەر کردنی دارشتنی هێڵی سنور بەسەر زەویدا.

٣-پێویستە حکومەتی بەریتانیا ئاگادار بکرێتەوە بۆ ئەوەی بەرنامەی پێویستی دابینکردنی مافە ئیدارییەکانی کورد پێشکەش بە ئەنجومەن بکات.

٤-پێویستە حکومەتی بەریتانیا ئاگادار بکرێتەوە بۆ ئەوەی ڕاسپاردە تایبەتیەکانی لیژنەکە جێبەجێ بکات[٢٠] .

بەو شێوەیە ئەنجومەنی کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتوەکان بەتێکڕایی دەنگ ڕاپۆرتی لیژنەی چارەسەرکردنی ویلایەتی موسڵ واتە کێشانی سنوری نێوان تورکیاو عیراقی پەسەند کرد .

لە کۆتایی گێڕانەوەی ئەو ڕوداوەدا کەبەشێکە لە زنجیرە ڕوداوێکی بەیەکتر گرێدراو شیاوترە بەبیرو بۆچونی د.کەمال مەزهەر ئەحمەد بابەتەکە دەوڵەمەندتر بکەین لەباسێکدا بەناونیشانی (دەربارەی هەڵوێستی نەتەوە پەرستانی عەرەب بەرامبەر بە مەسەلەی کورد) دەڵێت: نەتەوە پەرستانی عەرەب بەڵکو عەرەب هەرهەمویان زیاتر پێویستیان بەوەبو دڵنیایی کورد بکەن، چونکە دیاریکردنی چارەنوسی ویلایەتی موسڵ لەسەر هەڵوێستی ئەوان وەستا بوو، کۆمەڵەی نەتەوەکان لیژنەیەکی تایبەتی دروستکردبو بۆ توێژینەوەی ئەو کێشەیە ئەو لیژنەیە هات بە هەمو شارەکانی کوردستانی عیراقدا گەڕاو دیدەنی لەگەڵ خەڵکەکەدا کردو ڕاو بۆچونیان هەموی کرا بە ڕاپۆرتێکی دورودرێژی بایەخداری گەورە، کە پێموایە دەبێت هەمو خوێنەرێکی کورد لە نزیکەوە ئاگاداری ناوەڕۆکی ئەو ڕاپۆرتە بن، کورد لەو ڕۆژگارەدا هەڵوێستێکی یەکجار جوامێرانەی هەبوە، هەر کەسێك کەلێیان پرسیوە لەپێش هەمو شتێکدا داوای مافی نەتەوەی کوردیان کردوە،هەمویان وتویان، ئێمە دەمانەوێت دەوڵەتمان بۆ دابمەزرێنن، دەمانەوێت بەندی ٦٢-٦٣-٦٤ ی پەیمانی سیڤەر بچەسپێت بەڵام ئەگەر هاتوو ئەوە نەکرا ئەوە بەلامانەوە پێویستەو

بەباشی دەزانین لەگەڵ عیراقدا بین بە مەرجێك دەبێت عیراق دان بەهەمو مافە نەتەوەییەکانماندا بهێنێت، بەهیچ جۆرێك نامانەوێت لەگەڵ تورکیادا بین.هەر لەو باسەدا درێژە بەقسەکانی دەدات و بەم شێوەیە باس لەهەردو کەسایەتی و دیارە عەرەبەکانی ناو موسڵ دەکات و دەڵێت: سەرۆکانی هۆزی عوبێدو سەرۆکانی هۆزی جبورو گەلێك بنەماڵە ناسراوەکانی ناو شاری موسڵ وەك جەماعەتی ئاغایانی - باب البيض- ئەوانەی کەلە ئەرستۆکراتی شاری موسڵن، هەموویان دەنگیان داوە کە ویلایەتی موسڵ بخرێتە سەر تورکیا لە راپۆرتەکەی عصبه الامم دەقاو دەق نوسراوە دەڵێت، هەرگیز چاوەروانی ئەوە نەبووین کەوا ژمارەیەکی وا زۆر لەو عەرەبە ناسراوانە بێن دەنگ بۆ ئەوە بدەن کەوا ویلایەتی موسڵ بخرێتە سەر تورکیا، ئینجا دێتە سەر دەنگدانەوەی هەڵوێستی کورد لە رۆژئاوادا، هەڵوێستی جوامێرانەی کورد لەرۆژئاواشدا دەنگێکی زۆری دایەوە، رۆژنامە هەرە گەورەکانی رۆژئاوا وەکو- تایمزی لەندەنی - زانا هەرە گەورەکانی رۆژئاوا وەك - ئارنۆڵد توینبی- بە درێژی لەو رۆژانەداو بە دەیان جار باسی ئەو هەڵوێستەی گەلی کوردیان دەکردو باسی ئەوەیان دەکرد کە عێراق قەرزاری گەلی کوردە چونکە بەو کردەوانەی توانیی ویلایەتی موسڵ بۆ عیراق بپارێزێت[21].

بەڵام ئەگەر پێشینەی ئەودیوی پەردەکان سەبارەت بە جارێکی تر داڕشتنەوەی نەخشەی جیهان لێك بدەینەوە کە لە پلانی هەڵگیرساندنی شەڕی یەکەمی جیهان سەرچاوەی گرتووە، (هۆی هەرە گەورەی شەڕی یەکەمی جیهان تەماعی دەوڵەتە گەورەکان بوو بۆ دابەشکردنەوەی جیهان، سەرتاپای ئەو دەوڵەتانەش چاویان بڕی بووە خاکی ئیمپراتۆری عوسمانی و بە پەرۆشەوە چاوەڕوانی میراتەکەی بوون. تەنانەت ئەڵمانیای هاوپەیمانی تورکیا خۆیشی کەمتر لە دەوڵەتەکانی تر بۆ ئەو میراتە بە پەرۆش نەبوو، لەبەر ئەوە دەوڵەتە گەورەکان لە ساڵەکانی شەڕی یەکەمدا بە تاك و بە کۆمەڵ خەریکی پلان دانان و پیلان گێڕان بوون بۆ جێبەجێ کردنی ئەو مەبەستانەیان کە بوونە هۆی شەڕ. دیارە کوردستانیش وەك بەشێك لە دەوڵەتی عوسمانی جێگەیەکی دیاری لەو پلانانەدا هەبوو)[22].

لەو گەمەیەدا دەکرێت گلەیی لەسەرکردەو کەسایەتی یە دیارەکانی ناو مێژووی ئەو سەردەمەی کوردستان نەکرێت چونکە کورد یاریکەری یەدەگی نێو گۆرەپانەکانی یاریکردن بووە، هەروەها مەودای بیرکردنەوەی بزوتنەوەی کوردەواری زیاتر بەلای خەباتی چەکداریدا گەڕاوەو لە سیاسەت و سیاسەتکردندا شارەزاو وریا نەبووە، هۆکارەکانی ئەو دواکەوتنە زۆرن، لەتکردنی کوردستان، ئاستی خوێندەواری، نەبوونی قەوارەیەکی سەربەخۆ، ڕۆژئاوای دەسەڵاتداریش لە کۆنەوە کورد بەفاکتەرێکی چالاك و زیندووی بەلادا کەوتنی هاوکێشە گرانەکان نەزانیووە، لەو ڕووەوە زۆر کات کێشەی کوردی بەپەراوێز خستووەو لەنێو فایلە گەرمەکاندا دەریهاویشتووە، تا گەلێك جاریش لە جیاتی کورد وەڵامی پرسیارەکانی داوەتەوە.

خاڵێکی تری بەرچاویش هەڵکەوتەی جوگرافیای کوردستانە کە کەوتۆتە بەر ماشێنی جەنگی چەند نەتەوەیەك کەلە دێر زەمانەوە پیلانیان بۆ لەناو بردنی کورد گێڕایەوەو فشاریان بۆ وولاتانی زلهێز بردووە کە بارودۆخی کوردستان دەستکاری نەکرێت تا هەنگاوی پێشکەوتوو نەنێت، هەڵس و کەوتی تورك و عەرەب و فارس

لەبنەمای بیرکردنەوەو کردارییاندا هەڵس و کەوتێکی شۆڤینیایەو ڕاسیستانەیە بەرامبەر بەنەتەوەی کورد، چەندان جار پیلانی جینۆساید کردنی کوردیان داڕشتووە، تا ئەبایی نێوخۆی کوردیش هۆکاری تری پاشەگەردانی نەتەوەییمانە.

بەخوێندنەوەو پێداچوونەوەی ئەو بیرو بۆچوونانەی پێشەوە هەستدەکرێت کە گەمەیەکی سیاسی گەورە لە پشتی ئەو ڕاپرسە بوە کە بەریتانیا مەبەستی بوەو تورکیاش وەك پاشماوەی ئیمپراتۆریەتێکی نەخۆش هەر زو هەستی بەدۆڕاندنەکە کرد بوو، بۆیە نمونەی خوێندکارێکی تەمەڵ بو خۆی لە کۆبونەوەو گفتوگۆکاندا دەدزییەوە یاخود خاوەنی دوا بڕیاری یەکلاکردنەوە نەبو، هەر دوو لایان لەبونی کورد دەترسان چونکە ئەو مەیدانەی کە قەڵاکەی دەڕوخا، لە ناوچەی ململانێکە بۆ کوردستانە، بەریتانیا دەیتوانی داخوازییەکانی کورد جێبەجێبکات و ئەوەندە حساب بۆ دڵنەوایی تورکیا نەکات و گرنگی بەگەرمکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ فەرەنسا بدات ئەوسا مەزنایەتیەکەی باشتر بۆ پێشەوە دەچوو، کورد زیرەکانە هەڵوێستی وەرگرت بەڵام نەیزانی هەڵوێستەکەی ئیستغلال دەکرێت ئایا بەریتانیا بۆ تائێستا لەسەر ئاستێکی واقیعی و ئەکادیمی وەڵامی ئەوەمان ناداتەوە بۆ هەوڵی نەدا ئەو ڕۆژگارە لە (١٩١٨-١٩٢٥) دەوڵەتی کوردی هەر هیچ نەبێت لەکوردستانی باشور ڕابگەیەنرێت کە بارودۆخی لە پارچەکانی تر شیاوتر بوو؟ کورد زۆرینەی ویلایەتی موسڵ بووە، ئەوەی بە ئاسایی وەرنەگیراوە سەنتەری شاری موسڵ بوە کە ڕێژەیەکی زۆر عەرەبی تیابووە، ئایا نەدەکرا هەموو ویلایەتەکە بکرێتە دەوڵەتی کوردستانی باشورو ئەو چەند هەزار عەرەبەی ناو شاری موسڵ وەك کەمە نەتەوەیەك لە کوردستان بژین و مافەکانی ژیان و کلتوریان پارێزراو بێت؟ من دڵنیام ئەگەر ئەوسا بەریتانیا کاری بەو پلانە بکردایە زۆر لەهۆزە عەرەبەکانی ناو موسڵ دەنگیان بۆ هاوژیانی لەگەڵ کوردا دەدا بەهەڵدانەوەی وردتری دۆکیومێنتەکانی بەریتانیاو سەیرکردنی باری ڕۆژنامەگەریی ئەوسا لە موسڵدا زۆر قسەو باسی تر دەورووژێن و ڕای گشتی کوردو عەرەب و تورك و بەریتانیامان باشتر بۆ ڕون دەبێتەوە، تۆ بڵێیت فشاری تورکیا ئەوەندە بەهێز بێت لەسەر بەریتانیا تالەهەمو پەیمانەکانی کە بە کوردی دابو پەشیمان بێتەوە؟! بێجگە لە پەیمان و ڕێکەوتنامەکان فەرمون باسەیری مادەی ١٦ لەسیستەمی ئینتیدابی بەریتانیا بکەین: (هیچ شتێك لەم ئینتیدابەدا لەبەردەم مونتەدەبدا ڕێگر نی یە کەلەڕوی ئیدارییەوە لەناوچە کوردییەکاندا حکومەتی سەربەخۆ دابمەزرێنێت)[٢٣] لەوە دەچێت لەڕاپرسەکەی کۆمەڵەی نەتەوەکانیشدا کورد هەر بەو حەماسەتە کاری کردبێت و نەیزانیبێت ئەمە سیاسەتی سرکردنی بەریتانیای مەزنە!

پێم گونجاوە لە کۆتایی ئەم بەشەدا ئەم حیکایەتەی ئەولیا چەلەبی بنوسمەوە: (کەشتی نوح لەپاش گەڕانێك بەسەر ئاودا دو قۆناغ لەلای باکوری شەنگار و لەنێوان قەڵای موسڵ و نەسیبین دا لەسەر کێوی جودی گیرسایەوە ئەوانەی تێیدا بون هاتنە دەرو سوپاسی خوایان کرد، چێشتیان لێنا خواردیان و ئەو چێشتەیان ناونا چێشتی عاشور چونکە ڕۆژی دەیەی محەرەم بو، لە ڕۆژی تۆفانەوە تاهاتنە دنیای پێغەمبەری ئیسلام. بەقسەی محەمەدی کوڕی ئیسحاق -٤٤٩٠ ساڵەو لەزەمانی باب ئادەمەوە

تاهاتنی پێغەمبەر ٦٧٥٠ ساڵ تێپەڕیوە. ئەم قسەیە هەمو مێژو نوسەکان لەسەری یەکدیگیرن.

لەسەردەمی نوح پێغەمبەردا ئێرە بووە شارێکی گەورەی ئاوەدانو -کوردیم-ناوی ئۆمەتی نوح شای ئەم ناوە بووە، ئەم کوردیم شایە زۆر ژیاوەو گەلێك کوڕو نەوەی لێ کەوتۆتەوە زمانێکی تایبەتی بۆ خۆی ڕێکخست کە نە فارسییەو نە عەرەبییە، ئەم زمانە لەو سەردەمەوە ماوە، پاشان نوح پێغەمبەر لەجودییەوە سەری شەنگاری داو دوعای بۆ کرد کە ئاوەدان بێ)[٢٤].

بەشی دووەم

کێشەی ویلایەتی موسڵ
لە ڕۆژنامەکانی (ئومێدی ئیستقلال) و
(ژیانەوە)ی سلێمانیدا

هونەرکاریی ڕۆژنامەگەریی
بۆ کێشەی ویلایەتی موسڵ

ئەو دوو ڕۆژنامەیەی کەلەم کتێبەدا ئاماژەمان پێداون بریتین لە:
١- ئومێدی ئیستقلال ١٩٢٣-١٩٢٤
٢- ژیانەوە ١٩٢٤-١٩٢٦

ئومێدی ئیستقلال

ڕۆژنامەیەکی سیاسی، ئەدەبی، ئیجتماعی بووەو وەك لەژمارەکانی نووسراوە، غەزەتێکی ڕەسمییەو هەفتەی جارێك دەردەچێت، ژمارە (١)ی لە٢٠ی ئەیلولی (١٣٣٩)ی ڕۆمی کە بەرامبەر بە ساڵی (١٩٢٣)ی زاینی و ژمارە (٢٥) کە دوا ژمارەیە لە ١٥ی مایسی (١٣٤٠) کە بەرامبەر بە ساڵی (١٩٢٤)ی زاینییە دەرچووە، وەك دیارە ئۆرگانی حکومەتی ئەوسای کوردستان بووەو لە شاری سلێمانی چاپ و بڵاوکراوەتەوە تەنیا چەند ژمارەیەکی کەمی گەیشتۆتە شارەکانی کەرکوك و بەغدا.
-لە ژمارە (١-٣) ئەحمەد خواجە مدیری مەسئول بووە.
-لە ژمارە (٤-١٣) ڕەفیق حیلمی مدیری مەسئول و سەرنووسەری بووە.
-لە ژمارە (١٤-١٦) حسین نازم مدیری مەسئول و سەرنووسەری بووە.
-لە ژمارە (١٧-٢٥) ناوی کەسی وەك مدیری مەسئول و سەرنووسەر بە سەرەوە نییە.

ژیانەوە

ڕۆژنامەیەکی حکومی بووەو هەفتانە دەرچووە، ڕۆژنامەیەکی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیری گشتی بووە، ژمارە (١)ی ڕۆژی دووشەممە (١٨)ی ئاغستوسی (١٩٢٤) دەرچووەو دوا ژمارەش کە ژمارە (٥٦)ە لە ڕۆژی پێنج شەممە (١٤)ی کانونی دووەمی (١٩٤٦) دەرچووە، وەك سەرنووسەرو دەستەی نووسەران ناوی کەسی بەسەرەوە نیە بەڵام ئەگەر بە وردی بابەتەکانی بخوێندرێنەوە دەزانرێت کە ئەم نەمرانە وەك سەرنووسەرو نووسەر هەر کەسەو لە ماوەی دیاریکراودا سەرپەرشتی دەرچوونی ڕۆژنامەکەیان کردووە وەك: (حسین نازم، جمیل صائب، م.ئەدیب، عەلی عیرفان) ئەم ڕۆژنامەیە ڕۆژنامەی ئینگلیزەکان بووەو دوای ئەوەی لە ساڵی(١٩٢٤) هێرشیان کردە سەر دام و دەزگاکانی حکومەتی شێخ مەحموودو لە سلێمانی دوورکەوتەوە، ئینگلیزەکان ئەم ڕۆژنامەیان لە شوێنی ڕۆژنامەکانی شێخ مەحمود لە سلێمانی دەرکردووە، هەندێك کەس لەگەڵ ئەوەدا نین کە گرنگی بەم ڕۆژنامەیە بدرێت، بەڵام بە ڕای ئێمە یەکێکە لە

رۆژنامە پێشکەوتووەکانی ئەو سەردەمەو زۆربەی بابەتەکانی لە خزمەت مێژووی کوردو ئەدەبیاتی کوردیدا بووەو ئێمەش تەنیا وەك سەرچاوەیەکی تایبەت بە کێشەی ویلایەتی موسڵ سوودمان لێ بینیوە.

سەرچاوەکان چ دەڵێن؟!

پێش ئەوەی لەو هەواڵو وتارانە وردببینەوە کە ئەو دوو رۆژنامەیە سەبارەت بە کێشەی موسڵ بڵاویان کردۆتەوە، کۆمەڵێك بۆچوون دەنووسینەوە کە پێش ئێمە لەو بابەتە دواون و دەرکیان بە گرنگی ئەو کێشەیە کردووەو لەو رۆژنامانەدا:

د.کەمال مەزهەر ئەحمەد (کێشەی موسڵ یەکێکە لەوبابەتانەی -ژیانەوە- بایەخی زۆری پێداوەو دەیان وتارو نووسینی هەمە جۆری دەربارەی بڵاوکردۆتەوە) بەرادەیەك هیچ چاپکراوێکی کوردی نییە لەوەدا بگاتە ئاستی ئەو، راستە گەلێك هۆ لە ئارادا بوون بۆ ئەو هەڵوێستەی ژیانەوە بەڵام بێگومان بەرژەوەندی کوردو رقی رەوای بەڕێوەبەرانی لە کەمالییەکان لەسەرو گشت ئەوهۆیانەوە دێن.

لەم بوارەشدا ژیانەوە شتی بەکەڵکی زۆری بڵاوکردۆتەوە کە بێگومان، لە سەروو هەموویانەوە هەواڵی دامەزراندنی -جەمعیەی مودافەعەی وەتەن-ە، لە سلێمانی لەگەڵ دەقی پرۆگرامی ئەو کۆمەڵەیەدا کە بریتییە لە پێنج بەند، بەو بۆنەیەوە ژیانەوە باسی ئەو کۆبوونەوە گەورەیەی بۆ کردوین، لە ڕۆژی چواردەی شوباتی ساڵی ١٩٢٥ لە خانەقای مەولانا خالیدی نەقشبەندی سازکراوە و لە ئەنجامیدا پازدەکەس لە ناسراوانی شار بۆ بەڕێوبردنی کۆمەڵەکە هەڵبژێردراون، هەر وەك ئەحمەد بەگی تۆفیق بەگ و حەمەی ئەوڕەحمان ئاغا و ڕەشید مەستی و تۆفیق قەزاز و شەوکەت بەگی عەزمی بەگی بابان و عەلی عیرفان و حاجی سەعید ئاغا-ژمارە-١٦

لە ژمارەی داهاتووی دا لە بری سەرووتار -ژیانەوە- بەیاننامەیەکی تایبەتی ئەو کۆمەڵەیەی بڵاوکردۆتەوە، جگە لە دەقی بروسکەی -جەمعیەتی مودافەعەی وەتەنی موسڵ- بۆ دانیشتوانی سلێمانی کە سەرجەمی باسی برایەتی کوردو و عەرەب و تارێکی و خراپەکاری تورکە لە ڕۆژگاری عوسمانیەکانەوە، لە ژمارەیەکی تریدا ڕەشید نەجیب و تارێکی بەناونیشانی-ویلایەتی موسڵ-ەوە بڵاوکردۆتەوە و بەتایبەتی ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە زۆربەی هەرە زۆری دانیشتوانی ئەو هەرێمە کورد و عەرەبن و چۆن بەشێکی زۆری کاتی خۆی سەر بەئیماراتی بابان بووە کە جگە لە موناسەبەتێکی سیاسی جوزئی لەگەل حکومەتی تورکدا هیچ دەخلێکی نەبوو -و ئینجا دەڵێت: بێ شوبهەیە کە عەرەبەکانی و یلایەتی موسڵ لە عێراق زیاتر هیچ شتێکی تریان ناوێ، بێنەوە سەر کوردەکانی ئەو ویلایەتە، ئەگەر بۆ بێ ئامال خۆیان حکومەتی کورد تەشکیل نەکرێ و کوردستانی سەرەوە کە ئێستا لە ژێر پێی تورکی زاڵما ئەناڵێنێ نەجات نەدرێ بێ شکو شوبهە ئیتحاد لەگەڵ عێراقدا تەرجیع دەکا لە بوونە خزمەتکاری تورك-ژمارە-١٨.

بەو جۆرە سیاسەتی کورتبینی کەمالیەکان دڵی کوردیان بەجارێك کرمێ کردبوو، ئەوەی لە دەیان ژمارەی -ژیانەوە-دا بەئاسانی و بەقوڵی هەستی پێ دەکرێت، بۆیە

کاتێك لیژنە تایبەتیەکەی کۆمەڵەی نەتەوەییەکان هاتە کوردستان سەرجەمی کورد داوای ئەوەیان کرد ئەگەر دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کورد وەبەرچاو نەگرێت ئەوا ئەو کەسە ئەوان بە هیچ جۆرێك نایانەوێت لە عێراق جیاببنەوە، هەموو لایەنەکانی ئەم بڕیارە لەوەدا باشتر خۆ دەنوێنێت ئەگەر بێتوو ئەوە بهێننەوە یاد کە ژمارەیەکی زۆر لە ڕابەرانی هۆزی عوبێد جبور و گەورەو پیاوانی عەرەبی ناو شاری موسڵ داوای ئەوانەی کرد ویلایەتی موسڵ بدرێتە تورکیا.

لێرەدا بە پێویستی دەزانم دوو ڕاستی بخەمە بەرچاوو، یەکەمیان ئەگەر سیاسەتی شۆڤێنیانەی کەمالییەکان نەبوایە لەوانە بوو چارەنووسی سەرجەمی ناوچەکە بە جۆرێکی تر دیاری بکرێت و تورکیا ببوایەتە زلهێزی ئاوەدان و ئاسودەو نموونەی برایەتی و دیموکراسی. دووەمیان ئەوەیە کەبەداخەوە نەتەوە پەرستانی عەرەب گەلێك زوو ئەو هەڵوێستەی کوردیان فەرامۆش کرا و ئەوانیش کەوتنە لاسایی کردنەوەی کەمالییەکان.

هەر چۆن بێت بڕیاری دانی ولایەتی موسڵ بە عێراق جێگەی ڕەزامەندیی کوردی باشوور بوو- ژیانەوە- بۆ ئەم باسەیش سەرچاوەیەکی بەکەڵکە، سەرجەمی ژمارە پەنجا و چواری، کە شەش لاپەڕە نەك چوار بۆ ئەو ئاهەنگە تەرخانکراوە کە لە سلێمانی بەبۆنەی بڕیاری کۆمەڵەی نەتەوەکانەوە دەربارەی چارەنووسی ویلایەتی موسڵ گێڕاوەو دەقی وتاری ئەحمەدبەگی تۆفیق بەگو جەمال بابانو سەعید ئەدیبو ئەحمەد حەمدیو ڕەمزی فەتاحو ژمارەیەك لە شاگردانی قوتابخانەی شاری بڵاوکردۆتەوە دوای دوو ژمارە، کە هەر بۆ خۆیشی دوا ژمارەی ڕۆژنامەکەیە، ژیانەوە باسی ئاهەنگی شاری هەڵەبجەی بۆ هەمان بۆنە کردووە.

کارێکی تری ژیانەوە لەم بوارەدا جێگەی تەقدیری تایبەتییەو هەنگاوێکی بێ وێنەیە لە مێژووی ڕۆژنامەنووسیی کوردیی لەو ڕۆژگارەدا، ئەویش ئەوەیە کە لە دوازدە ژمارەی یەك لەدوای یەکیدا- ژمارەکانی ٤٢-٥٣ دەقی بەشێکی لەو ڕاپۆرتە گرنگە کردووە بە کوردی بڵاویکردۆتەوە کە ئەو لیژنە تایبەتییەی -کۆمەڵەی نەتەوەکان- بۆ توێژینەوەی کێشەی موسڵ داینابوو ئەو ڕاپۆرتە یەکێکە لە سەرچاوە هەرە بایەخدارە ڕەسەنەکان بۆلێکدانەوەی گەلێك لایەنی مێژووی نوێو هاوچەرخی کوردو کوردستان کە من بۆ خۆم بێ ئەندازە لە نوسینەکانی خۆمدا کەڵکم لێ وەرگرتووە[٢٥].

-نەوشیروان مستەفا ئەمین

لەژێر ناونیشانی-هەواڵ-دا لە ڕۆژنامەی ئومێدی ئیستقلال چەند هەواڵێکی لە ڕۆژنامەکەدا کە سەبارەت بەکێشەی ویلایەتی موسڵ دەقاو دەق گواستۆتەوەو تەنیا ڕێنوسی هەواڵەکانی گۆڕیوەو رینووسی ئەمڕۆی بەکارهێناوە، بەڵام لە ڕاوبۆچوونی خۆی دەرنەچووە، ئەمە بەپێچەوانەی ئەو بابەتانەی کەلەسەر ڕۆژنامەی-ژیانەوە-ی نووسیوە لەوێ بەم شێوەیە باس لەڕۆڵی ڕۆژنامەکە دەکات لەبڵاوکردنەوەی هەواڵەکانی کێشەی موسڵ دا (هێزەکانی بەریتانیا دوای ڕاگرتنی شەڕلەگەڵ عوسمانی هێشتا موسڵیان داگیر نەکردبوو، بەڵام پێشڕەوییان کرد تا موسڵیشیان گرت، تورك ئەمەی

نەسەلماند کەمستەفا کەمال کاروباری گرتە دەست داوای گەڕانەوەی ویلایەتی موسڵی ئەکردو، ئینگلیزیش ئەیویست لەگەڵ ویلایەتەکانی بەغدادو بەصرا لێکی بداو، دەوڵەتی عێراقیان لێ دروست بکا. ئەم کێشەیە بەچارەسەرنەکراوی مایەوەو، بەگفتوگۆی دوقۆڵی تورکو ئینگلیز نەتوانرا بەلادا بخرێ، لەبەر ئەوە خرایە بەردەم کۆمەڵەی گەلان کۆمەڵەی گەلان دەستەیەکی تێکەڵاوی نارد بۆ ئەوەی لەنزیکەوە هەلومەرجی ویلایەتی موسڵ ببینن‌و بیروڕای دانیشتوان وەربگرن‌و، ئەوانیش بیروڕای خۆیان لەسەر ئەوەی ویلایەتی موسڵ بدرێتەوە بەتورکیا یان بخرێتە سەر عێراق بدەن بەکۆمەڵەی گەلان بۆئەوەی دوا بڕیاری لێ بدەن)[٢٦] لە درێژەی نووسینەکەیدا دەنووسێت: (ژیانەوە بەوردی دوای هەواڵەکانی کێشەی موسڵ کەوتەوەو سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ زانینی زۆر لەڕووداوەکانی ئەو سەردەمە، لەو سەردەمەدا لە موسڵ ڕێکخراوێك دروست کراوە بەناوی- جەمعیەتی مودافەعەی حدود-ەوەبۆئەوەی لای کۆمەڵەی گەلان هەوڵ بدا موسڵ بخرێتە سەر عێراق ئەم هەواڵە لەژ-١٥بڵاو کراوەتەوە[٢٧] لە چەند دێرو ڕستەیەکی تردا کۆمەڵێك هەواڵی سەبارەت بەکێشەکە لە ڕۆژنامەکە گواستۆتەوە.

-فاروق عەلی عومەر

لە بابەت ڕۆژنامەی ژیانەوە-دا دەڵێت: (ڕوژنامەکە لە بەیداخی دا کۆکی کردنی هەڵکرد بۆ لکاندنی ویلایەتی موسڵ بەعێراقەوە چرکە بەچرکە بەدوای کێشەکەدا چوو، داواشی لە کورد کرد گوێ بەوانە نەدەن کەپشتگیری لە خواستەکانی تورکیا دەکەن – ژیانەوە- سەرگەرمانەدا کوڵیی لە عێراقی بوونی ویلایەتەکە دەکرد)[٢٨].

-عەبدوڵڵا زەنگە

ڕۆژنامەی-ژیانەوە-بەم شێوەیەی دەناسێنێت: (ژیانەوە بەدرێژایی ماوەی دەرچوونی بەشان‌و باڵی سیاسەتی بەریتانیای هەڵداوە، ئەگەر بەتوانج گرتنیش بووبێ لەنرخ‌و پایەی جەنابی شێخ مەحمودی کەم کردۆتەوە. لایەنگری حوکمی پاشایەتی عێراقی کردووە. واتە بەهەموو شێوەیەك داکۆکی لەوەدەکرد ویلایەتی مووسڵ بخرێتە سەر عێراق وەك لەهەواڵ‌و ڕیپۆرتاژەکانی دەیخوێنینەوە)[٢٩].

بۆ تەنیا ئەم دووڕۆژنامەیە؟!

ئەگەر سەیری مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردی بەتایبەتی دوای داگیرکردن ویلایەتەکانی بەسرە، بەغدا، موسڵ لەکاتی جەنگی یەکەمی جیهانیدا بکەین تا ئەو ڕۆژەی کەکێشەی سنووری نێوان تورکیا و عیراق لە ساڵی (١٩٢٥) چارەسەرکراوە دەبینین ئەم گۆڤارو ڕۆژنامانە چاپو بڵاوکراونەتەوە: (پێشکەوتن، ڕۆژی کورد- شەوی عەجەم، بانگی کوردستان، ڕۆژی کوردستان، بانگی حەق، ئومێدی ئیستقلال، ژیانەوە، دیاری کوردستان) لە زۆربەیاندا باس لە کێشەی ویلایەتی موسڵ کراوە بەڵام

لەسەردەمی دەرچوونی ڕۆژنامەکانی (پێشکەوتن، ڕۆژی کورد، شەوی عەجەم، بانگی کوردستان، ڕۆژی کوردستان، بانگی حەق) کێشیەك بەرەو یەکلابوونەوەو دواچارەسەر نەدەچوو کە بەکێشانی سنوری نێوان تورکیاو عیراق کۆتایی هات بەڵکو لەکاتی دەچوونی ڕۆژنامەکانی (ئومێد ئیستیقلال) و (ژیانەوە)دا کێشەکە وەك ڕووداوی گەرمی ناوچەکە باس دەکراو ئەو دووڕۆژنامەیەش لەڕووبەری لاپەڕەکانیاندا ڕووبەرێکی فراوانیان بۆ تەرخانکردووەو لەزوربەی ژمارەکانیاندا بەتایبەتی (ژیانەوە) وەك بەشێك لە کێشەی خەڵکی کوردستان بەوردی بەدواچوونی بۆ ڕووداوەکە کردووە، بەڵام گۆڤاری (دیاری کوردستان) کە لەکاتی گفتوگۆی گەرمی وولاتانی زلهێز بۆچارەسەری ویلایەتی موسڵ دەردەچوو گرنگی بەکێشەکە نەداوە، تۆ بڵێیت دەسەڵاتی پاشایەکت ڕێگای بە گۆڤارەکە نەدابێت ئەوجۆرە هەواڵانە بڵاوبکاتەوە، یاخود ساڵح زەکی ساحێبقران خاوەنی گۆڤارەکە بەلای کێشەکەدا نەچووە، یان لەبەر ئەوەی گۆڤارێکی کۆمەڵایەتی و ئەدەبی بووە و ئەو کێشەیە لە تایبەتمەندییەکانی گۆڤارەکە دوور بووە؟!

ڕۆژنامەکانی (ئومێدی ئیسقلال) و (ژیانەوە) تۆمارێکی گرنگ و مێژوو نووسین سەبارەت بەبابەتێکی چارەنووسسازی وەك ویلایەتی موسڵ، کە بەهەموو چارەسەرێك هەربەزیان بۆ کورد تەواو دەبوو تەنیا بە دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان نەبێت: دیارە ئەگەر بەوردی بەدواداچوونی ڕووداوەکەو وتارەکان لەو دوو ڕۆژنامەیەدا بخوێنینەوە هەست دەکرێت ئەو مەبەستە لەپشتی گرنگیدانی ڕۆژنامە ناوبراوەکان بۆ ئەو کێشەیە هەبووە، (ئومێد ئیستقلال) و (ژیانەوە) زیرەکانە بۆ ئەو ئامانج و مەبەستە کاریان کردووە ئەگەرچی دوو ڕۆژنامەی جیاوازی دوو دەسەڵاتی جیاوازبوون، (ئومێدی ئیستقلال)ی دەسەڵاتی کوردی و (ژیانەوە)ی دەسەڵاتی ئینگلیز کە دەسەڵاتدارێتی کوردی رووخاند بەڵام دەبینین بەرامبەر بەکێشەی موسڵ هێڵی کارکردنیان لەیەکتر نزیکە، لەوەدەچێت ئەو نزیکییە بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە ئەو کاتەی حکومەتی کوردی (ئومێدی ئیسقلال)ی دەرکردووە دۆستایەتی لەگەڵ ئینگلیزدا هەبووە.

هەواڵ لەڕۆژنامەکاندا:

چوار دەوری هەر یەکێکمان بریتی‌یە لە کۆمەڵێك ڕووداو ئەودەوروبەرە کایەئاسا بەردەوام ڕووبەڕووی ڕووداوی تازە دەبێتەوە، هەر لە کۆنەوە مرۆڤ لەهۆکارێك گەڕاوە تائەو ڕووداوانە بەخەڵك بگەیەنێت و ژمارەیەکی زۆرکەس لەمەبەستی ڕوودانیان بگات، ڕۆژنامە بەهەمووجۆرو شێوەکانی پێشکەوتنییەوە لێپرسراوێتی گەیاندنی ڕووداوەکانی ڕۆژی لەئەستۆ گرتووە، ئەوژانەرەی کە ڕووداوێك دەگوازێتەوە پێی دەوترێت هەواڵ هەواڵیش لەسەر چەند پرەنسیپێك دادەڕێژێت و وەك هەر هونەرێکی تر هونەری هەواڵیش گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە.

لەم چەند دێرەی دادێ هەوڵ دەدەین وەڵامی ئەم پرسیارانا بدەینەوە، ئایا ئەو ڕۆژنامانە بۆ گرنگیان بە لاوان بە بلاوکردنەوەی هەواڵەکانی کێشەی ویلایەتی موسڵ داوە؟ چۆن مامەڵەیان لەگەڵ ڕووداوەکە کردووە؟ وەك هەواڵ ویستویانە چی بەخوێنەران بڵێن؟

وەك دەزانرێت لە نیوان ساڵی (١٩٢٠-١٩٢٦) یەکلا کردنەوەی کێشەی ویلایەتی موسڵ دیارکردنی سنوری نێوان تورکیا و عیراق و ململانێکانی نێوان ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و بەریتانیای گەورە لەسەر دابەشکردنی ناوچەکە ڕووداوی گەرمی ناوچەکە بوون کە لەو گفتوگۆیانەدا کە پاشان وەکو لەبەشی یەکەمدا ئاماژەمان پێداوەو چەندان ڕێکەوتن نامەو وەپەیمانی لێکەوتۆتەوە چارەنووسی کوردستانیش بەتایبەتی ئەو بەشەی کە ئەمڕۆ وەك کوردستانی باشوور ناسراوە باسکراوەو لە زۆربەی کۆبوونەوەکانیش دا بەگرنگی پێدانەوە ئاماژەی پێدراوە، هەربۆیە ڕۆژنامەکوردییەکانی ئەوسا وەك ڕوداوێکی گەرمی وابەستە بە خەڵکی کوردستان لەزۆربەی ژمارەکانیاندا وەك هەواڵ گرنگیان پێداوەو بەردەوام بە دواداچونیان بۆ کردووە.

هەست دەکرێت لەکاتی گواستنەوەی هەواڵەکاندا سەرچاوەی وەرگرتنی هەواڵەکان ئاماژەیان پێدراوەو بەوە دەردەکەوێت ڕۆژنامە نووسانی ئەو ڕۆژنامانە زانیاریان سەبارەت بەڕۆژنامە بەگشتی و هونەرەکانی هەواڵ هەبووە، بۆ نمونە ئەگەر سەیری ئەم هەواڵەی خوارەوە بکەین کە لە ژمارە (٦)ی ڕۆژنامەی (ئومێدی ئیسقلال)دا بلاوکراوەتەوە وردبینی ئەو ڕۆژنامە نووسە دیاردەخات کە هەواڵەکەی داڕشتۆتەوە (نەزەر بە تەلەغرافێك کە جەریدەی ئەلبەلاغ بە سورەتی خوسوسییەوە لە ئەستانبوڵ وەریگرتووە تۆفیق بەگ میرئالای بووە بەرەئیسی جەمعیەتی ئەو تورکانەی کە مەئمورن بۆ موزاکەرەی موسڵ، لەپاش حازربوونی هەیئەی ئینگلیز لە (٢٥)ی تشرینی ئەوەڵدا موزاکەرە دەست پێ دەکا).

بابەتەکەمان تایبەتە بەکێشەی موسڵ بۆیە تەنیا ئاماژە بەو هەواڵانە دەکەین لەو ڕووداوە دەدوێن، لەم هەواڵەی ڕۆژنامەی (ژیانەوە)دا بە دروخستنەوەی هەواڵیش تەئکیدی لێکراوەتەوە، لەم ڕووەوە ڕۆژنامە کوردییەکان هەوڵیان داوە وردو درشتی

ڕووداوەکە بە خەڵکی کوردستان بگەیەنن: (ئەستەمبۆڵ: شەرکەتی تەلەغرافی ئەناتۆڵ تەکزیبی ئەو خەبەرەی کرد کەغەزەتەی ئەڵماتان لە (١٥)ی ئەیلولدا بلاوی کردبوەوە کە حکومەتی تورکیا ڕەدو بەدەلی لەگەڵ مەندوبی ئەڵمان و ڕوس کردووە لە بابەت ئیقتدارو ئستعدادی عەسکەریەیەوە دائیر بەمەسئەلەی موسل).

دەکرێ لە ڕوویەکی ترەوە بۆ هەواڵ بچین واتە بەچەند دێرو وشە دەتوانرێت ڕووداوەکە بگەیەنرێت، بۆ نمونە ئەم دوو هەواڵەی پێشەوە لەکورتە هەواڵەکانی ڕۆژنامەن، ڕۆژنامەکانی (ژیانەوە) و (ئومێدی ئیستقلال) هەر سەبارەت بەکێشەی موسڵ هەواڵی کورتتریشیان بلاوکردۆتەوە بۆنمونە (لۆندرە-غەزەتە ئەنووسێ ئیحتمالە مەسەلەی موزاکەرەی موسڵ لە ئەستامبۆڵ حەل بکرێ) ئەم کورتە هەواڵە لە ڕۆژنامەی (ئومێد ئیستقلال) ژمارە (١٧) بلاو بۆتەوە، هەروەها ڕۆژنامەی (ژیانەوە)ش لە کورتە هەواڵ چەند دێری بەدەرنیە، لە ژمارە (٣٩)دا ئەم کورتە هەواڵەی تێدایە: (وەزارەتی خارجیەی تورکیا تەبعی کیتابی ئەلئەحمەر کە موتەعەلیقە بەمەسئەلەی موسڵەوە تەواوکرد. وە نوسخەیەکی تەقدیمی سەفیری بەریتانیا لە ئەنقەرە کرد).

ڕۆژنامەکان (ئومێدی ئیستقلال) و (ژیانەوە) هەواڵی درێژیشیان تیایەو هەوڵیان داوە بەهۆی زیاتر لەدەدێر ڕووداوێك دا لەڕووداوەکانی کێشەی ویلایەتی موسڵ بەخوێنەران بگەیەنن وەك نموونە بۆ هەواڵی درێژ لە ژمارە (٥٠)ی (ژیانەوە)دا ئەم هەواڵە دەگوێزینەوە: (لۆندەر-٨ت٢-وەزیری موستەعمەرات میستەرئیمیری دوێ شەو لە پۆرتسموت وتویەتی ئومێدم هەیە جەمعیەتی ئەقوام لە مانگی پێشەوەماندا دائیر بە موسڵ قەرارەکەی بدا. وە وتویەتی عەلاوەی ئەهمیەتی مەخسوسەی مەسئەلە بۆ هەمووعالەم لەئیجاباتی موسالەمەت کە جەمعیەتی ئەقوام قەرار بداو تەئیدبکات. ئارەزووی گەورەی حکومەتی بەریتانیا ئەمەیەکە مەسئەلە بەموسالەمەت حەل بکرێ. لەعەینی وەختا بەکەمالی عەزمەوە ئیسراری کرد لەسەر حقوقی خۆی وەحقوقی ئەو میلەتەی کە ئیعتیمادیان پێ کردبوو کابینەی متەوالیەی بەریتانیا تەعەهودیان بەمیلەتی عێراق دابوو کەمەیدانی نەدەن جارێکی تر بخرێتە ژێر ئیدارەی تورك، وە وەعدی بەعێراق دابوو کەحکومەتێکی حورو موستەقلیان بۆ تەیید بکا. حەسب ئەلئیمکانی مەعاونەت کرا، وە لە وەعدەیان وەفای نواند. فەقەت ئەمڕۆ حکومەتی تورکیا داوای لێ جوێ کردنەوەی دەوڵەمەندترین پارچەیەکی عێراق ئەکا، کە ئەم داوایەیش نەلەسەر دەلیلێکی قەومیەتە لەسەر ویستنی میلەتە. بەدەفعی وردی ئەم داوایە حکومەتی بەریتانیا لەو قەناعەتەدایە کەمحافەزەی حقوقی خۆی کردوە. وەحکومەتی بەریتانیا لەمودافەعەی ئەم مەسئەلەیەدا تەنها بەواسیتەی تەحکیم دەست هەڵناگرێ. زەروورەتی حەس بکرێ موراجەعەتی بەقوەتیش ئەکا).

ووتار لەڕۆژنامەکاندا:

گەلێك جار خوێنەران لەسەردێرو هەواڵو ڕیپۆرتاژی ڕۆژنامەنووسی وەڵامی ئەو پرسیارانەیان دەست ناکەوێت کە دەیانەوێت بیانزانێت، بۆ ئەو حاڵەتە یەکێك لەو هونەرانەی کە ڕۆژنامەنووس هانای بۆ دەبات هونەری وتار و وتار نووسینە، ڕۆژنامەنووس لە وتاردا بابەتێك (ڕووداوێك) شیتەڵ دەکاتو لەچەند ڕوویەکەوە خاڵ لەسەر ئەو ووشەو ڕستانە دادەنێت کە پێویستن، لە وتاردا بە سوود وەرگرتن لەزانیاریو هەندێ جاریش پشت بەستن بەزانیاری پشتی پەردە وتارەکەی بەهێز دەکاتو سەرنجی خوێنەران بەلای نوسینەکەدا ڕادەکێشێت.

وتار بریتییە لەچەندان جۆری جیاواز، کەلەهەیکەلی نووسیندا زۆر نزیکن لەیەکەوە بەڵام لەباری زاراوەو تایبەتمەندی ناوەڕۆکەوە جیاوازن، بۆ نمونە وتاری زانستیو سیاسی دەشێ لە هەیکەلی دارشتن دا وەك هونەرێکی ڕۆژنامەنووسی هەڵگری یەك پرانسیپی دارشتن بن بەڵام بۆ ئەو کەرەستانەی کە لە کاتی نووسینی وتارێکی زانستیو وتارێکی سیاسیدا جیاوازن تا لەو وەڵامانەی کە بە خوێنەران دەدرێت لەیەك ناچن چونکە پێش هەمووشتێك ئەو دووجۆرە ووتارە دوو خوێنەری جیاواز و دوو زاکیرەی جیاوازن، بۆ وەرگرتنی زانیارییەکەو گەیاندنی مەبەست، ئێمەلێرەدا لەو جیاوازیانە نادوێین چونکە لەچوار چێوەی بابەتە سەرەکییەکە دەچینە دەرەوە، ئەوەی مەبەستی ئێمەیە ئاماژە کردنە بەچەند وتارێکی ڕۆژنامە ناوبراوەکان سەبارەت بەکێشەی ویلایەتی موسڵ.

لەدوو توێی ئەو وتارانەدا دوو شێوە وتار دەبینرێن:

١-نووسین

٢-وەرگێڕان

لەو وتارانەدا کە نووسەرانی ڕۆژنامەکان نووسیویانە یاخود لە دەرەوەی ستافی ڕۆژنامەکان بەمەبەستی بڵاو کردنەوە گەیشتۆتە ڕۆژمەناکە هەست دەکرێت هەندێکیان وتاری ئاساییو ڕەچاوی هونەرەکانی وتار نووسین نەکراوە بەڵام لە هەندێك وتاردا هەوڵ دراوە ڕەچاوی هونەرەکانی دارشتنی وتار بکرێتو لە کاتی نووسینەوەی ڕووداوێکدا شتێکی زیادە لەهەواڵی ئاسایی بەخوێنەران بدرێت لەو ڕووەوە دەتوانرێت ئاماژە بەچەند وتارێك بکرێتو چەند پەرەگرافێکیش بگوازینەوە بۆ زیاتر ووردبوونەوە لە حەقیقەتی وتارەکان باشترە سەیری دەقی ڕۆژنامەکان لەبەشی سێیەمی ئەم کتێبەدا بکرێت، دیارە بۆ زووربەی قسەوباسەکان وەك نموونە پێویستە خوێنەران بۆ بەشی سێیەم بگەڕێنەوە.

-عەبدولحەمید لە وتارێکدا بەناونیشانی (کوردو تورک قەتعیەن پێکەوە ناژین) دەنووسێت، (فائیق سەبری کەخۆی تورکەو مەئزونە لە دار ئەلفنونی سۆربۆن‌و یەکێکە لەموتەخەسیسی عیلمی ئەقوام‌و جوگرافیا لە کتێبێکدا لەبەحسی ویلایەتی موسڵ دا وەها بەحس ئەکات: سەکەنەی ویلایەتی موسڵ بەئەکسەریەتی عمومی میلەتی کوردە ئەم میلەتە جەسورە دائیمەن مەقابیل بەحکومەت لە شەڕو موحارەبەدان) لە درێژەی وتارەکەیدا دەڵێت، (لەم بەحس و بەیاناتەدا وەها دەرکەووتووە کە میللەتی نەجیبەی کوردلە زەمانی ستوتیانا دیسان حکومەتی تورکیان نەوویستووە) لە کۆتایدا نووسیویەتی، (وەکو تورکەکان ئیعترافیان بەم ئەحواڵە کردووە ئەڵبەتی عالەمی جیهانش قەتیعیەتی بۆ حاسیل بووە کە کوردو توورك قەتیعەن پێکەوە ناژین و یەك ناگیر نابن) ئەم ووتارە لە ژمارە (١٧)ی ڕۆژنامەی (ژیانەوە) بڵاوبۆتەوە لە ژمارە (١٨)ەشدا (ڕەشیدنەجیب) دوو ناونیشانی (وویلایەتی موسڵ) وتارێکی نوسیوە لە وتارەکەیدا دەڵێت: (وویلایەتی موسڵ دەورەی تەنزیماتی حکومەتی عوسمانی کە لە (١٢٨٠) دەستی پێکردووە لەگەڵ وویلایەتی بەسرادا هەر لەتەرەفی وەزیرێکی فەوق ئەلعادەی تورکەوە کە لە بەغداد دائەنیشت ئیدارە ئەکراو قسمی کوردستانی کە لە وویلایەتی موسڵدا بوو بە سوورەتێکی مومتاز تەودیع بەسلالەی بابان کرابوو لە تەرەفی ئەوانەوە ئیدارە دەکرا).

لە کاتی چاوگێڕان بەو ڕۆژنامانەدا کۆمەڵێك وتاری وەرگێردراوو ئامادە کراومان دێتە بەرچاو کە باس لە کێشەی ویلایەتی موسڵ دەکەن، دەبینین لە پێناوی ئەمانەی ڕۆژنامەنووس ئەو وتارانە چەند بیروڕایەکیان تێدایە کە دژی چارەنووسی خەڵکی کوردوستانن کەچی دەقاودەق وەرگێڕ دراون و بڵاوکراونەتەوە لەو ڕووەوە دەتوانین ناونیشانی ئەو ووتارانە بنوسینەوەو چەند ڕستەیەکیش بگوازینەوە، ناونیشانی وتارەکان: (موسڵ کلیلی شەرقی ئەوستە، مشکیلەی موسڵ لەبەینی تورك‌و ئینگلیزدا) لە وتاری یەکەمداهاتووە: (ویلایەتی موسڵ چونکە واقع بووە لەسەر نەهری دیجلەو سیلسیلەی جیبالی کوردستان، بەڕەن‌و نەهرەن بەبەغداد، هیتد، ئیرانی کورد تا ئەنادۆڵ‌و بەسوریە مەربۆتەوبە واسیتەیەوە بۆتە کلیای شەرقی ئەوسەت) لە وتاری دووەمیشدا ئەم پەرەگرافە دەگوازینەوە: (موخبیری غەزەتەی ئەلموقەتەم لەئەستامبۆڵەوە ئەخباری کردووە کە ئەنزار متەوەجیهە بەحەلکردنی مەسئەلەی موسڵ کەحەل‌و فەسلی ئەم مەسئەلەیە موتەعەلیق بووە بەخیتامی سوکی ئینگلیزو تورك دکتۆر عەدنان بەگ بۆئەم خسوسە موراجەعەتی بەسەفارەتی ئینگلیز کردووە لەبەر ئەمە لەنسفی ئەوەلی مانگی ئۆکتۆبەردا هەیئەتێك دائەمەزرێ بۆ ئەم هەیئەتە هێشتا جێگای موزاکەرە تەعین نەکراوە چونکە ئەبێ جێگایەکی وا ئینتخاب بکرێ کە بۆ موخابەرات‌و تەعلیمات وەقت‌و زەمان زایح نەکرێ، ئەمەیش ڕەنگە ئەستانبۆڵ بێ).

زمانی هەواڵ و وتارەکان:

سەرپەرشتیارو ڕۆژنامەنووسانی (ئومێدی ئیستقلال) و (ژیانەوە) دەرکیان بەزمانی تایبەتی ڕۆژنامە نووسی کردوە وە لە پێناوی گەیاندنی ڕووداوەکانی کێشەی موسڵ دا بەخوێنەرانی بەزمانێکی سادەو ئاسان هەواڵ وەوتارەکانیان داڕشتوەو، ئەگەر بوونی وشەیەکی زۆری عەرەبی لە ڕستەی هەواڵ وەنووسینەکانیاندا بخەینە لاوە، چونکە ئەوسا هێشتا زمانی نووسینی کوردی لەووشەی بێگانە بژار نەکرابوو ئەوە دەتوانین بڵێین زمانی داڕشتنی هەواڵ وەنووسینی وتارەکانی ئەو دوو ڕۆژنامەیە تایبەت مەندن بۆ قۆناغێکی زمانی هەواڵ وە وتاری ڕۆژنامەنووسی کورد لەمێژوی ڕۆژنامە گەریماندا، تاله هەڵبژاردنی ناونیشانەکانیشدا شارەزایی بەدی دەکرێت، وەك نمونە دەتوانرێت سەیری ئەم هەواڵە بکرێت لەژێر ناونیشانی (موسڵ لەئەنقەرەدا)یەو ڕۆژنامەی تر وەرگێڕاوە: (ئەستەمبوڵ–لەمەجلیسی وەتەنی ئەنقەرادا دەرحەق بەئەحواڵی خارجیە مناقەشەیەکی بەشدەت کراوە وەلەو ئیجتماعەدا کەلەهەفتەی پێشوودا عەقد کرابوو قسمێکی زۆر لە مەبعوسانی تورك بۆ ئیجرای ئەم موناقەشەیە لەسەر ئەو کردەوانەی حکومەتی بەریتانی لەویلایەتی موسڵ ئیلحاح و ئیسراریان کرد لەحکومەت ببێ موسامەحەتە لەویلایەتی موسڵ بکەن، هەتا شاخان حەمرینیش کەقەشەیە ئیستیلای بەسەردا بکرێ) ئەو هەواڵە لە ژمارە (٢١)ی (ئومێدی ئیستقلال)وە بڵاوبۆتەوە.

لە پێناو باشتر ناسینی زمانی ڕۆژنامەنووس ڕۆژنامەی (ژیانەوە) تەنیا وەك نموونە ئەم هەواڵە لە ژمارە (٤٢) دەگوازرێنەوە! (لەندەن: تەلەغرافی لەجنێڤەوە هاتووە ئەڵێ شایعە لەبەینی خەڵقدا دەوران ئەکا کەئەو هەیئەتە (٣) کەسی عەسبەتی ئەلئومەم وەمەسەلەی موسڵ تەشکیلی پێکردبوو تەهیدی تورك ئەکا ئەگەر ڕاستی ئەم شکاتی مەندوبەی بەریتانیا تەحقیق کە لە مەسیحیەکان لەوەتەنی خۆیان تەدبعید کراون چونکە ئەمە بۆ نەتیجەی حوکمی مەسئەلەی موسڵ تەئسیری خراپی هەیە والازمە لەسەر تورکەکان لەم کردانەوە کەمغایری مەدەنیەت دەست هەڵگرن).

من لەو باوەڕەدام ڕۆژنامە نووسانی ئەو دوو ڕۆژنامەیە دەیان توانی ڕۆژنامەکانیان لە هەندێك لەو ووشەیە بەکارهاتووە بێگانانەبپارێزن وەووشەی کوردی باوی ئەوسا بەکاربهێنین بەڵام لەپێناو زۆرتر گەیاندنی مەبەستی ڕۆژنامەکانیان بووە. بە تایبەتیش لەهەواڵو ووتارەکانیاندا زمانی ئەودوو ڕوژنامە نزیك بوو لەزمانی بەکار هاتووی زۆرینەی خەڵك، هەروەها ویوستوویانە ڕۆژنامەکانیان لە زمانی ئەدەبی جیاواز بێت ئەگەر نا وەك دەزانرێت ئەوسا کۆمەڵێك دەقی ئەدەبی کوردیمان هەیە کەزمانێکی تا ئاستێك پاراوە وەنووسراون، بەڵام ئەو ڕوژنامەنووسانە دیارە زانیاریان سەبارەت بەزمانی ئەدەب و زمانی ڕۆژنامە هەبووە.

ڕاپۆرتە هەواڵ و ڕیپۆرتاژ:

ڕاپۆرتـە هـەواڵ ژانرێکـی تـری زینـدووی ڕۆژنامـەی هەواڵـەو بەشـێکە لـە مێـژووی ڕۆژنامەگەریی هاوچەرخ، ڕوانینەکانی خود خالێکی دیاری نێوان هەواڵو ڕاپۆرتە هەواڵ تـەنیا پشـت بەگـەورەیی ڕووداو نابەسـتێت بـەڵکو بارودۆخو هۆکارو کاریگـەریـەکانیش فەرامۆش ناکاتو ئەگەر لەڕووی هونەرکاریەوە بەراورد لەنێوان هەواڵو ڕاپۆرتە هەواڵدا بکرێت، لە ڕاپۆرتە هەواڵدا جۆرەها هونەری ڕۆژنامەنووسی بەکاردەهێنرێت وەك وەسف، گێڕانەوە، گفتوگۆ، بەدواداچوونی خود)[٣٠] ئەو هۆکار و هونەرکاریانە وایان لە ڕاپۆرتـە هەواڵکردوە کە لە هەواڵ کاریگەری زیاتری لەلایەن خوێنەران دروست بکاتو جێ بێڵێت لـەو بابەتانـەی کـە لـە هـەر دوو ڕۆژنامـەی (ئومێـد ئیسـتقلال) و (ژیانـەوە) سـەبارەت بەکێشەی ویلایەتی موسڵ بڵاو بونەتەوە، چەند ڕوداوێك وەك ڕاپۆرتە هەواڵ وەرگیراون و بڵاو بوونەتەوە کەدەتوانرێت دەستنیشانی چەند ناونیشانێك بکرێت.

(موشـکلەی موسـڵ لـە بـەینی تـورك و ئینگلـیزدا، ئومێـدی ئیسـتقلال، ژ-١١-)، (مەسئەلەی تورکیا و موسڵ، ئومێدی ئیستقلال، ژ-٢٣-)، (موزەکـەرەی موسڵ چـەوەقت دەست پێ دەکا، ئومێدی ئیستقلال، ژ-٢٤-)، (لـە غەزەتـەکانی عەرەبیـەوە، ژیانـەوە، ژ-١٥-)، (مەسەلەی حدودی شیمالی، ژ-٣٥-)، (پەیمانی مستەر ئیمری لە بابەت موسڵەوە، ژیانەوە، ژ-٤٠-)، (لە مەحکەمەی عەدلی دەولی لاهیدا مەسئەلەی موسڵ و حازر نـەبوونی موومەسیلی تورکیا، ژیانەوە، ژ-٤٨-)، (تەسریحاتی میهمـەی وەزیـری موسـتەعمەرات دائیر بە موسڵ، ژیانەوە، ژ-٥٠-)

ڕیپۆرتاژ ڕاست لە تەوەری ڕوداوێکی دیاری کراو دەسوڕێتەوە، بەڵام ئـەوەی گرنگـە ئـەو بابەتـەی کـە لـە سـەری دەنووسرێت بەزمانێکی سـەرنج ڕاکێشـەوە ئامادە کرابێـت و نووسرابێت. دیاری کردنی شوێنی ڕوداوەکەو کاتی ڕوداودکە خاڵی گرنگن بۆ ڕیپۆرتـاژ تـابتوانێ بنیـاتی پرسیاری (بۆ؟)ی لەسـەر بنیـات بنێـت لـە هـەردوو ڕۆژنامـەی (ئومێـدی ئیستقلال) و (ژیانەوە) لەو بابەتانەی کە ئێمە مەبەستمانە واتە کێشـەی ویلایـەتی موسڵ کە بڵاوکراونەتەوە وەك ڕیپۆرتاژ هیچ بابەتێك کەپێوەندی بە هەیکەلی هونەری ڕیپۆرتاژی ڕۆژنامەنووسی یەوە هەبێت نایەتە بەر چاو، بەڵام دەکرێت تەواوی ژمارە (٥٤) وەربگرین کە بریتیە لە کۆکردنەوەی بابەتـەکانی ئەو ئاهەنگـەی کـە بەبۆنـەی دەرچوونـی بڕیـاری نەتـەوە یـەککگرتووەکان بـۆ چارەسـەر کردنـی کێشـەی موسـڵ دەرچـووە، ڕیپۆرتـاژێکی تەقلیدیە هونەر کاری نوێی تێدانیە تـەنیا بیری ڕیپۆرتاژی لە خۆگرتووە کە بریتیە لە دەقی ئەو ئاهەنگە بەبۆنەی ناوبراو،لە ژمارە (٥٦)ی هەمان ڕۆژنامەدا، واتە لە ڕۆژنامەی (ژیانـەوە) هـەوڵێکی تـری ڕیپۆرتاژی دراوە بـە نـاوی (حەفلەیـەکی تەبریکیـە لـە مژدەی قـەراری عوسـبـەتی ئومـەم لـە خسوسـی موحافـەزە کردنـی حـدودی ویلایـەتی موسـڵ و حقوقی کورد) ئەم نووسینە گێڕانـەوەی کورتـەی ئـەو ئاهەنگەیـە کـە بەبۆنـەی بڕیـاری ناوبراوی نەتەوە یەککگرتووەکان لە هەڵەبجە بەڕێوە چوو،هەر دوو بابەتەکە کە لە ڕاپۆرتە هەواڵیش نزیکن.

سەرچاوەی هەواڵەکان

(هەمیشە دەبێت بەتەواوی سەرچاوەکانی هەواڵ یان هەر زانیاریەکی پەخشی تەلەفزیۆنە بە خوێنەران بڵێین. تەنها لە کاتێکدا هاولاتیان دەتوانن بریار لە سەر راستی یان باری یاسای زانیاریەکان بدەن کە سەرچاوەی هەواڵێکەیان زانیبێت)[٣١] واتە بۆئەوەی رۆژنامە راستگۆی خۆی لە دەست نەدات پێویستە ناوی ئەو سەرچاوەیە ببات کە هەواڵەکەی لێ وەرگرتووە، ئەو کەس و کەناڵەی کە رووداوەکەی بۆ ناردووە پێویستە بناسرێت یاخوود ناسراو بێت، رۆژنامەکانی (ئومێدی ئیستقلال) و (ژیانەوە)ش ناوی ئەو سەرچاوانەیان فەرامۆش نەکردووە کە هەواڵەکانی کێشەی ویلایەتی موسڵ-یان لێ وەرگرتوون، ئەو دوو رۆژنامەیە هەواڵەکانیان لەم سەرچاوانە وەرگرتووە: (رۆژنامەی ئەل ئەمەل، رۆژنامەی نەجمە، رۆژنامەی ئەلعراق، ئاژانسی رۆیتەر، رۆژنامەی ئەلعەهد، رۆژنامەی ئەلموفید) ئەمە و بێجگە لە سەرچاوەی تایبەتی هەر دوو رۆژنامەکە.

ناوهێنانی ئەو سەرچاوانە لەگەڵ هەواڵە بلاوکراوەکاندا جارێکی تر دەیسەلمێنێ کە نوسەران و رۆژنامەنووسانی هەر دوو رۆژنامەکە لە هونەرەکانی رۆژنامەنووسی بەتایبەتیش لە موسداقیەتی رۆژنامەیان زانیوە و زانیاریان لەو بوارەشدا هەبووە.

بەشی سێیەم

دەقەکان

لەم بەشەدا دەقی ئەو ڕاپۆرتەی دەستەی دەست نیشانکردنی سنوور کە پێشکەش بەنەتەوەیەکگرتووەکان کراوە نوسیوەتەوە کە لە ژمارەکانی (٤٢) (٤٣) (٤٤) (٤٥) (٤٦) (٤٧) (٤٨) (٤٩) (٥٠) (٥١) (٥٢) (٥٣)ی ڕۆژنامەی (ژیانەوە) بڵاوبۆتەوە، هەر لەم بەشەدا لە هەر دوو ڕۆژنامەی (ئومێدی ئیستقلال) و (ژیانەوە) ئەو هەواڵ و وتارانەشمان نووسیوەتەوە کە باس لە کێشەی ویلایەتی موسڵ دەکەن، لەکاتی نووسینەوەی ڕاپۆرت و هەواڵ و وتارەکان تەنیا ڕێنووسمان گۆڕیوەو خستوومانەتە سەر ڕێنووسی بەکارهاتووی ئەمڕۆ لە کوردستانی باشووردا.

جەمعیەتی ئەقوام
مەسئەلەی حدودی بەینی تورکیا وعێراق
بەمەوجبی قەراری-٣٠ ئەیلولی ١٩٢٤
سورەتی موتەرجمەی راپۆری هەیئەتی حدود کەتەقدیم جەمعیەتی ئەقوام کراوە
قسمی ئەوەل: بەیانی وەزائیفی هەیئەت
مەجلسی ئەقوام: بۆ روئیەتی مەسئەلەی حدودی عێراق

لە جەلسەی (٣٠ ئەیلولی ١٩٢٤)دا مەوافیقی دووەمین فەقەرەی بەندی سیەمی مەعاهەدەی لۆزان بۆ جەمع و گردکردنەوەی دەلائیلی موسبەتەو ئەعزا تەشکیلی هەیئەتێکی قەراردا.

ئەو هەیئەتە بەموجەب ئەو قەرارەکە ئیتخاز کراوە:

١-بۆ معاونەتو یاریدەی حوکم، هەموو نەوعە مەعلوماتو ئیزاحات بەمەجلس تەقدیم کردن.

٢-چ لەئەساسی مەسئەلەوە چ دائیر بەئیجرای وەزیفەی وەسائیقو بەیاناتێ کەلەتەرەفەینەوە سەردو ئیراز ئەکرێ بەنەزەر ئەهمیەت تەماشاکردن.

٣-بەموخابەراتی تەرەفەین کە لەگەڵیا ئەکرێ ئەجابەت کردن.

٤-لەعێراقدا دەست بەتەفتیش، وەلەومعاونانە کەلەتەرەفینەوە تەعیین ئەکرێ معاونەت تەلەب کردن.

٥-خەتی حەرەکەتیان بیلزات خۆی تەنزیمی بکا.

مەجلسی ئەقوام بەئیتیفاقی ئارای ئەعزای هەیئەتەکەی تەعیینو بەحوکمی مەسئەلەکەیشی تەودیع بەرەئیس کردبوو.

رەئیسی هەیئەت و مەحکەمەی مەسئەلەی تەودیع بەقونت تلەکی سابیقی رەئیسی نەزاری مەجارستان، موسیوئوف و یرسن ئی سوە چی و کۆلۆنیلی پۆلیس بلچیقاپی. کرد ئەمانەش ئیجابەت و لە ١٣ تشرینی ساڵی ١٩٢٤ دا لەجنورە ئیجتماع و تەشکلی هەیئەتیان کرد.

لە ئیعتباری ئەم تاریخەوە خولاسەی وەزائیفی هەیئەت وەکو لە ژێرەوەیە:

هەیئەت دەست بەجێ لەو وەسائیقە کەسکرتێری عوسبەتی ئەلئومەم دائیر بەحدوی عێراقو توورکیا ئیحرازی کردبوو کەس بێ ئتلاعیان کرد، لەپاش خوێندنەوەی مەحزەری جەلسەکانی جەمعیەتی ئەقوام، مەجلسی لۆزان وە بەیاناتی حکومەتی بریتانیا و تورکیا پلانی وەزیفەکەی تەرەسوم کرد. بۆ تەفتیش و تەحقیق وە بۆ ئیستحسالی وەسائیقی لازمە بۆ مەحەلی مونازەعە چونیان قەراردا، لوزومیەتی حەس کرا کە ڕاستە و ڕاست لەم دوو حکومەتە عەلاقەدارە لەخسوسی بەعزێ مەسائیلەوە وەسائق و مەعلومات ئیستحساڵ بکرێ بینائەن عەلەیهی شەخسەن لەگەڵ (...)[٣٢] ئەم دوو حکومەتە تەماس بگرێ بۆ لۆندەر و ئەنقەرە چونیان قەراردا.

لەپێش دەست بەتەفتیش کردنی مەواقیعی لازمەو بۆ ئەمەی بەبێ وەقت فەوتاندن ئەو مەعلوماتەی کە وەرگرتبێ پێویستە نائیل بێ بەعزێ سوئالاتی بۆ ئەم دوو حکومەتەی نارد.

هەیئەت لەپێش حەرەکەتیان لەجنورە موسیو ئۆف ویرسن بەرەئس ئینتخاب و قەرار سارد بوو.
وەختێ کەهەیئەت گەیشتە لۆندرە لەتەرەفی نازری خارجیەو نازری موستەعمەراتەوە ئیستقبال و لەمواجەهەی ئەهلی خیبرەی ئەم دوو نەزارەتە چەند مولاقات وئیجتماعێ عەقد کرا. میستەر داویدسن کە یەکێکە لە ریجالی نزارەتی موستەعمەرات لەپاش بەیانی خۆش ئامەدی هەیئەت وە لە تەعین کردنی ئەم هەیئەتە بەیانی مەمنونیەتی حکوومەتەکەی کرد. وە ئەم تەدبیرەیش لای حکومەتی بریتانیا لە ئیستفتا مونانسیبترو بۆ حەلی مەسئەلە بەچاکتر عەدل کردنی ئیزهار کرد.
لەپاش بەیانی رای میستەر داویدسن هەیئەت لە تەرەفی مەجلیسەوە مالك بوونی بەحوریەتی واسیعەوە بۆ ئەم ئیشە یا ئیستفتال وە یان رێیەکی ترکە بەفائیدە بێ لەکردنیا سەربەست بوونیان بەیان کرد میستەر داویدسن بۆ هەیئەتەکە تەشەکوری نواندو بەیانی کرد کە نیازی هەیە فکرو تەشریحاتی حکومەتی بریتانیا لە خسووسی ئستفتاوە بە هەیئەت تەقدیم بکرێ ئایا لەم مولاقاتە وەیا لە ئیجتماعەکانی تری ئوخرا ئەو واجبانەی کەهەیئەت بە بریتانیای دابوو تەدقیق کرا.
لەدوایدا هەیئەت بە موجەب ئەو قەرارەی کە لە پێش حەرەکەتدا لە جنورەدا بووی بۆمعاونەت... لە ئەسنای وەزیفەدا تەکلیفی حکومەتی بریتانیای کرد کە معاونەکانی تەعین بکا.
هەیئەت لە ئەواخیری عەین ساڵدا بۆ ئەستەمبوڵ و لە (٢) کانونی سانیدا لە ئەستەمبۆڵەوە بۆ ئەنقەرە حەرەکەتی کرد.
موبادەلەی ئەفکار لە بەینی مومەسلینی جمهوریەتی تورکیاو هەیئەتی موشابەهە بەئەحواڵی لۆندرە جەرەیانی کرد. لێرەیش هەیئەتی مالك بونی بە سەلاحیەتی نامە، وە بۆحەلی مەسئەلە لە خەتی حەرەکەتیا حوڕ و سەربەست بوونی تەسریح کرد، شایان دیقەتە کە نازری خارجیەی تورکیا جەوابی ئەو سوئالانەی کە لە جنورەوە لێی کرابوو وە بۆ تەئیدی نەزەریەکی ئەو دەلائیلەی کە بەیانی کرد بوو لێرەدا دیسان خولاسەی بەیانیو فکری ئاتی عەلاوە کردبوو.
ئیرادەو تەسریحاتی ئەهالی بۆ حەلی مەسئەلەی لازمە بە عاملی ئەسڵی عەد بکرێ. ئەم ئارەزووە رەغبەتەی کە هەم حکومەتو هەم میلەتی تورك ئیزهاری کردووە ئومێد ئەکەین هەیئەت بەنەزەری ئیعتبار تەماشای بکا وە بۆ حەلی مەسئەلە لەئەهالی ویلایەتی موسڵ لازمە بەکەمالی حوریەت بەیانی رای لێ بکرێ. ئەمە لە تەشکیلی جەمعیەتی ئەقوامەوە تا ئێستا ئەوەڵ دەفعەیە کە وەها لەبەینی حکومەتێکی گەورەی غەربو دەوڵەتێکی شەرق مونازەعەیەکی میهمی پێداو تەودیع بەم مەجلیسە کراوە. ئیعتمادو ئیخلاس وە عەلاقە بێ کە لە ئیستیقبالدا لە بەینی غەربو شەرقدا تەئسیسی موحتەمەلەو ئەمەیش غایەی جەمعیەتی ئەقوامە. بۆ ئیعتقادی شەرقیەکان لە هەموو شتێ زیاتر متەوەقیفە بە تەدقیقاتی هەیئەت وە لە پاشا مەربۆتە بەو سورەتی حەلەکە ئیحزار ئەکرێ.
جمهوریەتی تورکیا قەناعەتی پەیدا کردووە، کەهەیئەت ئارەزووی هەیە لە بەینی شەرقو غەربدا ئیعتمادێکی موتەقابیل بهێنێتە وجود.

لە پاش موزاکەرەیەکی دووروودرێژ هەیئەت ئەفکاری خۆی بە حکومەتی تورکیا سەلمان. وەلە حکومەتی ئەنقەرەیش بۆ ئەمەی لەئەسنای وەزیفەو تەحقیقاتدا معاونەت بکەن تەعینی مومەسلینی تەکلیف کرد. لە پێش حەرەکەتدا ئاگەهدار کرا کە قوماتدانی ئۆردوی مەنتیقەی دیاربەکر جەواد پاشا بەمەعاون و لە ریفاقەتیا یەك دوو ئەهلی خیبرەیش تەعیین کراوە.

لەدواییدا هەیئەت بۆ قونیە حەرەکەت وە لەوێ لەگەڵ ڕەئیسی جمهوری تورکیا مستەفا کەمال پاشادا مولاقاتی کرد. وە لە ڕێی سوریەو شامەوە بۆ بەغدا حەرەکەت و لە (١٦) کانونی سانی ڕۆژی جومعە مواسلەتی بەبەغدا کرد.

هەیئەت بۆ چەند ڕۆژێ مانەوەی لە بەغداو موسڵ کەسبی مەعلومات لەسیاسەت و ئەحواڵی ئیداریەی حکومەتی تازە ئیجرای تەدقیقات کرد. ئەو مدەتەی کە لە بەغدادا بوون لەماڵی مەندوبی سامی عێراق سێرهانری دوبس میوان بوون . جەنابی سێر هاتری دوبس جەواد پاشای لەدار ئەلئیعتماد میوان کرد وەموتەباقی ئەهلی خیبرەی تورك لە جێگایەکی تر موسافر بووبون.

لە دواییدا موعتەمەدی سامی میستەر جاردینی لە تەرەفی حکومەتی بەریتانیاوە بە سیفەتی معاون وە وەزیری ئیشغالی عومیەی سابیق سەبیع نەشئەت یەکێ بە ناوی مومەسیلی عیراقەوە تەقدیمی هەیئەتی کرد.

هەیئەت ڕۆژی دووەم لەگەڵ جەلالەتی مەلیك فەیسەڵدا مولاقات وە حەزرەتی مەلیك دائیر بە حدودی مەملەکەتی چەنەزەریەی خۆی و چەنەزەریەی حکومەتەکەی سەردو بەیان کرد[٢٣].

مەلیك فەیسەڵ لە کاغەزێکدا بەیاناتی ئاتی‌یەی ڕەسمەن نارد لەم بەیاناتەدا تەلەبی حقوقی مەشروعەی عیراق، مەدەنیەتی پێشوی میللەتی عەرەبی زەکر، شان و شەرەفی زەمانی پێشوی خولەفاکان و مەرکەزی مەدەنیەت بوونی تەزکار، حەرەکاتی وەتەنپەروەری عەرەبی خەلاسە، لە عەرەبی عومیدا عەرەبەکان بۆ ئەمەی ئیلتیحاقی ئیتلافەکان بکەن لەو فرسەتە هەڵکەوتووانە بە چەسورەتێ ئیستیفادەو دەرکردنی موتەغەلیبەکانی بەیان کردبوو. لە دوای ئیمزای وتارەکەو خۆ کێشانەوەی تورکەکان بۆ شیماڵی حدودی عیراق و لەو وەختەدا سەرابەت کردنی ئیشغالی عەسکەری ئینگلتەرە لە بەسرەوە بۆ بەغدادو بۆ موسڵ تەسریع و بەیان کرد (لە پاش ئەم ئیشغالە) ووتویەتی:

(حکومەتی بەریتانیا لە پارلمنتودا ئیزهاری نیەتی کردووە کە حکومەتێکی عەرەبی تەشکیلە وە ئەو وەعدەی کە بە عەرەبەکان درابوو بەجێ بهێنرێ). لەو ڕۆژەوە تا ئێستا چوار ساڵە ئەم حکومەتە تەشکیلی کردووە مومەسیلی حکومەتی بەریتانیا لە حزوری مەجلیسدا عەلەنەن نەی ووت کە عێراق بەم نزیکانە ئەتوانێ سەربەخۆ ئیدارە بکا؟ وە قبوڵیان لە جەمعیەتدا ئارەزوو ئەکەی.من موتەرەدید نیم کە هەیئەت فەرقی ئیدارەی حازیرە وە ئیدارەی سابیقە حەز کردوە بۆ مەملەکەتەکەم کە لەبەینی تەبەقاتی موختەلیفەدا لەسەر عەدالەت و مساوات و دین وەمەدەنیەت تەئسیسی کردوە حدودێکی سابت بەشەرەف تەئمین بکرێ و ئەو وەقتە بۆ تەزبیتی سەروەتی تەبیعەتی لە بەزلی هیممەت و مەساعی زیاتر هیچی تری پێویست نییە. لە ئاخریدا بەحسی سورەتی ئیرواو ئیسقای دیالەو فورات کەزراعەتی سێ ملیۆن فەدان ئەرازی تەئمین ئەکا، وە لە خەتی

شەمەندەفێری بەغداد–موسڵ کە لە کفری و کەرکوکەوە تەمدید ئەکرێ وە لەسەر تەواو بونە، وە بەیانی کرد کە حکومەت و مەملەکەتەکەم بۆ دەرهێنانی نەوت خەریکی عەقدی مقاولە نامەیەکن لەپاشا چوە سەر بەحسی عیلاقەی موستەقبەلی عیراق و تورکیا وە ئەڵێ: ئێمە ئیحترامی میللەتی تورك و سەعادەتی تەواویان بۆ تەمەننا ئەکەین لاکین ئێمە بۆ ئەمەی بەسەعی و قوەتی بازوی خۆمان خزمەتی بەشەرییەت بکەین ئارەزو ئەکەین لە پەنای ئەمنیەت و موسالەمەتتدا وەبژین بۆ بەجێهێنانی ئەم ئارەزوەیەمان لازمە حدودێ دابنرێ کە لە تەجاوزات موحافەزەمان بکاو ئەمەیش مەسئەلەی حەیات و مەماتە.

مەلیك لە نوقتەی عەسکەری، ئیقتیسادی، جوگرافی، قەومیەت و میللەتەوە لە حەین تەدقیقاتەتدا لێی مەعلوم بوە کە عیراق لە حدودی تەبعیەی خۆی مەحروم بکرێ زەربەیەکی گەورە لەموقەدەراتی مەملەکەتەکەی ئەدرێ. ئەنجا بەم نەوعە نیهایەتی بەبەیانەکەی هێناوە.

بۆ تەئییدی حکومەتێکی سابیت لە عیراقدا و بیخسوس بۆ تەئمینی شەرەفی ئەم حکومەتە مەربوتی موحافەزەی وەزعیەتی حازرەیە. من چە لە نوقتەی ئیقتیسادییەوەو لە نوقتەی عەسکەرییەوە لەم فکرەدام کە ئەگەر موقەڕەرە موسڵ لە عێراق جوی وە بە حکومەتێکی ئەجنەبی بدرێ لە بەغدادا دەوام و قەراری هیچ حکومەتێك مومکین نیە، لەگەڵ ئەمەیشدا عێراق بەبێ موسڵ شەرەفێکی نیە، لەبەر ئەمەی کە من لە حسیاتی تورك و لە فتوحات و ئارەزووی تەوەسوعیان وقوفم هەیە کە ئینفسالی موسڵ گەورەو بەقوەت تەئمینی موسالمەت مومکین نابێ کە ئینفسالی موسڵ لەعێراق موقەڕەبێ جەمعی ئەم ئۆردویەیش مەحاڵ ئەبێ ئەو وەختە کە مەملەکەت دائیمەن مەعروزی ئیحتلال و شەڕو شۆڕ بوو چۆن مەیسەر ئەبێ کە سەرمایەی ئەجنەبی بۆ ناو مەملەکەت بهێنرێ؟! لەبەر ئەمە تەئکید ئەکەم کە موسڵ بۆ عێراق لەبابەت سەرو لەشدایە! ئێستا کە مەسئەلە هەرچەندە زاهیرەن مەسئەلەی حدودی بەینی تورکیاو عیراق فەقەت حەقیقەتی حاڵی مەسئەلەی موقەدەراتی هەموو عێراقە!..

ئینجا ئێستا رەفاهو سەعادەتی چوار ملیۆن نەفس لەدەست ئێوەدایە، ئەگەر ئێوە لەبەر هیچ سەبەبێ بێ فکری تەعدیلی حدودی حازرەی عێراق بە جەمعیەتی ئەقوام بەیان بکا لەبری ئەمە مەسئولیەتی موقەدەراتی ئەم میللەتە لێکبداتەوە وە بۆ عێراق فکرو سیاسەتێکی تازە بەجەمعیەتی ئەقوام بەیان بکا.

هەر ئەو رۆژە هەیئەت لەماڵی مەندوبی سامی جەلسەیەکی عەقدکرد لەم جەلسەیەدامەندوبی سامیش حازر بوو. وەقعەیەك بوو بەبابەتی (١٥) رۆژ دواکەوتنمان چونکە مەندوبی سامی بەیانی کرد کە لەناو ئەهلی خەیرەی تورکدا لە خەلقی عێراق عێراق نازمو فەتاح بەگ کەبە حەرەکاتیان لە عەلەیهی حکومەت حازر بوون وە لەمانە یەکێکیان وەختی خۆی لە حەینی تەوقیفدا فیرارە وە ئەمرۆ لە حزوری هەیئەت بیلئیستفادە داخیلی عێراق بوون موحتەمەلە ئەمانە خەلەل بە ئەمنیەت وە ئاسایش بگەیەنن لەبەرئەمەی کە وەتەن وە میللەت پەروەران تەهدیدیان ئەکەن وە ئەبنە باعیسی هەیە جان ئیعادەیان تەلەب ئەکەم.

هەیئەتی بەیانی تەئەسوفی کرد لەمەوجود بوونی ئەم دوو کەسە لەناو هەیئەتدا کەوا هەم لە نەزەری حکومەتی عێراقدا موجریمو هەم خەلەل بە وەزیفەی هەیئەت

ئەگەیەنێ، فەقەت لەبەر ئەمەی کە ئەمانە خەلقی ویلایەتی موسڵن تا وەکو مەسئەلەی حدود تەواو نەبێ جائیزنیە بە تەبعەی عێراق عەد بکرێن.

لەپاشا مەعاونی تورك جەواد پاشامان لە مەسئەلە خەبەردار کرد، بۆ گۆڕینی ئەمانە موناسەبەمان نەبینی ئیسرار لە حکومەتی تورك بکەین. لەم ئەسنانەدا جەواد پاشا خەبەری دایێ کە ئەمەلی خەبەرەکانی خراونەتە مەوقعێکی موستەحکەم وە لەژێر نەزارەتدان لەم مەعامەلە غەیری مەئمولی نەزەری دیقەتی مەندوبی سامیمان جەلب کرد. کە چوینە ئەوێ دیمان کە ئەو مەوقیعە یەك دوو کلیۆمەترە لەدوای شار وە بەتەل ئۆرگۆی عەسکەری موحاتە. بەتەوەسوتی ئێمە ئەهلی خیبرەکان... خانووەکان نزیك دار ئەلئعتیماد وە لە خسوسی نەچوونە دەرەوەیان مەندوبی سامیان تەئمین کرد.. چونکە لەبەر ئەحواڵی خسوسیەتی بەغدا ئەم تەدبیرەمان مەعقول بینی بوو وەلاکین عەلەنەن بەیانمان کرد کە گەیشتینە مەحەلی مونازع فیهی بۆ حەرەکەتی هیئەتی تورك بە کەماڵی حوریەت ئیسرار ئەکەین.

ئەم وەقعەیە لە بەغدادا ئەوەل وەقعە بەناردنی موزەکەرەیەك بۆ موعتەمەدی سامی حکومەتی بەریتانیا وە بۆ جەنەڕاڵ جەواد پاشا تاخیری هات.

جەوابی فەخامەی موعتەمەدی سامی وە مەساعی جەنەڕاڵ جەواد پاشا هەیئەتی بەحسیاتی ئاتیە موتەحەسیس کرد:

١-جمهوریەتی تورکیا بۆ معاونەت و یاریدەدەری هەیئەت لە تەعین و ئیلحاقی ئەم دوو شەخصە کە موحارەکاتی سیاسیەیان بەوە وەزیفەیەکی وانازك ئالایق بوونیان تەبەنیی کردووە بەیانی تەئەسوفی لەم بێ موناسەبتیە ئەکا ناونەبردنی ئەم دوو شەخصە لە موزەکەراتی مەجلسی ئەستەمبوڵدا کافی بوو بۆ تێگەیشتنی هەیئەت کە ئەمانە ئەبنە باعسی موشکیلات و تێکدانی وەزائیفی ئێمە.

٢-حکومەت کە لەئەمنیەتی عمومییە مەسئولە، لەبەر ئەمەی تەشەبوسی کردووە بە ئیتیخازی تەدابیری لازمە بۆ تەئمینی ئەمنیەت و موحافەزەی شەخصی ئەهلی خیبرەی تورك کە وا بۆ هەیئەت هەتا لە خاریجی مەنتقەی مونازع فیهی بێ تەدابیری لازمەی خسوسی وەرناگرێ.

٣-هەیئەت ئەو مودەتەی کە لە موسڵ وە یا لەجیهاتی سائیرەی ئەرازی مونازع فیهی دابێ قەناعەتی پەیدا کردووە کە لە حزووری هەیئەتدا بۆ مودافەعەی نەزەرییەی حکومەتەکەی بە سورەتێ کە موناسیب ئەبینرێ ئەهلی خیبرەی تورك بە حوریەتی تامە موستەفیدبوونیان ئیجاب ئەکا. لە بەر ئەمە ئەبێ هەموو وەختێ بە کەماڵی حوریەت لەو کەسانەی کە موناسب ئەبینن وە یا لە دەستەو دائیرەکانیان تەلەبی معاونەت وە ئیستیفادە بکەن. بۆ ئیکماڵی ئەم شەرائیتە ئەهلی خیبرەکانی تورك لە ئیش و کاریاندا لازمی سەربەستیەتی تەواویان پێ ببەخشرێ.

هەیئەت لە دوای ئیستیشارەی جەنەڕاڵ جەواد پاشا، بۆ ئەمنیەتی شەخسیەی ئەو کەسانەی کەل موعینیایە دەرحەق بە وەرگرتنی تەدابیری لازمە لەگەڵ حکومەتی مەحەلیەدا ئەتفاق وە حقوقیاتی محافەزە کرد.

هەیئەت قەناعەتی پەیدا کردووە کە تەرەفەین بە مەدخەل دەرك وە حەسیان کردووە لە ئەسنای وەزیفەدا تووشی سعوبەت و مشکیلات بکرێن لە تێکدانی رەوشتی

تەحقیقاتی مەودوعە زیاتر هیچ نەتیجەیەك نابەخشێ، لەبەر ئەمە بۆ حەلی مونازەعە بە سورەتێکی مەستەعجەل ئومێد ئەکەین کە هەردوو لا دەست هەڵگرن لەو موعامەلاتانەی ئەبێتە باعیسی تەئخیر بوون.

هەیئەت ئەو مدەتەی لە بەغدادا بۆ ئیجابەتی دەعوەتی حکومەتی عیراقی کرد، وە چەند وەزارەت، وە مەکتەبی حەربیە، وە خەستەخانەکان، وە دەوائیری مەعاریف، وە مەکتەبی زەراعەتی زیارەت کردن، وە ئیستحساڵی وە سائیق کە عائیدی مەناسەباتی تیجاری بەینی بەغداو ئەترافی وە ئەجزای شیمالیەی عەلاقخانەکان وە مەیدانی دارفرۆشەکان گەڕا رابیتەی ئیقتسادی سابیقەی بەینی بەغداو موسڵی رای ئەلعەینی حقیق، وە ئیحسائیاتی گومرگی بە دیقەت تەماشای راپۆرەکانی قونسولخانە کە لە پێش حەربدا تەنزیم کرابوو تەفتیشی کرد. بەم نەوعە دائیر بە ئەحواڵی ئیقتسادی مەملەکەت گەلێ وەسائیقی دەستکەوت.

لە پاشا هەیئەت بە خەتی شەمەندەفیری شەرقات کە جەبەل حەمرین تەعقیب ئەکا وە تورکەکان بە حدودی تەلەبیان کردووە بۆ موسڵ حەرەکەت، وە لە (٢٧)ی کانونی سانیدا پاش نیوەڕۆ بە موسڵ مواسلەتی کرد. لەو خانووەدا موسافیر بووین کە مەلیك فەیسەڵ لە حەینی سیاحەتی موسڵیا ئیقامەتی تیا کردبوو. لە ئەسنای مواسلەتدا حادسەیەکی تازەی موکەدەر[٢٤] رووی‌دا قونت تلەکی ئەمەی لە بەیاناتەکەیدا تەوسیف کردووە.

خولاسەکەی ئەمەیە:

(٢٧)ی کانونی سانی- رۆژی گەیشتنی هەیئەت بە موسڵە.

لەگەڵ موسیو شاریر وە موسیو رودرلۆدا لەناو شار ئارەزووی گەڕانم کرد.کە لە ماڵ هاتمە دەرێ جەواد پاشام بە جلی عەسکەریەوە دی وە لە گەڵمانا بۆ گەڕان قبوڵ کردنی تەلەب کرد. بەو ئیشتیاقو فکرەوە کە بزانم ئەم ئەلبیسە رەسمیانە چە نەوعە تەئسیراتێك بەسەر ئەهالیدا ئیجرا ئەکا رەفاقەتیم قبول کرد. داخیل بە کۆڵانەکانی شار بووین فەقەت هێشتا پۆلیس تەعقیبی نە ئەکردین (٣٠) کەسێ کە بە عەرەب تێیان گەیشتبووم نزیکمان بوونەوە. دەوروپشتی جەواد پاشایان گرتو دەستیان ماچ کرد وەبە نیدای (بژی تورکیا) وە چەپلە ڕێزانیان کرد.

قەرەباڵغی لە پشتمانەوە زۆر بو تا گەیشتە دوسەد کەسێ هاوارو دەنگ بەم نیسبەتە زیاد بو. لە دوای تێپەڕبونمان لە قشڵەی عەسکەری چەند پۆلیسێك دەستیان کرد بەبڵاوکردنەوەی قەرەباڵغیەکە.

کە گەیشتینە ناوبازاڕ-٣- قۆمیسەری پۆلیس کەوتنە تەکمان لەمانە یەکێکیان ئینگلیز بو. ئەو ئیزدیحامەی کە شوێنمان کەوتبون لە بازاڕیشدا چەند کەسێکی تری چوە سەرو هەتا ئەهات زۆرتر ئەبون. جەواد پاشا سەرلەنوێ مەعروزی نمایشێکی تر بو وە چەپلە ڕێزان کرا. نمایش کەران دیاربون کە لە عەناسری موخالەفەن قسمێکی زاهیرەن ئەلبسەی مونتەزەمی چاکیان لەبەردابو وەقسمێکیان سفیلو فەقیر دیاربوو. کۆمەڵێك مناڵەوردکەیش تێکەڵی ئەمانە بون. ئیتر ئەفرادی پۆلیس مەجبوری بڵاوکردنەوەی ئەمانە بوو.

...ن معلوم بو كه ئیزدیحامەكە ئیتاعەتی ئەوامیری پۆلیسی كرد، لەم ئەسنایەدا حسمان كرد كە دوپۆلیس بەدار لەخەڵق ئەدەن، یەكێك لە پۆلیسەكان پەلاماری شەخسێكی دابو كە ئیلتیجای بە دوكانێك كردبوو وە لەبەر چاومان بە دار لێیدا موداخەلەم بە وەزیفە بینی بانگی یەكێ لە قۆمیسەرەكانم كرد وە پێم ووت: (لە حزوری یەكێ لە ئەعزایانی هەیئەتی جەمعیەتی ئەقوام لە خەلق لێدان مەنعت دەكەم!).

روو بە دائیرەی بەلەدیە لەسەر رۆیشتن دەوام كرا، ئەوانەی دوامان كەوتبوون هەر روو لە زیادی بوو. ئەفرادی پۆلیس مەنعی ئەمانەی ئەكرد. وەختێ گەیشتینە قلوبی وەتەنی عیراق كە بەرامبەر بە دائیرەی بەلەدیەیە عەكسی ئەوەلی نمایشێكمان بینی كە تاقمێ تەلەبەی مەكتەب بۆ پێشەوە بەرەو پیرمان ئەهات بەیاخی عیراق بە دەستەوە چەپڵەرێزانی مەلیك فەیسەڵیان ئەكرد. لە دوامانەوە قەرەباڵغی، لە دەوروپشتمان ئەفرادی پۆلیس بەم سورەتە گەراینەوە جێی خۆمان.

لەسەر ئەم واقعەیە هەیئەت سبحەینێ بەیانی لەگەڵ موتەسەریفی موسڵدا مولاقات كردنی قەراردا. موفەتیشی ئیدارەی بەریتانیا مێجەر لوئبدیان لەگەڵابوو، بەرامبەر بە نمایشی ئەهالی... پەروەر كە ئان بە ئان روو لە زیادی بوو بۆ پاراستنی حەیاتی هەیئەتی مەرەخەسەی توركیا داوای قوەتێكی موحافەزە كرابوو بۆ ئەمە تەدابیری ژێرەوە وەرگیرا.

١-جەواد پاشا و مەعیەتی كە ئارەزووی هاتنە دەرەوەیان كرد حكومەتی مەحەلیە ئاگەهدارە وە ئەو جێگایەی كە چوون پێویستە مەعلومی بكەن، ئەو وەختە موحافیز لەگەڵیا ئەنێرێ .

٢-لە جەواد پاشا بەجلی عەسكەرییەوە نەچووە دەرەوە پێویستە.

٣-لە تەرەفی هەیئەتی توركەوە بۆ نەكردنی هیچ مناوەریەك كە باعیسی تێكدانی ئینتیزامی عومومی بەمەرجەعی عائیدەی تەدابیری لازمە وەرئەگرێ.

لەبەر ئەمە هەیئەتی ئارەزووی تەئمینی حوریەتی تەواوی خیبرەی توركیان بوو... توانی شەرائیتی حكومەت قبول بكات. دەستبەجێ بۆ موفەتیشی ئیداریو موتەسەریف ئەمەی نووسی:

١-ئێمە ئەمانەوێ بەبێ ئەوەی ئەفرادی پۆلیس بە ئاشكرا لەگەڵیا نابێ حوریەتی ئەعزای توركیا تەئمین بكرێ. بەم نەوعە هەرچەندە خەفی لێیان ئەپرسێ بۆ حزوری هەیئەت شاهیدهێنانیان لێ داوا ئەكەین.

٢-ئەبێ بەلەدیە ئەمنیەتی هەیئەتی توركیا تەئمین بكا عەلەنەن پاراستنی ئەمانە قبولێ ناكەین، ئەم پاراستنە ئەبێ بە نەوعێ بێ كە خەڵك تێ نەگەن.

٣-هەیئەت ئەم داوایانەی دەست نەكەوێ دەست بە ئیش ناكا موفەتیشی ئیداریو موتەسەریف هەرچەندە ئەم بابەتانەی دی فەقەت تاكو لەگەڵ مەرجەعی مەخسوسیا موزاكەرە نەكرێ جەواب نەدا ئەوەیان بەیان كرد.

لە دواییدا موعتەمەدی سامی بە تەلەغراف جەوابی دایەوە هەرچەندە ئیعترافی كردبوو كە داواكەمان حەقە فەقەت روودانی هیچ حەرەكەتێكی دژمنانە كە بۆ هەیئەتی توركیا باعیسی زەرەر بێ، بەریتانیاو عیراق لەمەدا مەسئولیەت قبول نەكردنی بەیان كردبوو.

لەم وەقتەدا، لە ئەنقەرەوە بە تەلەغرافێك بەرامبەر هەیئەتی تورکیا ئەم وەزعیەتەی عێراق پرۆستۆکرا لەم تەلەگرافەوە ئەڵێ: "قوەتی ئیشغالیە لە تەئمینی هەیئەتی تورکیا مەسئول بوونی ئیجاب ئەکا" بەم مەعنایە بەواسیتەی سکرتێری جامیعەی ئەقوامەوە پرۆتۆستۆنامە یەکتریمان لە حکومەتی تورکیاوە بۆ هات ئێمەش لە تەگرافێکی دوورو درێژمان بۆ جنوره[٣٥] نووسی ئەم حاڵەی کە لەغەیری موناسیب ئینیخاب کردنی ئەهلی جیرەکانی تورکەوە روویدا بوو تێمان گەیاندن سورەتێکی ئەم جەوابەیشمان بۆ ئەنقەرە ناردەوە وتمان ئەو شەرائیتەی کە حکومەتی عێراق دەر بەیانی کردووە تا حکومەتی تورکیا قبوڵی نەکا لەعێراق داوای تەئمیناتی شکلین.

هەیئەت رۆژ بەرۆژ لە تەحقیقدایە وردتر ئەبۆوە چەند کەس کە بۆ تورك مەیلی نواندبوو خەبەری حەپسیان وەرگێڕا بیلزات ئەعزاکانی هەیئەت لەژێر تەجەسوس و موراقەبەدابوون لەو خانووەوە کە تێدابووین: دوو نوقتەی پۆلیسی لێدامەزرابوو ئەمانە لە هاتووچۆی ئەعزاکان و سکرتێری مەرکەزی بەتەلەفۆن و خەبەردار ئەکرد هەیئەت تێگەیشت کەلەژێر ئەم شەرائیتەدا کردنی تەفتیشاتێکی بێ غەش مەحاڵە تا دەوام ئەم حاڵە دەست بەئیش نەکردنیانی بە میستەر جاردین و جەواد پاشا خەبەردا.

لەم وەقتەدا هەرچەندە لەگەڵ حکومەتی ئەنقەرە موخابەرەکرا فەقەت بەرامبەر بەموتالەعاتی هەیئەتی جەوابێکی وازیع وەرنەگیرا ئاخیری جەواد پاشا بۆ ئاسانی ئیش و کاری هەیئەت لەسایەی هیمەتی شەخسی خۆیەوە تا هاتنی جەوابی قەتعی لە ئەنقەرەوە مەسئولییەتی ئەمنیەت هەیئەتی تورکیای گرتە ئەستۆی خۆیەوە بەنەوعێ کە خەلەل بە حوریەت و حەرەکەتی هەیئەت نەکا قسمێك لەشەرائیتی خسوسی ئەمنیەت قبوڵ کرد لەدوای دوو رۆژ هەرچەندە جەواب لە ئەنقەرەوە هاتەوە لاکین لەبابەت قبوڵی مەسئولییەتەوە هیچ سەراحەتێکی تیا نەبوو لەبەر ئەمە ئەم تەلەغرافەمان نارد:

موسڵ ٨ی شوباتی ١٩٢٥:

ئەنقەرە —ت ٣ نەزەراتی ئموری خاریجیە:

ئەو تەلەغرافەی کە نەزەرییەی جەواد پاش بەعەینی نەزەرییەی تورکیا تەلەقیکردنی تیا نووسرابوو وەرگیرا. جەواد پاشا– لەسەر داوای ئێمە –ئەم وەرقەی کەلە ژێرەوە نوسراوە وە لە ٦ی شوباتدا پێمان سپێررا، لەنەزەری حکومەتی تورکیادا موعتەبەربوونی ئیستدلال کرا.

بەناوی خۆم و حکومەتەکەوە، تا جەوابی قەتعی ئەو سوئالانەی کە لەحکومەتی ئەنقەرەوە پرسراوە دێتەوە مەسئولییەتی سەلامەتی شەخسییەی هەیئەتی تورك ئەگرمە ئەستۆم، وە بەیاناتی موعتەمەدی سامی کە ئەگەر بە عەدالەت ئیجرا بکرێ و تەئسیر نەکاتە حسیات و نفوزی هەیئەتی تورك، ئەو تەدابیرە موحافەزەیە کە بۆ موعاونەت و ئیجرای وەزیفەتان وەرگیراوە قبوڵم کرد:

ئیمزا

جەواد پاشا

هەیئـەت، لەگـەڵ موعاونـەکانی بـۆ دەوامـی تـەحقیقات بەرامبـەر بـەم تەسـهیلاتی حکومەتی تورکیایە موتەشەکیرە.

دەوپرسەن

هەیئـەت هەرچـەندە لـە ١٦ی کـانوونی سـانیدا مواسـڵەتی بەبـەغدا کـردووە، وە ئـەمڕۆش پێنجی شوباتە فەقـەت هێشـتا بەدامـەزراندنی پرۆگرامـی وەزیفەکـەی مۆفـەق نەبووە تەبەلیغی موخەمینـەکان کرابوو کە تاوەکو مەسئەلەی ئەمنیـەتی شەخسـییە بـە سورەتی قەتعیە حـەل نەکریٚ گویٚ لـە هیچ شاهیدیٚ ناگیریٚ، وە هیچ جەمعیـەتیٚ قەبوڵ نـاکریٚ. هەرچـەندە دەسـت بـەئیش نـەکرابوو لاکـین ئـەعزاکان لـە زەرفـی ئـەم مدەتـەدا بەسورەتێکی خسوسی ئەفکارو حسیاتی ئەهالی قسمن پشکنین،بۆ گـەڕانی دەوروپشـتی شارو داخلی ویلایەت پرۆگرام ڕێکخرا. وە دەرحەق بە ئسولی تەحقیقات لەبەیندا ئیتفاق پەیدابو. دائیر بە ئەحواڵی مەملەکەت بۆ ئەمەی مەعلوماتێکی عمومی دەست بکەوێت ناو بازاڕ، حەپسـخانە، وە بەعزیٚ جێگای تر وە لەگـەڵ گـەلیٚ لـە موعتەبـەران وەئەشـراف وە ساحێبی مـەعلومات -بە بیٚ ئەمـەی کەسیان لەگەڵدا بێت-زیارەتیان کرا، بەم سورەتە لەگەڵ ئەمەی کەمەیدانی تەتبیقاتو پڕوپاگەندەی هیچ لایەك نەدرا، دائیر بەئەحواڵی شار مەعلوماتێکی عمومییە پـەیداکرا هەیئـەت لـەپاش ئەوەی شـەرائیتی تـەحقیقاتی ڕەسمی دەستکەوت هەرسیٚ ئـەعزاکان بەیەکەوە ئیشـتراکی ئەمـەی کـرد. هەیئـەت ئیسـتینتاقی حەسر نـەکردبوە سـەر ئـەربابی سەنایع کـەوەکو ئـەتباع، توجار، وە جـەمعیاتی سیاسـیە وەسائیرە بیٚ لەهەموو تەبەقەی موختەلیفەی ئەهالی پرسیار کرد.

بێجگە لەهەیئەت لەمیستەر جاردینو جەواد پاشا لیستەی ناوی ئـەو شـاهیدانەی کەئارەزوی گویٚ لێگرتنیـان بـو داوای کـرد. بـەم نەوعـە هەیئـەت وردە وردە تـەحقیقاتی پێکراوە لە هەموو کەس عامو خاسی ئەهالی پرسی کرد. لەپێش پرسینی سوئالەکان ئـەو نوتقەی کـەرەئیس بەرامبـەر بـە هـەیئاتو ریجـالی موسـڵ دابـوی بـۆ ئیسـتیفادە لـێرەدا دەرەجی ئەکەین.

لـە زیارەتتـان و تەشـریف هێنانتـان موتەشـەکیرین. هەیئـەت لە مەسئەلەی حـدودی موسڵدا بەبیٚ ئەمەی مەیل بەهیچ لایەك بنوێنیٚ ئارەزوی کردنی تەحقیقاتێکی بیٚ غەشـی هەیە، لەم فیکرو ئارەزویەدا هیچ مورشیدیٚ نییە لەگەڵ ئەمەشدا ئەمانەویٚ وەحەز ئەکەین کە بزانین میللەت سەعادەتی حەقیقی خۆی لە چ لایەکدا ئەبینیٚ. هەیئەت لە ئیشو کاردا لـە تـەرەف ئێـوەوە ئومێـدی تەسـهیلات ئـەکا، وە ئەیـەویٚ کـە هـەموو کـەس بـە کـەمالی حوریەتو سەربەستی فکرو ئارەزووی خۆی بەیان بکا لـە موستەقبەلدا حکومـەتی هیچ لایەك ئەبیٚ با بەبیٚ نەزەری دڵتان ئەهێنمە سەر ئەوانەی کە موخالیفی شەهادەت ئـەدەنو بە کردەوەیان بۆ مەملەکەت نەتائیجی وەخیم پەیدا ئەکەن.بە هەموو هێزو قوەتتان سەعی بکـەن بۆ دەوامی سکونەت لـە ناو میللـەتدا وە لامـان وایـە مـەنعی قیـامو نمایشـی ئـەو گەنجانە ئەکەن کە لەگەڵ سیاسەتدا بیٚ عیلاقەنو ئەبنە باعیسی تێکدانی ئاسایش.

ئەوانەی ساحیبی مەوقیعی بەرز بوون لە حزووری هەموو هەیئەتدا، وە ئەوانـەی تـر یەکـە یەکـە لـە حـزووری یـەکیٚ لـە ئـەعزاکاندا گویٚیـان لیٚ گـیرا بـەم سـورەتە هەیئـەت

میقداریکی میهیمی ڕای کۆکردەوە. موبالەغە نییە ئەگەر بڵێین هەیئەت دەرحەق بە موسڵ حەسەب ئەلئیمکان بە تەواوی ئاگەهداری فیکری ئەهالی بوو.

نەزەرییەی حکومەتی تورك مەبنییە لەسەر لزومییەتی مشورەت لەگەڵ ئەهالی عیلاقەداردا، حکومەتی ئینگلتەرەش ئەهمیەتی ئەمەی تەسریح کرد، لەبەر ئەمە هەیئەت بۆ تێگەیشتن لە فیکری ئەهالی بە سورەتێکی واسیع وە بە دیققەتێکی تەواو لزومی بە سەعی نەبینێ.

ئەم سوئالەی (تورکیا یان عیراقی دەوێ) کە بۆ ئیستفسار وە پرسینی ڕای ئەهالی دامان نابوو لە پێشدا وا هاتە بیرمانەوە کە بەعزێ مەسائیل و مەوادی میهمی لێ پەیدا ئەبێ. سەرەڕای ئەمە لە ئەسنای ڕا وەرگرتندا دەرحەق بە ئیدارەی ویسایەت، وە دائیر بە نیزام نامەی مەعاهەدەی بەریتانیا–عیراق بە پرسینی بەعزێ نوقات لزومیەتمان حەس کرد بەرامبەر بە بەعزێ سوئالاتمان ئەو تیلەغرافەی کە لە ڕەئیسی وزەرای عیراقەوە وەرگیرا تووشی موشکیلاتی کردین. جەوابی تەلەغرافی مەزکورمان بەم نەوعە دایەوە بەبێ ئەمەی هیچ مانعەیەك نەیەتە سەر ڕێ هەموو نەوعە مەسائیلێ کە موتەعەلیق بێ بە موقەدەراتی مەملەکەتەوە بە سورەتێکی ورد کردنی تەحقیقاتی لازمە داخیلی وەزیفەمانە. مللەتێك کە لە مەبدەئی تەربییەی سیاسیە دابێ، وە لە بەینیاندا پروپاکەندەیەکی بە قوەت نەشر کرابێ ئسولی ئیستفتا لە ئەفکاریاندا ئەبێتە موجەب هەیەجانی ئەم جهەتە لێرەدا دیسان بەیان ئەکەین. لەبەر ئەسبابی مەزکورە بۆ تەسریعی ئیش و کارمان کە زۆر دواکەوتووە. وە بۆ تەحقیقاتی لازمە، ڕەوانەکردنی چەند شوعبەیەك بۆ ئەم لاو ئەو لای مەنتیقەی مونازع فیهی، وە بۆ بینینی وەزیفەی هەموو لایەك بە یەکەوە موافەقەت پەیدا بوو، وە ئەم تەدبیرەش ئەمریکی بەدیهییە. خسوسەن ئەعزای هەیئەت لەسەر ئیجرای ئسولی ئیستجواب موافقەتیان کردبوو. ئەم موافەقەتەیان لە ئەسنای بینینی ئەوەل وەزیفەیان لە موسڵ حەس کرا. لەگەڵ ئەمەیشدا، تێ گەیشتین کە شاهیدەکان لە حزوری هەیئەتدا بەتەرەددو تەحەیورەوە جەواب ئەدەنەوە. با خسوس ئەم نەوعە ئیستفتایە فائیدەیەکی تری بوو کە پۆلیسەکان ئاگەهدار نەئەبوون. عەلاوەی ئەمەش حەس کرا کە غەیبوبەتی سکونەت بەسەر ئەفکاری ئەهالی شاردا ئەهێنێتە وجود. ئەگەر هەموو ئەعزاکانی هەیئەت بەیەکەوە لەجێیەکەوە بۆ جێیەکیتر بچوایە لەوسائیتی نەقلیەدا سعوبەت، کەمی وەنەبوونی مەساکینی لایقە ئەبووە باعیسی تەئخیر بوونی تەفتیشات وەمانەوەیان، وەچوونی بەعزێ لە ناحیەکانیش مشکیل ئەبوو.

حازربوونی مەرەخەسی تورك و بەریتانیا تابعی ئارەزووی هەیئەت بوو. هەیئەت لە بردنی ئەمانە لەگەڵ خۆیاو لەبەجێ هێشتنیاندا موختار بووم. لە حەقیقەتداتووشی ئەزیەت نەهاتین چونکە لەم ناوەدا ڕیجالی ئیداری بەریتانیاو عێراق مەوجودە، وە لە ئەترافی موختەلیفە مەعلومەتیان هەبوو. هەر چوار ئەهلی خیبرەکانی تورك بەسەر شوعبەکاندا دابەش کردنی بە موناسیب دیترا.

وەختێ کە ئەم قەرارەمان بەمعاونەکان تەبیلغ کرد، لە میستەر جاریدن موزەکەرەی ژێرەوەمان وەرگرت: (لە نەتیجەی ئەو گفتوگۆیەی کەلەبەینی ڕەئیس و معاونی بەریتانیا جەرەیانی کردووە قسمێ لە ئەعزاکانی هەیئەت لەگەڵ مەرەخەسی بەریتانیا و تورکیا لەم

دوو شەمەیەی کەلەپێشمانەوە بە گەڕانی ئەترافی شار قەرار درا. معاونی بەریتانیا تێ گەیشت کە ئەو جێیەی چوونی مەقسودە لای ئاشکرا ناکرێ.

هەیئەت لەپێش سەفەرکردندا، پرۆغرامی وەزیفەو سەفەرەکەی تەعین و رێك ناخا. ئەگەر لەگەڵ هەردوو مومەسیلی تەڕەفەیندا بچێ بۆ جێیەك لەوێ ئەڵبەتە هەیە جانێکی سیاسی دێتە وجود، وە حەس ئەکەم کە ئەم حەرەکەتەیش بەسورەتێکی مودهیش ئەبێتە باعیسی تێکدانی ئنتزامی عمومی، مەسئولیەتی ئاسایش و ئەمنیەتی مەملەکەت کە لە ملی حکومەتی بەریتانیا و عێراقدایە، معاونی بەریتانیا عەلەنەن بەیان ئەکا کە مەسئەلەی تەجاوزی سەلاحیەتی کردووە. لەبەر ئەمە کەیفیەتی عەرزی مەندوبی سامی عێراق ئەکرێ، وە لەم خسوسەوە ئنتزار کردنی ئەمری مەجبورییە.

معاونی بەریتانیا لە مکالەمەیەکی شەفاهیدا بۆ موحافەزەی سەلامەتی شوعبەکان یەکە یەکە لەگەڵیان قوەتێکی پۆلیس بوونی بەیان کرد، لەبەر ئەمە لە پرۆغرامی سەفەری شوعبەکان خەبەرداری تەلەب کرد، هەیئەت ئەگەر چ ئیعتیزاری لەم داوایەکرد کە بۆ ئیجرای تەحقیقاتێکی بێ غەش مانعە لاکین میستەر جاریدن بەبێ وەرگرتنی قوەتێکی کافی بۆ تەئمینی سەلامەتیان جەوازی سەفەر شوعبەکانی هەیئەتی نەداوەتە چوونە ژێر مەسئولێتیانی بەیان کرد، وە لەگەڵ سێرهانری دوبس مەندوبی سامی عێراقدا کە بۆ سبحەینێ هاتنی تەئیدکراوە لەم خسوسەوە مشورەت کردنمان تەلەب کرد.

لە ٨ی شوباتدا موعتەمەدی سامی لە بەغداوە هات ئیجتماعێکی سڕی لەگەڵ ئەعزایانی هەیئەتدا بەست، لەسەر تەلەبی موعتەمەدی سامی معاونی تورك و بەریتانیا بانگ کران و حازر بوون.

موعتەمەدی سامی وتی بۆ لابردنی ئەو ئیختلافەی کە لە ئسولی تەحقیقاتی هەیئەتەوە نەشئەتی کردووە هاتوومەتە موسڵ وەتەڵەبی تەحدیدی وەزیفەی. ئەهلی خیبرەکانی کردوو پرسی کە عەجەبەن ئەهلی خیبرەکان بەسیفەتی موتەرجمی ئیشتراکی وەزائیفی هەیئەت ئەکەن.

رەئیس جەوابەن وتی ئیستحسال وتەقدمی مەعولماتی موفیدە بە هەیئەت وەزیفەی معاونەکانە، وەزیفەی ئەهلی خیبرەکانیش لە یارمەتی معاونەکان عیبارەتە، بێجگە لەمەیش هەیئەت حەقی هەیە کە موباشەرەی ئیستخدامیان بکا چونکە بۆ ئیستحسالی مەعلومات وەرگرتنی هەموو نەوعە تەدابیرێ لەسەلاحیەتیایەتی لەگەڵ ئەمەیش کە موتەرجمێتی داخیلی وەزیفەی ئەسلییان نییە لە ئیستخدام کردنیان بەسیفەتی موتەرجیمی مانع نییە.

لەپاشا موعتەمدی سامی بەحسی لە حیمایەی معاون ئەهلی خیبرەکان کردووە وتی ئەخبار کرابووم کە جەمعیەتی تورك خواهەکان بۆ حیمایەوە موساحەبەی جەنەڕاڵ پاشا لە ئەسنای هاتنە دەرەوەدا نمایشی بۆ ئەکەن ئەم حەرەکەتەیان کە موجیبی ئیزتراب و تێکدانی ئاسایشە، مەنع وەرگرتنیان وەزیفەی پۆلیسە.

رەئیس بەیان کرد کە ئەفرادی پۆلیس مەنع کراون لەبڵاوکردنەوەی نمایشی وەتەن پەروەران، وە عەلاوەتەن قونت تلەکەی وتی: ئەگەر ئیعترازی ئەو معامەلە جێبەجێ باش دەست هەڵگیرابێت لەمەوافەق و قبوڵ بوونی ئەو تەدابیرەی کە پۆلیس ئینتیخازی کردووە لێی ئیستدلال ناگیرێ.

موعتەمەدی سامی بە حەماسەتەوە وەتەن پەروەری ئەهالی موسڵی تێی گەیاند وتی ئەمەلم هەیە لەمەودوا حەرەکاتو نمایشێ کە پێتە باحیسی تێکدانی ئیستراحەت هەیئەت روونەدا لەسەر ئەمە رەئیس وتی ئەم حەراکاتو نمایشە موجەبی ئەسەفە، نەك لەبەر ئەمەی بڵێی ئیستراحەتی ئێمە تێك ئەچێ، بەڵام لەبەر ئەمەیە کە ئەبێتە سەبەبی تێکدانو تەهیجی ئەفکاری ئەهالی. موعتەمەدی سامی تەسریحی کرد کە قابیلی ئینکار نی‌یە تەحقیقاتی هەیئەت، بینا بەم رەوشتەی کە لە موسڵدا لەسەری دەوام ئەکرێ، خاڵی نییە تەماسکردن بە نفوزو قوەتی حکومەتی بەریتانیاو عێراق لە هەمومی مەنتیقەی موتەنازع فیهی لەو تەقریرانەی بە بەغداد هاتووە دەرکەوتووە ئەو سوئالانەی هەیئەت لەئەکسەری شاهیدەکانی پرسیووە دەرحەق بەبێ قووەتی هەردوو حکومەتەکە بووە لەمەیش وا دێتە فکرەوە. کە هەیئەت سەعی ئەکا بۆ گرگرتنەوەی رای موخالفین ئیدارەی حازرەوە بووی بەیان کرا مەنتیقەی مەزکور لەژێر ئیحتیلالی یەکێك لەتەرەفەینی مونازعدایە، وە تەرەفی موحتەل بەسەر ئەولاداتەفوقی هەیە ئەم خسوسیە کە هەیئەت موزنەر ئەکا بە وەرگرتنی هەموو نەوعی وەسائیلێ کە ئارەزووی حەقیقەی ئەهالی لا تەئیید وە تەحقیق بکا.

وە بەیانەن ئەڵێم لە ئەسنای ئیش کردندا، لەبەینی هەیئەتو معاونەکاندا تەماسێکی تەواو لازمە کە واسیتەی حکومەتی مەحەلییەوە ئیجاری تەحقیقات وە ئیستیشارەی رای عام مومکینە.

رەئیس بەیانی کرد هەیئەت ئارەزوو و رەغبەتی هەیە بەنەزری ئیعتبار تەماشای بەیاناتی تەرەفەین بکا بەکەمالی حوریەت وە مەوافیقی وجدانی تەحقیقات بکا بەهەموو حاڵی لازمە ئەو تەریقەی کە بۆ ئیجرای ئیشو کاریان وەرئەگرێ لەو تەقریرەدا کە تەقدیمی جەمعیەتی ئەقوامی ئەکا شەرحو ئیزاحی بکا وە ئەیزەن بەیانی کرد کە بەعزێ حەرەکاتی بێ جێ مانعی ئیشو کاری هەیئەت بوو، بە واسیتەی ئەو تەدابیرەی کە هەیئەتی پۆلیس بەبێ سەلاحیەتو ئیتخازیان کردبوو.

موعتەمەدی سامی گەڕایەوە سەر بەحسی بەیان کردنی سوعوبەتێ تەئمینی ئەمنیەتو موحافەزەی ئاسایش ئەو بەیانی کرد کە حکومەت حازرە موکاللەفە بە تەدبیقی قەوانینی مورعیە لەو مەوقیعانەی کە لەژێر حوکمایەتی قونتەلەکی بە سیفەتی حقوقناسیەوە بۆی بەیان کرد کە قەوانینی عێراق عائید بە ئیدارەی مەملەکەت وە موحافەزەی نیزام بێ لە مەنتیقەی مونازع فیهدا تەنفیزی مومکین نییە.

موعتەمەدی سامی لەحەرەکاتی مومزەتەین پۆلیسی عێراق کە شوبهەی نی‌یە بۆ تەئیمینی ئینتیزام نواندبویان ئیعترازی کرد لەپاش ئەمە موعتەمەدی سامی تێگەیشت کە ئەحوالی مەجبور خەتای ئەکا وە مەسئولەی شایان دقەتە بۆ ئەمەی لە تەرەدودا نەمێنێتەوە ئیستیشارەی مەسلەحەت بینی. چونکە ئەو مەسئلەیە لازم بووبێتە مەوزعی ئیعترازی حکومەتەکەی لەئەسنای مناقەشەی تەقریر لە مەجلیسی عوسبەتی ئەلئومەمدا.
وە ملاحەزەی کرد حکومەتەکەی موافەقەت لەسەر قەراری هەیئەت نامێنێ کە وتراوە ئەعزاکان جوێ جوێ وە مونفەریدەن لە ئەقسامی موختەلیفەی ویلایەتدا تەحقیقات ئیجرا بکەن.

تەشكيل كردنی هەيئـەت لـە ئـەعزای موختـەليفی ئـەلجنس دەلالـەت لـەوە ئەكاكـە مەجليس بۆ تەئمينی (مەوازنەتێكی تەواو) هەوڵيداوە.

وەلاكين موعتەمەدی سامی موتـەرەديدە كـە حكومەتەكـەی وە ڕای عـامی بـەريتانی موناقيدی ئەو فيكرەبێ كە جنسيەتی ئـەعزای هەيئـەت خـاڵی لـە تەئسيرينە بەسەر ئـەو نەتائيجەی كە هەريەكە بەجوێ ئيستنتاجی ئەكەن.

ڕەئيس بەناوی خۆیو ڕەفيقەكانيـەوە وازيحـەن بـەيانی كـردوە ديقـەتی هێنانـە سـەر ئەوەی كە ئەم ملاحەزاتە لەجێ خۆی نييە. وە وتی مەسئەلە شايان ئيعتيمادە، مەجلس ئەعزای هەيئەتی بە ئيتيفاقی ئارا تەعين، وە لە حەرەكەتيان دا حوريەتو سەربەستێتی و سەربەخۆی تەواوی پێ ببەخشێ وە لەسەلاحيەتی مومەسيلی حكومەتەكاندا بوو كە ئـەو وەختـە لـە حزوری مەجليسدا لـە ئەسـنای ئيعتـايی قـەراردا ئينتيقـادادی خۆيـان عـەرز بكردايە، لاكين ئێستا ئيشو كاری هەيئـەت گەيشتۆتە ئەم رادەيە، لەبەر ئەمـە لـێرەدا ئيعـترازی بێجێيـە. وە عەلاوەتـەن وتـی لـەم مەسـئەلەيەوە ئيعـادەی بەحسـی عاقيبـەتی وەخيمە.

ئيجتماعی خيتامی هات بەتەقديم كردنی بەياناتێكی موفەسەڵ لە بابەت پرۆغرامـی هەيئەتـەوە. بۆ كەسبی ئيتلاع موعتەمـەدی سامی وەريگرتو وەعدی دا كـە بـە هـەموو وەسائيلی ئيشو كاريان ئاسان بكات. تـەحقيقات لـە موسڵ مۆقـەت ڕاوەسـتێنرا لـەپاش ئەوەی قەراريان دا كە لە ٢٥ شوباتدا لە كەركوك مولاقات بكەن بڵاوبوونەوە.

بۆ تەحقيقاتی ئيترافی شار موسيو ئوفو يرسەن (ڕەئيس) لەگـەڵ جـەواد پاشا و ميستـەر جاردين لە موسڵ مانەوە وە لەدێهاتی ئەو ناوە تا سنجارو تەلەعفەرو قەرەقوشو عەقرەی زيارەت كرد ئەو مەواقيعەی كە ئەچوون بە مەوجيبی ئەو دەفتەرەی كە معاونـەكان دابوويان وجوهی ديهاتە مجاورەكان بانگ ئەكرانو ڕايان وەرئەگيرا.

لەگـەڵ ڕوئەسـای ئـەو قەبائيلـەی كـە لـە غـەربی ديجلـە سـاكينن مولاقـاتو ڕای لێوەرگرتنی خسوسەن لە ڕەئيسی عەشيرەتی شەمەڕ كە موهيمە.

قونت تلەتی لە ئەربيلدا تا شەقلاوە و مەخمورو تەحقيقاتی ئيجرا كرد نازم بـەگ وە مۆزەفی ئينگليزی ميستـەر ليۆنو تـەرجومانی هەيئـەتی موسيوگرامەر (....) عەشائيری دروی[٣٦] ، خۆشناو، كورە[٣٧] ، شێخ بزێنیو دێهاتی سارليە گەڕاو مواجەهەی لەگەڵا كردن.

كۆڵۆنيلی پۆليس لەمەنتيقەی كەركوكدا تا چەمچەماڵ تـەحقيقاتی كرد سـەبيع بـەگ موخبيری حكومـەتی عێراق، وە كاميل بـەگ موخبيری حكومـەتی توركيـای لە ميعتـابوو لەگەڵ مومەسيلی عەشيرەتی العوبێد. جبور، داودە، هەمەوەندو وە شوان ملاقاتی كرد.

لە مەنتيقەی كفريدا موسيو بۆتارليس بە معاونەتی فەتاح بەگ زابتێكی ئينگليزی كە شـارەزای ئـەو نـاوە بـوو ئيجـرای تـەحقيقاتی كـرد، ميسـيوپۆتارليس ئـەترافی جەبـەل حەمرين گەڕاو لەگەڵ عەشيرەتی جاف، زەنگەنە، دەلۆ، وەبەياد، مواجەهەو ملاقاتی كرد.

وە هەيئەت لەگەڵ مومەسيلی عەشيرەتی مير يوسفیو بلباس، سورفی[٣٨] و هـەركی، خەيلانی و سائيرەدا ملاقاتی كرد.

ئەو ڕێيەو كە هەيئەت پيا ڕۆشتبوون لەخەريتەی يەكەمدا كە مولحـەقی ئـەم تـەقريرە بە بەيان كراوە.

ڕا وەرگرتنی عەشایەرو دێهاتەکان لەهی شارەکان زەحمەتر بوو چونکە ئەوان لەسیاسەتدا کەمتر بێ مەعولمات وە لەئەمەدا زۆرتر دواکەوتوو بوون وە ئەوان لەم خسوسەوە مەعلوماتیان کەمتر بوو.

لە ئەسنایی تەحقیقاتدا موعامەلەی هەیئەت وەك و ژێرەوە بوو، ئەوەلەن ئیعتباراتی ئاسان، وە لە حزوری ئەو کەسانە کەلایەنگرت بوونەوە لەئەسلی مەقسەد موباحەسەی جەرەیانی ئەکرد لەدوا. ئەیدا لەپاشەملەی موعاونەکان سوئال کرا هەیئەت لە تەحقیقاتدا تەنها ئسولێکی تەعقیب نەکرد لەم جیهەتەوە ریعایەتی ئیدراك و مەعریفەتی شاهیدەکانی کردووە.

لە دواییدا ئەعزای هەیئەت لەگەڵ معاونەکان لە کەرکوك گردبوونەوە وە لەوێوە بۆ ئیکمالی تەحقیقات بۆ سلێمانی چوون لە ئەسنای گەڕانەوەیان لەسلێمانییەوە بۆ موسڵ، لە کەرکوك و ئاڵتون و کۆپری ، وە ئەربیل راوەستاون و تەحقیقاتیان ئیکمال ئەکرد کە بەعزێ لە ئەعزاکان لەوێ موسیر نەبوبون بەتەواوکردنی.

هەیئەت لە ٨ی مارتدا گەڕایەوە موسڵ، لە حەرەکات وە وەزعیەتی پۆلیس زۆر مەمنوون بوون کە ئەعزای هەیئەتی تورکیا بەکەمالی حوریەت و سەربەستی ئەگەڕان و لەگەڵ بەخولق ئەبوون لە تەحقیقاتی دووەمدا حکومەتی مەحلیەی مەیدان هیچ بێجێیەکی نەدا. وە لەم مساعەدەیە معاونی تورکیا ئیستیفادەیان ئەکرد.

لەسەر هەیئەت تەسریح و بەیانی لازیمەی ئەو لائیحانەی کە حکومەتی بەریتانیا ئەینواند هەموو نەوعە مەعلوماتێکی تیا بوو (....) بەبێ غەرەز ئەفکاری هەموو کیبارو ئەشرافی هەموو لایەکی تێدابوو بێ ئەمەی تورك خواهەکان ئیستسنا بکرێن لە تەحقیقاتی دووەمدا هەیئەت لە موسڵ عیلمەن، دەوڵەمەندو فەقیر ی بەبێ تەفریق ئیستجواب کرد وە تاقمێ لەمەلاکان ساحێبی خانوو وە ساحێبی دێهات وە ئەرازی، وە هەموو مونتەخیبەی ئاینەکان کە ئیسمیان لە دەفاتری پێشووی تورکیادا موقەیەدن، وە هەموو ئەعزای مەجلیسی بەلەدییەی موسڵ هی بیست ساڵ لەمەوپێش تا حاڵی حازر بانکران و ئیستجوابی کردن.

هەیئەت کەزانی وەزیفەی تەحقیقات لە موسڵ تەواو بوو ڕووبە زاخۆ حەرەکەتی کرد. لەوێ لای دایە گەورە دێیەکانی مەسیحیەکانی مەنتیقەی قوش ودێهاتی یەزیدیەکانی مەنتیقەی باعەدرێ.

هەیئەت، لە زاخۆ لەگەڵ رونەساوە ئەشرافی ئەو ناحیانەی کە کەوتونەتە ژوور خوارووی خەتی حدود کە لە برۆکسلدا ئیتفاقی لەسەر بەستراوە، بیلخاسە لەگەڵ مەسیحیەکانی ئەو دێهاتەنەی کە لە ئەرازی قەبائیلی گۆیان[٣٩] سندی واقیعە ملاقاتی کرد.

لەدوای ئەمە هەیئەت بۆ دەوامی تەحقیقاتی لە زاخۆوە بۆ دهۆك چوو. ئەهالی ئەوێ زۆر موتەهیج دی. داوا ئیجزارکردنی بەعزێ شاهیدی بۆ ماڵەوە کرد کە لەخاریجی شار بۆ ئیقامەت چاکرابوون ئەو رۆژە قەرەباڵغیەکی گەورە لەبەردەگا گردبووەوە. چونکە لەوێ شایعە وادرابوو کە سیلاحیەتی حوکم و ئیعتادی قەرار دراوەتە دەست هەیئەتی جەمعیەتی ئەقوام. لەسایەی تەدابیری شەدیدەی هەیئەت، وە لەسەر بەیان و ئیزاحاتی هەیئەتەوە مەملەکەت سکونەتی پێشووی وەرگرتووە.

هەیئەت لە دهۆکیش وەکو زاخۆ چە لە داخیلی شار وە چە لە ناحیەکان لەگەڵ ئەو کەسانەی کە معاوناتی تورك و ئینگلیز ئیحزاریان تەڵەب کردبوو مولاقاتی کرد. هەیئەت ئەشرافی دهۆك، وە ئەو جەمعیەتانەی کە لەعەمادییە وە لەئەترافی شیمالەوە بۆ دهۆك دەعوەت کرابوون ئیستجوابی کردن.

موسەتەغنای بەیانەکە کە هەیئەت تەحقیقاتی حەسر نەکردبوو وە سەر ئاگاهدار بوو ئارەزووی ئەهالی لە نوقتەی سیاسەتەوە لە ئیلحاق کردنی مەملەکەتەکەیان بەیەکێك لەم دوو حکومەتە مونازع فیهی لە عەینی وەختدا لە حسابات و لە ئەحوالی ڕۆحیەی ئەهالی موباحیسەی ئەکرد.

هەیئەت لەگەڵ جێ بیخسوسی موسڵ، لەو تیجارەتخانەو بازاڕووە ئەنبارەکان کە چۆن زۆر ورد سەعی وە لە نوقتەی تیجارەت و ئیقتسادەوە گەڵ سوئالی کردووە، وە لەئسنای سیاحەتیا دائیر بەعلومی جوغرافیاو ئەتنوغرافیاو فیزیۆلۆژی گەڵ ملاحەزاتی دەستکەوتووە، وە دائیر بەوەسائیقی نەقلیە وەارداتی زراعیەو سائیرە ڕاپۆرتی موختەسەری تەتزیم کردووە.

لەو دەشتانەی کە قابیلی سوکنایە وە لەمەواقیعی سائیرەدا بۆ ئیستحسالی مەعلومات لەخسوسی ئیشغالی عومیەی ئەهالییەوە چەند سیاحەتێکی هەوائی ئیجراکرد، لەئەوەل سیاحەتدا بەسەر هەموو شاخەکانی سنجاردا، وسێ جار لە زاخۆ وە بۆ ڕواندز لەحدودی شیمال وەدووجاریش بەسەر جەبەل حەمریندا تەیرانی کردووە.

هەیئەت لە ١٨ مارتدا گەڕایەوە موسڵ. چەند ڕۆژێکی لەوێ ڕابوارد. ئەم مسفەدەنە بەتەرتیب و ڕێکخستنی ئەو مەعلومات و وەسائیقەی کە گرد کرابۆوە خەریك بوو کە بەتەواوبوونی وەزیفەی تەحقیقات قەناعەت پەیدابوو بەڕێی تیجاری دێرزورو شام لە موسڵەوە حەرەکەتی کرد. وە لە ٢٠نیساندا کە مسادفی ڕۆژی دوو شەممەیە لەجنورەو ئیجتماع و دەست بە نووسینی ئەم تەقریرە کرا.

هەیئەت لێرەدا، لەو یارمەتیە بەقیمەتانەی موعەلیمی کولیەی (لەیید) موسیوگرامەر کە لەتەحریری ئەبوابی مەخسوسەی تورك و کوردو سارلیەدا نواندبووی، وە لەخەدەماتی کەبەسیفەتی موتەرجمێتی ئیبرازی کردبوو بەیانی تەشەکور ئەکا.

هەیئەت لەئەسنای وەزیفەدا لەزەواتی ئاتیەکە معاونەتی لێ تەڵەب کردبوون ئیستفادەی کردووە:

لە کتێبخانەی مەجلیسی واشنتۆندا ڕەئیسی دائیرەی خەریتە کۆلۆنل. ل. ماریتن.
موعەلیمی کولیەی کۆلۆمبیا، لەنویورق [٤]، میستەر ل وستەرمان
موعەلیمی کولیەی هارود لەماشوزستە، میستەر ئا.ك کولیج
موعەلیمی کولیەی ویانە مسیو ئان. ئوبرە هەمەر
موستە شاری مۆزەخانەی تاریخی تەبیعی لەویانە دوقتور ویکتۆر
مدیری جەمعیەتی جوغرافیا لەئەمریکا پرۆفیسۆر ج. باومان
موعەلیمی کولیەی توبانچن مسیوش ئوهلیك
لەپاریس لەمەکتەبی وەتەندا موعەلمینی ئەلسنەی شەرقیە مسیوغۆر فوادامومبین
لەموعەلمینی کولیەی جنورە مسیو ئا. شبکسن
لەموعەلمینی کولیەی پاریس مسیو دیمانچون

لەموعەلمینی کولیەی بەرلین مسیو ئاد. شاسو
لەبەرلین پرۆفیسۆر موردمان
موعەلمی کولیەی بۆ داپشتە مسیو ئا. داوید
موعەلمی کولیەی بۆ داپشتە مسیو ج. نمس
مدیری قلوبی تجارەتو سناعەتی شەرقیە لەپاریس مسیو ز. خانزادیان
شێخ محەمەد عەلدو ئەلرەسول میسری (لە قاهیرە)
هەیئەت بەکەمالی خلوسەوە لەم زەواتی موحتەرەمەیە کە بەعیلمو عیرفانیان بۆ تەسهیلاتی ئیشو کارمان معاونەتیان فەرموە بەیانی تەشەکورئەکا، وەلەم تەشەکورەدا ئیشتراکی جەمعیەتی ئەقوامیش ئومێد ئەکەین.

قسمی دووەم

ملاحەزە لەسەر ئسلوبی تەحقیقات

کە هەر دوو حکومەتەکە ئیقتراحی کردبوو

نیزاعێ کە هەیئەتی مەجبور کردبێ بەئەقری مەعلوماتو تەقدیم بەجەمعیەتی ئەقوام عائید بەئەسلێ مەسئەلە نەبووە وەلاکین شمولی هەیە بەسەر ئەو ئیختلافەی کە لەئارای تەرەفەنیدا نەشئەتی کردووە. لەخسوسی وەرگرتنی تەریقی لازمە بۆ حەلو فەسلی نیزاع.

لەئەسنای مفاوەزاتی مەجلیسی لۆزاندا حکومەتی تورکیا تەڵەبی ئیستفتای کرد. بەو فکرەوە کە ئەو ئسلوبە رێیەکی تەنهاو عادلە بۆ حەلی مەسئەلە. بۆ ئەمەی هەرچی مەعلوماتو موستەنەداتی لازمە هەیە گرد بکرێتەوە حکومەتی بەریتانیا مەیلی تەشکیل کردنی هەیئەتێکی کرد. وەختێ کە جەمعیەتی ئەقوام بەتەعیینی هەیئەتی تەحقیقیە قەراریدا، لەگەڵ ئەمەی ئسولی ئیستشارەی ئەفکاری ئەهالیشی بە باش بینی، مەرەخەسی تورکیا ئسلوبی موقتەرەحەی قبوڵکرد. وە بۆ ئیزهاری ئارەزووی حکومەتەکەی بەخسوسی ئەسراری کرد کە ئەو هەیئەتەی بۆ مەنتیقەی موتەنازع فیهی ئەنێررێ لەپێش هەموو شتێکدا تەماشای ئەو دوو ئسولە بەیان کراوەیە بکا. وە بۆ کەشفی ئارای سیاسیەی حەقیقیەی ئەهالی موسڵ بەچاکترین ئسول دابنرێ.

جەمعیەتی ئەقوام تەوسیەی هەیئەتیکرد بەنەزەری ئیعتبار تەماشای ئارای تەرەفەین بکا کەموختەسە (بەو ئسلوبەو تەریقەی کەوەرگرتنی لازمە، وە لەپێش دەست بە بەحسکردن لەئموورێ کە موتەعەلیق مەوزوعی دەعوای ئەسلی بێ، لازم بینرا کە لەم خسوسەوە بەستی مەقال بکرێ.

بەیانو تەقدیم کردنی خولاسەی نەتائیجی مودعیاتی هەر دوو حکومەتەکە بەفائیدە بینرا.

١-خولاسەی دەلائیل وە بەراهینی حکومەتی تورکیا:

مەسئەلەیی، کە ئەوەندە میهم بێ وەموقەدەراتی میقدارێکی گەورەی ئەهالی تێدابێ، لایق نییە بخرێتە تەحکیمەوە. شوبهە نییە هەیئەت ئەتوانێ کەبە کەشفی بەعزێ حەقائیق بگا. وەلاکین ئەو قەرارەی کە لەبابەت ئارەزووی ئەهالیەوە ئەینوێنێ لەتەرەدودو شوبهە لێ کردن خاڵی نییە، چونکە هەیئەت لەتاقمێکی مەحدود زیاتر مواجەهە

لەگەڵ خەڵقدا ناکات کە ئەوانیش لەڕای عومومیدا قسمێکی بچووك تەمسیل ئەکەن، جابەم ئەحواڵە ئارەزووی حەقیقیەی ئەهالی بەقەتعی مەعلوم نابێ، ئەو وەختە تەحقیقاتیان بەنەقوسانی ئەمێنێتەوە وە ئەبێتە باعیسی نەتیجەی دەستکەوتێ کەمەناخیو مەغایری عەدلو حەقانیەت بێ. وەختێ کە حەلو فەسڵی نیزاع تەئسیری بەسەر مەسالیحی سەد هەزار کەسی ئەفرادی ئەهالیدا بێ، ئینساف، وەئەفکاری سیاسیە ئیقتزا بەتەسهیلکردنی مەسلەحەتی ئەهالی ئەکا، بۆ ئەمەی کەبتوانێ لەبابەت موقەدەراتیانی وە بەکەمالی حوریەتو سەربەستی قەرارو ڕای خۆیان بدەن. چونکە نەقلی میلەتێ لە حکومەتێکەوە بۆ حکومەتێکی تر بەبێ ڕەزامەندنیان جائیز نییە.

بۆ حوکمی قەتعی لەموقەدەراتی مەنتیقەیێ کە لەژێر نیزاعدا بێ، وەکو ئیمسالی ئەم قەزیەیە ئیعتراف بەلزومیەتی ئسولی ئیستفتا کراوە، هەموو مەسائیلی سلیزبای شیمالی، وە بەعزێ لە ئەقسام و پروسیای شەرقی، وە مەنتیقەی شلبزویك وەکلاکفورت وەسائیرە بەم نەوعەبووە، مەلەلی شەرقیە دەرکو فەرقی ئەو ئەسبە ئەکا کە بۆتە باعیسی مەعامەکردنە لەگەڵیا بەنەوعێ زدی ئەو قاعیدەو تەریقە کە بۆ مەعامەکردنە دەرحەق بەئەقوامی ئەوروپا ئیتفاقی لەسەر بەستراوە.

وە ئەگەر لەمەسئەلەی ئینتخابی ئەمیر فەیسەڵدا ئیستشارەی ڕای ئەهالی عیراق مومکین بووبێ، کەوابوو مەعزورین لەتەسدیق نەکردنی ئەو قەولە کەوترابوو بۆ خسوسی ئیلحاقیان بەیەکێ لەم دوو حکومەتە لەئیستیشارەو ڕای وەرگرتنیاندا مەوانیعی قەویە مەوجودە. کە ئەم جیهەتە لەمەسئەلەی ئینتخابی ئەمیر بۆ ئەوان مهیم ترە.

ئەگەر حکومەتی بەریتانیا ڕەفزی ئیستفتا بکا لەزوعفی بەراهینی، وە لەبێ حەقی داواکەی وە بۆ تەرجیح کردنی میللەتی تورك دەلیلە.

لێرەدا مادەیەکی تر بۆ لزومیەت بەئیجرای ئیستفتا لەویلایەتی موسڵدا کە ئەویش ئەم نقوسانیەتە بەدیهی یە لەوەسائیقو بەیاناتی بەریتانیا لەو دوو دەفعە ئیستشارەی عومومییەی ساڵی ١٩١٩ وەساڵی ١٩٢١ کە لەعیراقدا ئیجرای کردبوو.. (موافقی موزەکەرەی تورکیا، لەئەیلوبی ١٩٢٤س ٤٩٤-١٩٢٤-٠٧).

ا-لۆردگورزن، متالەعەنامەی عیسمەت پاشا کە لەکانونی ساڵی ١٩٢٣ لەلۆزاندا دەریان کردبوو ڕەدکردەوە کە ئەولەوی لیئەمری بەریتانیا لەخسوسی بەیەکەوە مانەوەیان وەیا لەیەك جوێ بوونەوەیان ئیستشارەی ڕای ئەهالی موسڵ، بەغداد، وەبەسرەی کرد. ئەهالی ئەم سێ ویلایەتە جەوابەن جوزئی لا یەنفە کە بۆ نیاتی بەیان، وە لەیەك جوێ بوونەوەیان ڕەدکرد. وە لەعەینی وەختدا بۆ ئیعتای قەراریان لەخسوسی ئینتخابی مەلیکێکی عەرەب لێیان پرسرا، جەوابیان بەتەواوی یەك نەبوو. فەقەت وەختێ کە لەساڵی ١٩٢١دا ئیستشارەی عومومی ئیجراکرا، لەبابەت ئینتخابکردنی ئەمیر فەیسەڵ بۆ مەلیکی عیراق، ئەهالی ویلایەتی موسڵ بەئیتفاقی ئارا بەمەلیکی قبوڵو ئینتخابیان کردووە.

ب-هەر لەو بەیاناتەدا لۆردگورزن بەحسی ئەو تورکانەی کرد کە لەقسمێکی ویلایەتدا ساکێن وە وتویەتی: بێجگە لەخەڵقی کەرکوك عومومی ئەهالی بە ئیتفاقی ئارا بەعیراق ئیلتحاقیان قەرار وە ئەمیر فەیسەڵیان بەمەلیك قبوڵ کردووە. (موزەکەراتی لۆزان جلد -١- سەحیفە ٢٩٢)[٤١].

له مەجلیسی لۆزاندا مەسئەلەی موسڵ

لەمەجلیسی لۆزاندا ئەو مەسائیلەی لەبەینی ئینگلیزو تورکیادا مەوجود بوو بە موافەقەتی تەرەفەین وە بەموافەقەتێکی عەزیمی تورک حەل و فەسڵکراوە.

مەسئەلەی موسڵ وەحدودی عیراق لەپاش ئینقازی مەوادی موعاهەدە بە ٩مانگ لەبەینی هەردوو حکومەتا حەل دەکرێ وەکو لەمەتبوعاتی ئەجنەبیدا موتالەعەکراوە وامەعلوم ئەبێ کەسەبەبی موخالەفەت لەسەر نەفسی شاری موسڵە کە عەرەب ئیدیعای ئەکات وەئەو ئەرازییە کە بەکورد مەسکونەو ئەکسەریەتی عەرەب نیە کە لەبەینی تورک و ئینگلیزدا موجیبی نیزاعە، وەبیلخاسە مەسئەلەی نەوتی موسڵ کە تورک ئیدیعای حیسەیەکی ئەکات وەها مەعلوم ئەکات کە حکومەتەین هەتا ئێستا لەم جیهەتانەوە فکرو قەراری قەتعیان نەدابێ فەقەت رێککەوتیان زیاتر مەئمولە.

ئومێدی ئیستیقلال، ژ (٣)، ل (٣)

میعادی موزاکەرە دەرحەق بەموسڵ

نەزەر بەتەلەغرافێك کە جەریدەی ئەلبەلاغ بەسورەتی خسوسی‌یە لەئەستانبوڵ وەریگرتووە تۆفیق بەگ میر ئالای بووە بەرەئیسی جەمعیەتی ئەو تورکانەی کە مەئمورن بۆ موزاکەرەی موسڵ، لەپاش حازر بوونی هەیئەتی ئینگلیز لە ٢٥ی تشرینی ئەوەلدا موزاکەرە دەست پێدەکا.

ئومێدی ئیستیقلال/ ژمارە (٦)، ل (٣)

له غەزەتەی ئەلئەهل

موسڵ کلیلی شەرقی ئەوسەتە

(غەزەتەی لازی فرانسن) کە لەپاریسدا ئینتشار ئەکا نوسیویەتی ویلایەتی موسڵ چونکە واقیع بووە لەسەر نەهری دیجلە وسیلسیلەی چیای کوردستان، بەرەن و نەهرەن بە بەغدا هیند، ئیرانی کورد تا ئەنادۆڵ و بەسوریە مەربوتەو بەواسیتەیەوە بۆتە کلیلی شەرقی ئەوسەت. تەهلوکەیەکی عەسکەری کە مومکینە تەهدیدی بیلادی عیراق بکا لەو شاخانەوە زهور ئەکا، کە ئیمتدادی ئەو شاخانە لەسەر شکلی نیسف دائیرەیەکە لەشیمال و شەرقی سەحرای ویلایەتی موسڵە. لەنوقتەی عەسکەریشەوە موسڵ نوقتەیەکی مقاوەمەی مەرکەزییە چونکە هەدەفی یەکانەی نەزەری موهاجمین بۆ سەر شاری بەغدا تەشکیل ئەکا. لەحەربی عمومی (١٩١٥-١٩١٦) میلادیدا تورکیاو روس و ئینگلیز مەقسەدی یەکانەیان ئەمە بوو کە بە واستەی ئەو ٣سیلسیلەی جیبالەی لە شیمال و شەرقی موسڵ واقیعن ئەم ویلایەتە لەجەبهەی قەفقاس و توران جیابکەنەوە.

بەواستەی ئیتسالی ئەم ویلایەتە بەعەجەم‌و کوردستانەوە، وەبەواستەی دوو ڕێگای موهیم کە عەرەبانەی نەقلیەیەی پیائەڕوا، وەکو دەربەندی (قوتر) لەتەریقی وان‌و تەبریزو ڕێگای (زاگروس) لەڕێگای هەمەدان‌و بەغدایە، دیسان ئەم ویلایەتە لەنوقاتی موهیمەی ئسەوقی ئەلجەیشی مەعدودە. فیلواقیع لەم شاخە بەرزانەدا گەلێ ڕێگای سەختی تر هەیە کە کاروان‌و هێستری پیا ئەڕوا فەقەت لەمەمەڕی ڕەواندزو شنۆ بەولاوە لەهیچ ڕێگایەکیدا عەرەبی پیا ناڕوا لەبەر ئەمە ئۆردوی روس‌و تورك هەر لەم ڕێگایەوە هجومیان بۆ یەکتر ئەکرد.

موتەخەسسین ئەگەر تەماشای خەریتەی ئەم مەوقیعە بکەن ئەبینن کە هەر کەسێك ئارەزووی وەبتکردنی عیراق‌و هندستان بکا بە هەرحاڵ ئەبێ ئێران‌و کوردستان بکا بە ئوسلحوەکانی خۆی. بۆ ئەمەیش شاری موسڵ لەپێش هەموو شتێکدا نەزەری دیقەتی ریجالی عەسکەریە جەلب ئەکا، لەبەر ئەمە بۆ محافەزەی شارەکانی عیراق لەقیوای هەوائیەو ناریەی دژمن، موسڵ یەکانە مەرکەزی هجوم‌و مودافەعەیە وەزاتەن لەحەربی عمومیشدا ئەترافی موسڵ بوو بوو بەسەبەبی موراقەبەو هجومی شەدیدی ئۆردوی روس‌و تورك، چونکە ئەم جێگایە لەبەینی ئێران و کوردستان و مەمالیکی شیمالیەی سائیرەدا مەوقیعێکی موهیم بووە.

کە وەقتێکی تورك لەئێران وە لەکوردستاندا تەقەدومی کرد و گەیشتبووە ساوحیلاق روسەکان بۆ حیمایەی مەناتیقی دۆستەکانی خۆیان وەحیمایەی تەبریز، ئورمیەو چولفە، وەئازەربایجان لە مەواقیعی موهیمەدا مقاومەت و تەعەروزی قوەتی ساوحیلاقی تورکیان ئەکرد کە ئەم مەوقیعانەش عیبارەت بوو لەختوتی تەقەروبیەی ویلایەتی موسڵ.

حکومەتێك ئەگەر ویلایەتی موسڵی بەدەستەوە بێ و خسوسەن ئۆردویەکی مونتەزەم و موجەهەزی ببێ و بە پارەی خۆی ڕێگای شەمەندوفێری بۆ بکا عمومی شەرقی وەستا ئەگرێتە ژێر دەستی خۆی.

هەر لەبەر ئەم نوقتە موهیمە چەند دەوڵەتێك بەقەراری (سان ریمۆ) قەراریاندا کەویلایەتی موسڵ نابێ لەعیراق جیاببێتەوە، ئەگەر چی دراوسیەکانی شیمالیەمان ویستیان نفوزو ناوی سایقیان لە موسڵماندا تیکرار ئیعادە بکەنەوە بەحەسەبی ئەوەی کە (٦٠٠) ساڵە حاکمی بوون بۆ ئەوەیە کە ئینگلیز لە هیندستان داو فەرەنسایش لە سوریەدا تەهدید بکەن، وەلەشارەکانی قەفقاس وتارەوە عەجەمدا تەئسیسی نفوزیان بۆ مومکین بێ زاتەن رونیش بۆ ئەوە کەتەئسیر لەهیندستان بکا دیسان هەر ئارەزووی موسڵی ئەکرد ئەم دراوسیەیشمان هەر ئەیویست کە بەواستەی ئمتیازی (نەوتەکە)وە مونازەعەیەکی گەورە بخاتە بەینی حکوماتی غەربیە فەقەت چونکە حەق‌و حەقیقەت، ئەم مەتالیبە ناحەقەی خستە مەیدانی عەدل‌و ئینسافەوە بۆ حکومەتی(...) نیهایەت مەعلوم بوو کە ئەم حەقە بۆ عیراقیەکان مەسەلەیەکی حەیاتی‌و سیاسییە، ئێمەش وادەزانین کە حەسەبی جنسیەت‌و سیاسیەت‌و عەسکەری وەئیقتسادیاتی‌وە شاری موسڵ ئیلا ماشائەڵڵا بووە بە جوزئێکی لا یەنفەکی عیراق.

ئەلئەمەل- موسڵ

ئومێدی ئیستیقلال، ژ(١٠)، ل(٣)

مشکیلەی موسڵ
لە بەینی تورك و ئینگلیزدا

لە غەزەتەی ئەلئەمەل

موخبیری غەزەتەی ئەلمەقەتەم لە ئەستامبوڵەوە ئەخباری کردووە کە ئەنزار متەوەجیهە بەحەلکردنی مەسئەلەی موسڵ. کەحەل و فەسلی ئەم مەسئەلەیە موتەعەلیق بووە بەخیتامی سوڵحی ئینگلیزو تورك. دکتۆر عەدنان بەگ بۆ ئەم خسوسە موراجەعەتی بەسەفارەتی ئینگلیز کردووە لەبەر ئەمە لەنسفی ئەوەلی مانگی (ئۆکتۆبەردا) هەیئەتێك دائەمەزرێ. بۆ ئەم هەیئەتی هێشتا جێگای موزاکەرە تەعیین نەکراوە، چونکە ئەبێ جێگایەکی وا ئینتخاب بکرێ کە بۆ موخابەرات و تەعلیمات وەقت و زەمان زایع نەکرێ، ئەمەیش رەنگە ئەستانبوڵ بێ.

وەها مەئمول ئەکرێ کە زوڵفی بەگی نائیبی دیاربەکرو سابق ئەعزای مەجلسی لۆزان لەگەڵ قائمقام تۆفیق بەگی موستە شاری عەسکەری هەیئەتی مەرەخەسەی تورك و لەوەزارەتی خارجیەی حکومەتی ئینگلیز مدیری شئونی شەرقیە مستەرکرابن جستون تەمسیلی حکومەتی ئینگلیز بکات چونکە ئەمانە لەئەسنای سوڵحی لۆزاندا پێکهاتبوون ئەربابی موتالەعە ئەیبینن کە پێکهاتنی ئەم دوو حکومەتە لەدەرەجەی ئیمکاندابێ.

چونکە وەکو جەنەراڵ تاونسهەند گوتویەتی نەئینگلیز بۆ موسڵ لەگەڵ تورك و نەتورکیش لەسەر موسڵ حەرەب لەگەڵ ئینگلیز ئەکا.

چونکە بۆ هەردووکیان وەبیلخاسە بۆ تورك دوو ئیسلاح و تەعمیرەی ئەم خسوسە لەهەموو شەڕو شۆڕێك چاکترە وە هەر دوولا بەمە موحتاجە.

بەعزێك دەلائیلیش هەیە دیسان حسن نیەتی ئەم دوو حکومەتە تەئیید دەکا وەکو کەمکردنەوەی یەعنی تەسبیکردنی مەوجودی حازری ئۆردوی تورك وەنەقلکردنی مەرکەزی قۆڵی ئۆردوی دیاربەکر بۆ سیواس کە قوماندانەکەی جەواد پاشایە ئەگەر ئیتفاقیان لەسەر مەوادی ئبتدائیەیان نەکردایە ئەمانە نەئەبوو. ئەیزەن- مەوجودیەتی جەنەراڵ تاونسهەندوە جەنەراڵ هارینگتۆن و جەنەراڵ عیسمەت پاشا تەبشیری حالکردن بەسهولەتی ئەکا. بۆ موناسەباتی حەسەنەی تورك و ئینگلیز، سێهەم دەلیلیش ئەمەیە کە حکومەتی ئینگلیز بە بێ پرس لەپارلمنتۆی خۆی تەبلیغی وەزارەتی خارجیەی تورکی کرد کە موباشیرەت بەتەعیینی قونسلوسی خۆی لەتورکیا ئەکاو دیسان تەبلیغی کرد کە ئەموالی تورك لەمەولا حجز ناکرێ و ئەمریدا بە رەعیەتی ئینگلیز کە دیوناتی رەعیەتی تورك تەئدیە بکەنەوە.. ئیلەخ.

ئومێدی ئیستیقلال، ژ (١١)، ل (٢)

خەبەرێکی ئەخیر

مۆزاکەرەی موسڵ لەئەنقەرە ئەکرێ

غەزەتەی نەجمە ئەڵێ بەغداد تایمس ئیقتباسی لەغەزەتەی توحیدی ئەفکار نووسیویەتی، کە ئیحتمالی قەوی وایە کە بۆ ئەمەی کە وەقت زایع نەبێ مۆزاکەرەی موسڵ ئەنقەرە بکرێ

مەرەخەسی بەریتانیا (مستەر کرابن جۆن سۆن)ە مەرەخسی تورکیش زولفی بەگ مەبعوسی دیاربەکرە بەسیفەتی مشاوری تۆفیق بەگ قائمقامی عەسکەریشی لەگەڵ ئەبێ.

ئومێدی ئیستیقلال، ژ(١٤)، ل(٤)

موسڵ

موسڵ- لەپاش گەیشتنی یوسف کەمال مومەسیلی تورکیا کەچووە بۆ لۆندەرە تەعلیمات بەمەشار ئیلەهی دراوە کە مەسەلەی موسڵ ئەو بەخشەیە بە ٩مانگ لەپاش تەخەلیەی ئەستەمۆڵ لەقیوای موتەفیقین.

ئومێدی ئیستیقلال، ژ (١٧)، ل(٢)

لوندرە- غەزەتە ئەنووسێ ئیحتمالە مەسەلەی مۆزاکەرەی موسڵ لەئەستامبۆڵ حەل بکرێ.

نەجمە

ئومێدی ئیستیقلال، ژ(١٧)، ل(٣)

بۆ مەسئەلەی موسڵ مەرەخەسەکانی تورکیا

ئەنقەرە- حکومەتی تورکیا ئەو مەرەخەسانەی کە بۆ مۆزاکەرەی مەسئەلەی موسڵ تەعین بوون ئەساسیان بەلۆندرە دراوە.

ئومێدی ئیستیقلال، ژ (١٨)، ل(٢)

مۆزاکەرەی موسڵ

مۆزاکەرەی موسڵ لەئەستانبۆڵ جەرەیان ئەکا (سەرپرسی کوکس) مومەسیلی حکومەتی بەریتانیایە.

ئومێدی ئیستیقلال، ژ (١٨)، ل (٢)

موزاکەرەی موسڵ

هەر چەندە بۆ موزاکەرەی موسڵ وەقت تەعین نەکراوە فەقەت مەحەلی موزاکەرە بەسورەتی قەتعی ئەستانبۆڵ دەبێت.

ئومێدی ئیستیقلال، ژ (١٩)، ل(٣)

لەغەزەتەی ئەلعیراقەوە:

ئاژانسی رۆیتەر

موسڵ لەئەنقەرەدا

ئەستامبۆڵ- لەمەجلیسی وەتەنی ئەنقەرەدا دەرحەق بەئەحوالی خارجیە مناقەشەیەکی بەشدەت کراوە. وە لەو ئیجتماعەدا کە لەهەفتەی پێشوودا عەقدکرابوو قسمێکی زۆر لەمەبعوسانی تورك بۆ ئیجرای ئەم مناقەشەیە لەسەر ئەو کردەوانەی حکومەتی بەریتانیا لەویلایەتی موسڵ ئیلحاح و ئیسراریان کرد لەحکومەت بەبێ مسامەحە تەلەبی ویلایەتی موسڵ بکەن، هەتا شاخان حەمەنیش کەقەشەیە ئیستیلای بەسەردا بکرێ.

ئومێدی ئیستیقلال، ژ(٢١)، ل(٢)

لەغەزەتەی نەجمەوە

لەنەزەری (مستەر فیشەر)دا مەعاهەدە نامەی لۆزان

مەسئەلەی تورکیاو موسڵ

لوندرە- ١ی نیسان ٣٤٠- ئەمرۆ لەمەجلیسی عەوامدا دائیر بەمەعاهەدەی لۆزان کەمناقەشە جەرەیانی ئەکرد (مستەر فیشە) نەتقی وای داوە: ئەم مەعاهەدە نامەیە شەرەفی حکومەتی بەریتانیای مخەل وەبۆ مەسلەحەتی غەیرە مەوافیقە، چونکە بەریتانیا بەهەموو مەوجودیەتی خۆی بۆ حیمایەو مەدافیعێ کەسەرفی کرد مەنافیعی بۆ حکومەتی تورکیا تەرك کردووە، بەناچوغی بەتورکەکان بگوترایە کە لەتورکیادا کەساکینن لەگەڵ مەسیحیەکان بۆ حیمایەی تیجارەتی حکومەتی بەریتانیا تەعدیلاتێکی بە ئەساسە کە ئەم مەعاهەدە نامەیە ئەتوانێت داخیل بکەن بەتەشکیلی حکومەتێکی بەقوەت بۆ تورك معاونەت دەکەین. لە ئاخردا سەفارەت لەئەستانبۆلەوە نەقلی بۆ ئەنقەرە لەحکومەت تەڵەبی کردووە.

لەپاش ئەمە (سەرکریك) ئەمریکاو بەریتانیا لەداخیلی تورکیا لەو مەنافیعەکە ئیستحسالی کردووە بەحسی کردووە حکومەتی ئەمریکا وەکو بەریتانیا بۆ تورکەکان هیچ تەعەهودات وە ئیمتیازاتێکی نەدراوە، لەداخیلی تورکیا بە عەینی مەنافیع مونتەفیع نەبێو ئیمتیازاتێ کە بەتورکەکان دراوە هەزار هەزار باشتر بوو کە بدرایە بەفەرانسە چونکە فەرانسە لەوەقتی حەربدا موتەفیقمان بوو لاکین تورکیا لەوەقێ حەربدا دوشمن بوو.

(مستەر راهسەی ماکدونالد) لەجەوابی هەردوو نوقتەکاندا وا جەوابی داوەتەوە: ئەم موعاهەدە نامەیە بەنسبەت ئیجابی وەقت عیبارەتە لەوەسیقەیەکی رەسمیە.

ئەگەر نایبی موحافزین لەزەمانی خۆیدا عائید بەمە بەفکری منیان بکردایە غەیری ئەمە هیچی ترم نەئەکرت، ئەگەر حکومەتی بەریتانیا ئەمە رووکەشیە کە لەپێش تەسدیقی ئێمەوە حکومەت سائیرە تەسدیقی بکات موحەقیقی ئێمە بەعناد چی ئەزانن ئیتر لەبەر ئەسبابی ئاتیە تەسدیقی زەروریە. تەئخیری تەسدیقی تورکەکان ئەخاتە وەسوەسەو تەفکیرەوە لەناو دەوڵەتانی ئەوروپا دەرەجەی حکومەتان بۆ خاتری کەبناسریێ ئەسراریان کردووە. لەبەر ئەمە بۆ موزاکەرەی حدودی عیراق هەیئەت تەعین نەکراوە، حکومەتی بەریتانیا بەتەعین کردنی دوو شەخس لەتورکیا هەر چەندی سەعی کردووە تورکیا گوتویەتی هەتا مەعاهەدەنامە تەسدیق نەکریێ تەعین ناکریێ تورکەکان لەم حەرەکاتی سیاسیە کە ئیزهاریان کردووە شوبهە نییە کە ئەنقەرە ئەکەن بەپایتەخت. چونکە لەحاڵی حازردا بەواستەی ئەستانبوڵەوە تەئمینی عیلاقە ئەتوانن بکەن.

ئومێد ئیستیقلال، ژ (٢٣)، ل (٣)

موزاکەرەی موسڵ چ وەقت دەست پێ دەکا

مستەر رامسەی ماکدۆنالد بۆ تەسدیقی مەعاهەدە نامەی لۆزان مناقەشەی کردووە

لوندرە ١٥- تورکیا بۆ تەسدیقی لایحەی مەعاهەدەی لۆزان قاپی مناقەشە ئەمڕۆ مستەر رامسەی ماکدونالد لەمەجلیسی عەوامدا بەم نەوعە فکری بەیانکردووە.

لەبەر ئەوەی کەمەعاهەدەی لۆزان تەسدیق نەکراوە وەهیچ شتێك وقوعی نەبووە لەحەقی مەسئەلەی موسڵ قسەیەکم نیە (فەقەت سەر پرسی کوکس) گوتوویەتی لەپاش تەسدیقی مەعاهەدە نامەی لۆزان دەرحاڵ ئومێد ئەکەم دەست بەم موزاکەرەی موسڵە بکریێ. لەمەجلیسی میلەتی ئەنقەرەدا هەتا مناقەشەی موسڵ دەوام بکات موزاکەرەی موسڵ دووجاری سعوبەت دەبێ. وە لەم خسوسەوە موخاتەرەی زیاتر دەبێ و بۆ نیهایەت وەتەمام بوونی ئەم مناقەشەیە زۆر ئارەزووم هەیە.

لەعەینی تاریخدا بەگوێرەی تەلەغرافێك کە لەلۆندرەوە. هاتووە بۆ تەسدیقی لایحەی مەعاهەدەنامەی لۆزان لەمەجلیسی مەبعوساندا مناقەشە جەرەیانی کردووە وەبەئەکسەرەیەت ئاراو بەسورەتی قەتعیە مەوافیقەتیان بەم لایحەیە کردووە، (مستەر کریك) دائیر بەلائیحە کە دابووی فکری لەنیهایەتدا وەرگرتووە.

(مستەر بالدوین) مەعاهەدە نامەی لۆزانی بەم نەوعە مودافەعە کردووە. بۆ ئیمزاکردنی مەعاهەدە نامەی هەردوو تەرەفی موحاریب لەو رۆژەی کەسیلاحیان داناوە ئەو وەزعیەتەی کە.. مابۆوە ئەو وەزعیەتە مەعاهەدە نامەیەکی موناسیب بووە. ئەو مولکانەی مەنسوب بۆ حکومەتێ کە لەم خسوسەوە موتەفەق نەبوونیان بەخاتری کەسانە هاتبوو (مستەر رامسەری ماکدونا لدیش) دەڵێ دائیر بەرەسمیەتی موستەعمەرەکان بەمەقابیلی مەعاهەدە نامە بەم سورەتە تەسریحات ئەدا، کە مەعاهەدەی سەرەوە لەگەڵ مەعاهەدەیەکی کە لەبەینی بولغارستان، ئاوبستریا، مەجارستاندا بەستراوە لەوەقتی

تەنزیمی مەوادی مەعاهەدە دامەرەخەسی هیچ موستەعمەرەیەك وامەعلوم بووە حازرنیە ئیمپراتۆریەتێ لەتەرەفی خۆیەوە بەئەسالەت وەبەناوی موستەعمەرەکانەوە بەوەکالەت ئیمزای کردووە، حکومەتی.. .. هەیە کە قەراری مەعاهەدە نامەی لۆزان قبول بکا، موستەعمەراتی سائیرەیش لەم خسوسەوە کەرەئیان ئیستیفسارکراوە وەها مەعلوم بووە کە تەرەفدار تەسدیق مەعاهەدە نامەن.

ئومێدی ئیستیقلال، ژ(٢٤)، ل(١)

مەسئەلەی موسڵ

بۆ موزاکەرەی موسڵ لە ٣مایسدا لەئەستامبۆل عەقدو سەرپرسی کوکس مومەسیلی بەریتانیاو بەپێی خەبەری مەوسوق تەها ئەفەندی هاشمی بەمەرەخەسی عیراق تەعینکراوە شایعەی بیستووە.

موفەتیشی ئیداری کەرکوك مێجەر ئەدمۆنس بە وەعدی شەش مانگ. مەئزونیەت چۆتەوە بۆ لۆندرە

ئومێدی ئیستیقلال، ١ (٢٥)، ل (١)

لەغەزەتەی نەجمەوە:

تەسدیقی مەعاهەدە نامەی لۆزان

مەعاهەدەنامەی لۆزان لەپاش تەسدیقی لەمەجلیسی عەوام وەلۆردەکاندا لەتەرەفی قەراریشەوە تەسدیق کراوە.

ئومێدی ئیستیقلال[42] ژ(٢٥)، ل (١)

شەرق لەغەزەتەکانی عەرەبدا

حدودی شیمالیەی عیراق

ئەستەمبوڵ ٩ تەمموز، لەموزەکەرەیەکدا کە میستەر هەندرسن (مەئموری ئموری سەفارەتی بەریتانیا) لە رۆژی (٢١تەموز) داویەتی بە جێنشینی دوکتۆر عەدنان بەگ مەندوبی وەزارەتی خارجیەی ئەنقەرە، وا بەیان کراوە، کە حکومەتی بەریتانیا خەریکی ئیحزاراتە بۆ ئەوەی کە مەسئەلەی موسڵوە حدودی عیراق تەقدیم بکا بەجەمعیەتی ئومەمو مومکینی نابێ ئەم ئیحزاراتە یەك بخا، فەقەت هەر چۆنێ بێ بەریتانیا هیچ ئیقتراحات وە فکرێ کە حکومەتی تورك بۆ برانەوەی مەسئەلەی حدود تەقدیمی عەسبەتی ئەلئومەمی بکا قبوڵی ئەکا وەفەقەت ئەبێ تورك زوو بەزوویی قەراری خۆی بدات.

ژیانەوە، ژ(٢)، ل (٢)

لەئەلعیراقەوە

مەسئەلەی موسڵ لەعوسبەت ئەلئومەم دا

لوندرە ١٢ ئاغستوس- خەبەرێك كە لەجنوەوە، هاتووە كە حكومەتی بەریتانیا. تەلەبی لەعوسبەتی ئەلئومەم كردووە كە مەسئەلەی موسڵ داخیلی پرۆگرامی ئەو جەلسەی مەجلیسە بكا كە بەپێی مەعاهەدەی لۆزان لە ٢٩ ئاغستوسدا عەقد ئەكرێ.

ژیانەوە، ژ (٢)، ل (٣)

جنوە ٢ ئەیلول:

زەكائی بەگ كە مومەسیلی توركە لۆندرە، منیف بەگ كە سكرتێری عمومی وەزارەتی خارجیەی توركە (وەهەر دووكیان ئەعزا بوون لەج ەمعیەتی لۆزاندا) مەسئەلەی موسڵ تەقدیمی عوسبەتی ئەلئومەم ئەكەن.

ژیانەوە، ژ (٣١)، ل(٣)

لە ئەلعالەم ئەلعەرەبیەوە:

قەراری مەجلیسی عوسبەتی ئەلئومەم

لەبابەت حدودی موسڵەوە

بروكسیل ٢٩ تشرینی ئەوەل: ئەو مەنتقەیەی كە داخیلی قەراری ئاتی مەجلیسی عوسبەتی ئەلئومەمە لەبابەت حاڵی حازری حدودی تورك‌و عیراقەوە بە درێژایی دوانزە میل‌و بەپانایی سێ میل، وە هەر دوولا (ئینگلیزو تورك) لازمە هەموو لایەكی ئەو ئەرازیە كە لە ١٥ تشرینی سانیدا تەعین كراوە تەخلیەی بكەن قومسیۆنی حدود بەسورەتی خسوسیە تەبلیغی ئەكا كە ئەم خەتە متەوەقیفە هەتا مومكین بێ تا ئاخر قەرار ئەمێنێ. وە هەتا قەراری نیهایەتی تەملیكی ویلایەتی موسڵ دراوە بەحكومەتی بەریتانیا. وە لەو لایشەوە تورك ئەبێ چەند ئاوایيەك تەخلیە بكا، هەر دوولا چەند ئاواییێكیان لەسەرە، وە هیچ قەتعە ئەرازیەكی تیانییە كە ئەهمیەتی حەربیەی بێ.

ژیانەوە، ژ(٩)، ل (٢)

لەمەنبەعێكی مەوسوقەوە:

خەبەر زانراوە كە لەسەر قەراری عوسبەتی ئەلئومەم توركەكان هەر تەحشیداتێك كە لەنزیك حدودی ویلایەتی موسڵ كردبوویان لایان بردو حدودەكەیان چۆڵ كرد.

ژیانەوە، ژ(٩)، ل(٢)

لە (ئەلعیراقەوە):

مەجلیسی عوسبەتی ئەلئومەم بۆ تەدقیقی ئیش و کاری حدودی بەینی عیراق و تورك چوار سکرتێر ئەنێرێ کە ئەکسەریان ئەهلی ئەسوبچەرە و ئیتالیان.

ژیانەوە، ژ (١٣)، ل (٣)

تەشکیلی مەجلیسی وەتەنی لەموسڵ

لەغەزەتەی (ئەلعەهدەوە) کە لەموسڵ دەردەچێ

رۆژی دوو شەممە موسادیفی، ٢٦ی کانونی سانی ساڵی ١٩٢٥ لەسەعات پێنجی رۆژدا عمومی ئەشراف و عولەماو وەتەنیەکانی موسڵ لەدائیرەی بەلەدیە گردبوونەوە وەلە تەرەفی ئاسف ئەفەندیەوە خوتبەیەکی موئەسیرو بەلیغ خوێندرایەوە لەبۆ موحافەزەی حدودی حازرەی ویلایەتی موسڵ هەرچەندەدا بیرێك لازمی بۆ ئیجراکردنی بەیانکرا، ولەعەقب ئەوەوە لەتەرەفی ئیبراهیم کەمال بەگ و سائیری زەواتی ترەوە موتەعەددی خوتبەی موئەسیرو بەلیغ خوێندرایەوە لەسەر عەدەدی مەقسود وەغایەی تەعانی ئەفکارکرا لەنیهایەت بەڕای عمومی قەراردرا کە هەیئە تێکی تەمسیلیە تەشکیل بکەن و بەواستەی ئەم هەیئەتەوە مەتاڵێبی خۆیان عەرزی ئەعزاکانی عوسبەتی ئەلئومەم بکەن وە بۆ ئەم جەمعیەتە پەنجا زات ئینتخاب کرا. وە بەسورەتی رەسمی جەمعیەت تەشکیلی کرد، وە دەستکرا بەفەعالیەت و تەشەبساتی لازمە. ئەم جەمعیەتە ناوی (جەمعیەتی مودافەعەی حدود)ە وە دەرەجەی فەعالیەت وە تەشەبساتی جەمعیەت پێ دەرچێ لەغەزەتەدا نەشر ئەکرێ.

ژیانەوە، ژ (١٥)، ل (٣)

لەغەزەتەکانی عەرەبیەوە

رۆژی ٢٦ کانونی ساڵی ١٩٢٥ سەعات پێنج هەموو خانەدان و عولەماو وتەن پەروەرانی موسڵ لەدائیرەی بەلەدیەدا گرد بوبوونەوە بە شەوقێکی زۆرو بەحەرەکەتێکی بەشدەت ئەیان ویست ئەم هەیئەتەی کە لەتەرەفی جەمعیەتی ئەقوامەوە هاتوون وەختێ گەیشتنە موسڵ بیانبین وە قەسدو مەرامی خۆیان بەوان بگەیەنن زاتەن حزبی ئیستقلالی عیراق لەم خسوسەوە ئیجتماعیان کردبوو وایان بە موناسیب زانی بوو بۆ موحافەزەی حدودی موسڵ کە جوزئی لایەنە جەزای عیراقە جەمعیەتێ بەناوی (جەمعیەتی موداعەفەی حدود) تەشکیل بکرێ و تەقریرێکی بەقوەت لەخسوسی مەسئەلەی موسڵەوە بنووسن و بیدەن بۆ جەمعیەتە کە لەتەرەفی جەمعیەتی ئەقوامەوە هاتوون لەموئەسسینی ئەم جەمعیەتە پەنجا کەس ئینتخاب کراو ئەوانیش پانزدە کەسیان هەڵبژارد کە هەیئەتی تەتفیزیەبن لەو وەختەدا بەعزی منەوەران و وتەنپەروەران بە هەیە جانێکی میللەتەوە هەریەکە خوتبەیەکی بەلیغی خوێندەوە بە سورەتێکی موختەسەر بەیانیان کرد کە ئەم ئیتفاق و ئیجتماعانە دەلیلە لەسەر ئەمە کەجەمیعی ئەو لادی ئەم وەتەنە عەرەبین و

تورکمان نەویستووەو نامان ئەویٚ زاتەن تورك بەڵایەکی گەورەبوو خودا لەسەرمانی هەڵگرت قەومی عەرەب کەسێزدە عەسرە مەدەنیەتی بەدنیادا بڵاو کردبووەوە بەمەحەزی ئەمەکە خیلافەت لەئاخریدا دەست تورك کەوتبوو ئیسلامەتیش بێ خەلافەت نابێ تابیعی ئەوان بووبوین لەپاشا خۆیان خەلافەتیان لەخوکرد نامی عوسمانی و پادشاکانی عوسمانیان کەم کرد شەرعیەتیان هەڵگرت بێ دینیان رەسمەن نەشرکرد مەدرەسەکانیان بەزۆر پێوەدا ئیتر چ حەقێکیان بەسەر ئێمەوەماوە لەجێیەك کە هەموو دەوڵەت موتەمەدینە ئەوروپا حەقی حەیات و ئیستیقلالی ئێمەیان قبوڵ و تەسدیق کردبێ و ئێمە عونسرێکی غەیری ئەوان بین و ئەم هەموو خراپەیەمان لەوان دیی چیان لەئێمە دەوێ.

ژیانەوە، ژ (١٥)، ل (٣)

عەلاوەی غەزەتەی ژمارە ١٥ی ژیانەوە

بۆ مودافەعەی وتەنی موعەزەزو موحافەزەی حدودی حازرەی ویلایەتی موسڵ تەزاهورات و تەشەبساتێکی وتەنپەروەرانە کە لەتەرەفی عمومی عێراقیەکان و بیلخاسە لەتەرەفی ئەهالی وەجەمعیەتی مودافەعەی موسڵەوە ئیجراکراوە موجەبی سەروەریەکی عەزیم و مەداری تەشەکورو ئیفتخاری عمومی ئەهالی سلێمانی بوو، بۆ ئەم وەزیفە وەتەنیە و حقوقی مەشروعەمان کەمودافەعەی بکەین مورەکەب لە عمومی ئەشراف عولەما ،سادات، تیجار، زەراع و سائیر سنوقی ئەهالی بەناوی جەمعیەتی مودافەعەی وەتەنەوە جەمعیەتێکی گەورە تەشکیلی کرد. غایەو ئەساسی مەقسەدی ئەم جەمعیەتە موحافەزەی حدوودی ویلایەتی موسڵە کە جوزئێکی لاینفەکی عێراقە.بۆ تەئمیمی ئەم غایەو مەقسەدە بەهەموونەوعێ سەعی و تەشەبس کردنی جەمعیەت بەوەزیفەیەکی ئەساسیەی عەد ئەکاو لەم خسوسەوە لە تەرەفی هەر جەمعیەت و هەر فەردێکی عێراقیەوە هەر تەشەبسسات و ئەقداماتی واقیع ببێ لەتەرەفی جەمعیەتی ئێمەوە نائیلی موزاهەراتی موتلەقە ئەبێ.

١٥ شوبات ١٩٢٥

بەناوی جەمعیەتی مدافەعەی وەتەنی سلێمانی

موعتەمەد ئەحمەد

سەرنج:

ئەم بەیانە وەك پاشکۆیەکی ژمارە (١٥)ی ڕۆژنامەی (ژیانەوە) بڵاوکراوەتەوە.

خەبەرێکی موسڵ

ئەوقاتی بەغدادیە دوێنێ شەو تەلەگرافێکی لەموخابەرەی موسڵەوە وەرگرت (قویسیۆن حدود) مولاقات و موزاکەرەی لەگەڵ وەکیلەکانی جەمعیەتی مودافەعەی وەتەنیەکردو ئەو جەمعیەتە ئەوراقێکی موفەسەلی تەقدیمکرد دائیر بەئیسپاتی ئەوە کە موسڵ بەهەموو مەعنایەکەوە وە بەنەزەر عونسروە تاریخ وەئیقتساد وەعەسکەریەوە جوزئێکی عیراقە قومسیۆنەکە گەیشتنی ئەوراقەکەی بەیان کردو وەعدیدا کە عادیلانە تەماشای بکا لەئەسنای مولاقاتەکەدا قەڵەبالغێکی چەند هەزارکەسی دەوری مەوقیعی

قومسیۆنەکەی دابوو وەئیزهاری ئەوەیان ئەکرد کەبەشدەت وەحەرارەت تەرەفداری تەلەبی جەمعیەتی مودافەعەی وەتەنیەئەکەن. کە وەکیلەکان لەبیناکە هاتنە دەرەوە قەڵەبالغەکە زۆر بەحەرارەت بانگیان ئەکرد (هەر بژی عیراق، هەر بژی مەلیك فەیسەڵ)
ژیانەوە، ژ(١٦)، ل (٤)

سورەتی تەلەغرافێك کە لەتەڕەفی جەمعیەتی مودافەعەی وەتەنی موسڵەوە جوابەن بۆ عمومی ئەهالی سلێمانی هاتووە

بۆ عمومی ئەهالی موحتەرەمی سلێمانی

ئەی برا عەزیزەکان! ئێوە مەعلوماتتان بێ ئەو وەتەنە عەزیزەی ئێمەیە دەفعی ئەو تورکانەی کرد کە تەلەبی تەزعو پارچە پارچە بونی مەملەکەتەکەی ئێمەیان دەکرد وە ئەیان ویست قەتلی رۆحی وەتەنەکەمان بکەن. عەجەن ئێوە ئەو فەزائیعو فەلاکەتانە دەرخاتر ناکەن کە تورکەکان لە مەملەکەتەکەی ئێمەدا کردیان وە بۆیان بەجێهێشتین؟ ئایا ئێوە نازانن کە حکومەتی تورك حوکمەتێکی دینیەو ئیحترامی دیانەت ناکا ئیلا خزمەتی عونسرەکەی خۆی نەبێ کە تورکیەتە!

حەربی عمومی ئێمەی نەجاتدا لەدەست عەبدایەتی وەئیهانەتی تورکەکان خودا ئێمەی هیدایەتداو فرسەتێکیشی بۆ رێکخستینو ئێمەش خۆمان دەرکمان کردوە تەشکیلی حکومەتێکی عیراقیەمان کرد، کە ئەم حکومەتە مورەکە بە لەنەوجەوانانی کورد نەجیبو عەرەب. ئەم مەملەکەتەی ئێمەیە عیراق ئەبەدەن جوێ نابێتەوە وەئەحەدا لەئێمە رازی نابێ کە دەفعەیەکی تر ئەو قەڵای حکومەتیە کە ئێمە دروستمان کردووە لەتەرەفی دوشمنی ئێمەوە بڕوخێنرێ.

ئەو حەمیەتو حەماسەتەوە نیە کە لەتەڕەفی ئەهالی سلێمانیەوە ئیزهارکرابوو تەبلیغی عمومی ئەهالی موسڵکراو ئەو مەتاڵیبەی کە ئەوانیش دەرمیانیان کردبوو مەتاڵیبێکی مەعقوڵ وەچاك بوو بووبە باعیسی فەرحو سرورێکی زۆر، ئەهالی موسڵ تەمەنای ژیانتان دەکا وەکو برایەك کەتەمەنای ژیانی برایەك بکاتو دەوام کردنیش لە ئێوە ئەمەل دەکەین خودا یاریدەدەری هەموو لایەك بێ.
ژیانەوە، ژ(١٧)، ل (٢)

کورد و تورك قەتعیەن پێکەوە ناژین

فائیق سەبری کەخۆی تورکەو مەئزونە لەدار ئەلفتونی سۆربۆن وەیەکێکە لە موتەحەسینی عیلمی ئەقوامو جواغرافیا لەکتێبێکدا لەبەحسی ویلایەتی موسڵدا وەها بەحس ئەکات: (سەکەنەی ویلایەتی موسڵ بەئەکسەریەتی عمومی میلەتی کوردە ئەم میلەتە جەسورەدا ئێمەن مقابیل بە حکومەت لەشەڕو موحارەبەدان هەموو ئەفرادێکی ئەم میلەتی بەلا ئیستیسابە تفەنگو دەمانچەو خەنجەر موسەلەحن. حەتا ئەوانەی کە عاجزن لەئیدارەو مەعیشەت موتلەقەن ساحێبی سیلاحن لەبەر ئەمەدا ئێمەن مقابیل بەحکومەت شەڕیان کردووەوە دەیکەن وەچەن تابورو ئالایان مەحوو بێ نیشان کردووە.

بۆ تەسهیلاتێکی زۆر بێ ئەهمیەت دەبێ موتەسەریف خۆی لەگەڵ قوەتێکی زۆر موهیم بچێت بۆ ئیش. وەئەلحاسل ئەم میللەتە بۆ حکومەتی تورک قەتعیەن قابلیەتی ئینقیادو مل شۆڕکردن نییە).

لەم بەحس و بەیاناتەدا وەها دەرکەوتووە کەمیللەتی نەجیبەی کورد لەزەمانی ستوتیانا دیسان حکومەتی تورکیان نەویستووە. وەمقابیل بە زوڵم و مەعامەلەی نابەجێی تورکەکان دائیمەن موسەلەح بوون و شەڕیان کردووە وە قەتعیەن تاعەتیان بەحکومەتی تورک نەکردووە ئینجا ئەمڕۆ کەمیلەتی کورد زیاتر تەڕەقی و ئینکشافیان کردووە چۆن رازی دەبن کە جارێکیتر بچنەوە ژێر تەوقی ئەسارەتی تورکەکان و ئیتاعەتیان پێ بکەن ئەمە شتێکە کەحاسیل بوونی تەتعیەن قابیل نییە.

وەکو تورکەکان خۆیان ئیعترافیان بەم ئەحواڵەکردووە ئەڵبەتە عالەمی جیهانیش قەتیعیەتی بۆ حاسیل بووە کە کوردو تورک تەفعیەن پێکەوە ناژین و یەک گیر نابن.

عەبدولمەجید

ژیانەوە، ژ(١٧)، ل(٢)

لەغەزەتەی ئەلموفیددا

لەبابەت بەعزێ ئەحوالاتی ئەخیرەی هەیئەتی حدود لە موسڵ بەم نەوعە نووسراوە!

ئەهالی لەئەتراقی قەسری کە بۆ(...) هەئیەتی کە دانراوە کۆبوونەوەو هاواریان ئەکرد (بژی عیراق لەگەڵ حکومەتی تورکیا وەپایەداربێت جەلالەتی مەلیک) لەپاش نیو سەعات سیان لەئەعزاکان کە چوار پاشایشی تیابوو چوونە شارەوە، ئەهالی هەموو لەجادەکانا بوون و بانگیان ئەکرد (ئێمە عەرەبین و عیراقین بژی عیراق لەگەڵ تورکیا) ئەعزاکەی تورک بە چەهرەیێکن.. بە ڕێگادا ئەڕۆیشت فەقەت دوو ئەعزاکەی تر بەسەر بڵندی ئەگەڕان، بۆ هەر کوێیەک ئەچوون عەینی نمایشیان چاو پێ ئەکەوت.

ڕۆژێک هەیئەتەکە چوونە شارەوە تەڵبەی مەکتەبی خەزەریی و مەکتەبەکانی سانەوی نمایشێکیان ئیجراکرد کە پۆلیس نەی ئەتوانی مەنعیان بکات، یەکێ لەتەلەبەکان خوتبەیەکی خوێندەوەو وتی (ئێمە عەرەبین و عیراقی حەیات وەمەمامتمان مەربوتی وەتەنەکەمانە لەبەر ئەمە خەبەر بدەن بەعوسبەت ئەلئومەم کە هەتا منداڵێکیش دەرکی پێ ئەکا کەموسڵ عەرەبە) هەر ئەو ڕۆژە هەیئەت چوون بۆ نینەوا کە لەوێش عەینی موزاهەراتیان دی، ڕۆژی شەمە جەمعیەتی مودافەعەوە حزبی ئەلئیستقیلال وە ئەشراف زیارەتی هەئیەتەکەیان کرد.

ڕەئیسی هەیئەتەکە نوتقێکی بە فەرەنسزی خوێندەوە کە بەیانی وەزائیفی هەیئەت وەحسن نیەتیان دەرحەق بەئەهالی ئەکرد نوتقەکە بەعەرەبی تەرجومە کرا. لە ئەوەلەوە ویستیان بەتورکی بی خوێننەوە سامعین بە شدەت ڕەدیان کردەوە وتیان ئێمە عەرەبین و ئامانەوێ گوێ لەتورکی بگرین.

ژیانەوە، ژ(١٨)، ل (٢)

ویلایەتی موسڵ

ویلایـــەتی موســـڵ دەورەی تـــەنزیماتی حکومـــەتی عوسمـــانی کـــە لـــە ١٢٨٠ دەستی پێکردووە لەگەڵ ویلایـەتی بەسرەدا هـەر لەتـەرەفی وەزیرێکی فـەوق ئـەلعادەی تورکەوە کە لەبەغداد دائەنیشـت ئیدارە ئـەکرا وە قسـمی کوردسـتانی کـە لەویلایـەتی موسڵدا بوو بەسورەتێکی مومتاز تـەودیع بەسلالەی بابان کرابوو لە تـەرەفی ئەوانـەوە ئیدارە دەکرا.

ئــەو قســمەی کــە لەتــەرەفی بابانەکانــەوە ئیدارە دەکـرا عیبــارەت بــوو لــە سلێمانی، قـەڵاچوالان، کۆی، حـەریر، هەڵەبجـەو بـەعزەن کـەرکوك کـە ئـەم موحیتـە جگــە لــە موناســەبەتێکی سیاســی جوزئــێ لەگــەڵ حکومــەتی تورکــا هیــچ دەخلێکی نەبووە.

ئەمە تاریخەن سابتە؛

وەقتێ کە لەئەوائیلی نیوەی دووەمی عەسری سیانزدەهەمی هیجریدا بە زەربەی تەفرەقەی کۆیە نیهایەت بەحکومەتی مومتازەی بابان هێنرا، ئەو ئەیالەتەی کە لەتەرەفی بابانەوە ئیدارە دەکرا رەئسەن عەلاوەی بەغدادکرا. وە ئەوسا عیراق بەئەیالەتێکی مومتازە حسوب بووە وەمورەکەب بوو لەویلایـەتی موسڵو بەسـەرەو لەتـەرەفی وەزیرێکی فـەوق ئەلعادەی تورکەوە ئیدەرەدەکرا. فەقەت وەکو عەرزمان کردن لەپاش دەورەی تەنزیماتوە تەقسـیماتی ئیدارەی ویلایـەتی موسـڵ لەتـەرەفی حکومـەتی تورکـەوە تەشـکیل کـراو عیبارەت بوو لەلیوای موسڵ، کەرکوك، وە سلێمانیو ئەم تەشکیلاتە هەتا سقوتی تورکیا دەوامی کرد فەقەت لەگەڵ ئەوەشدا لەموحەرەراتی رەسمیەی تورکیادا دیسـان ویلایـەتی موسڵ، بەسرەوە بەغداد بەعیراق ناودەبرا.

تەشکیلاتی عەسکەریەی ئەم (٣) ویلایەتە موشتەرەك بووەو هەر ویلایەتەکە بەناوی (التنجی ئۆردۆ)ەوە تەقسیم کراو مەرکەزیشی لە بەغداد بوو.

لەپاش موتارەکەو جیابوونەوەی عیراق لەتورکیا حکومەتی تورکیا رەسمەن ئیعلانی کرد کە هـەر زابتـانو مـەئموری کە ئەهلی عیراقن مـەئزونن بچنـەوە عـیراق وە بـەحدودی حازرەیەوە زابتان وە مەئمورانی ویلایەتی موسڵ تەرخیسکرد. ئەمەش دەلیلێکی تـەواوە کە حکومەتی تورکیا رەسمەن ئیعترافی کردووە بەعیراقێتی ویلایەتی موسڵ.

ئەگـەر سـەرفنەزەر ئەلحانـەش بکـەین وەبێینـە سـەر باسـی مللیـەت هـەموو کـەس دەیزانی کەئەکسەریەتی ویلایەتی موسڵ کورد وەعەرەب تەشکیل ئەکا. ئەوە بێ شوبهەیە کە عەرەبەکانی ویلایەتی موسڵ لە عیراق زیاتر هیچ شتێکی تریان ناوێ. وەبێینەوە سـەر کوردەکانی ئەو ویلایەتی ئەگەر بەپێی ئامالی خۆیان حکومەتی کوردیە تەشکیل نـەکرێ، وە کوردسـتانی سـەرەوە کە ئێسـتا لـەژێر پێی تورکی زاڵمـا ئـی ناڵێنـێ نـەجات نـەدرێ بێشكو شوبهە ئیتحاد لەگەڵ عیراقا تەرجیع دەکا لە بۆنـەی خزمەتکاری تـورك. ئەمـەیش لەنوقتەی ئیقتسادیاتو تیجارەتو موحافەزەی مەوجودیەتی ملیەی کورد شتێکی لازمو سەریحە، وەهیـچ کوردێـك نییـە دەفعەیەکە کەبیـەوێ بچێتـە ژێـر بـەندی ئەسـارەتو ئیسـتبراری تورکـەوە، چونکـە ئەوسـا هـەر سـەروەت، ئیقسـادیات، تیجارەتمـان مـەحو

نابێتـەوە، بەڵکـە ناموسـی میللـی مەوجودیـەتی قەومیـەمان ئەکەوێتـە تەهلوکـەوەوە دەفەوتێ.

رەشید نەجیب

ژیانەوە، ژ (١٨)، ل (٢)

ئەئەلعالم ئەلعەرەبیەوە کە لەنەجمەدا نووسراوە:

تەسرەیحاتی مەندوبی ئەلسامی لە موسڵ

رۆژی شەمەی حەوتی ئەم مانگە جەنابی موعتەمەدی ئەلسامی (سێرهانری دوس) بەتەیارە چۆتە موسڵ، ئێوارەی رۆژی یەکشەمەی ٨ی مانگ لەدائیرەی موتەسەریفیەتی موسڵدا سێ سەدکەس لەئەشراف، توجار، رونەسای رۆحانیەوە گەورە گەورەی موسڵدا مولاقاتی کردووە، لـە خسوسـی وەزعیـەتی حـازرەی وەزائیفـی ئەنجومـەنی جەمعیـەتی ئەقوامە وە گفتوگۆیان ئەکرد وە وتویەتی "لـە نـەزەری ئەنجومـەنی موحتـەرەمدا بەقـەنعی تەحقیقی کرادووە کە موسڵ وە ئەواحیەکانی عـەرەبو عیراقین. ئەمـە لـە نەتیجـەی پێـنج سەعات گفتوگۆ کە لەگەڵ ئەنجومەنی موحتـەرمدا کردوومـە تێگەیشتم ئەنجومـەن هیـچ شوبهەیەکی نەماوە کە موسڵ عـەرەبن، لـە پـاش بـەیانکردنی ئـەم خسوسـانە تـەبریکی موسڵیەکانی کردووە کە لەتەلەبەوە ئارەزووی خۆیاندا مۆفەق بن.

ژیانەوە، ژ (١٨)، ل (٤)

مەسئەلەی حدودی شیمالی

ئاژانسی رۆیتەر

راپۆرتی قومسیۆن حدودی موسڵ ئیسدار کراوا بەیان ئەکا کە قەتعەن کە تـەجزئی نـەکاوە وامولاحـەزە ئـەکا کـە موناقەشـاتی میهمـەی ئیقیتسـادی‌وە جوغرافیەوە کەزالیکـە حەسیاتی ئەکسەریەتی ئەهالی تەرەفداری ئەوەیە کە لەگەڵ عیراقدا بێ ئەگەر مەملەکەتـە کەبیستو پێنج ساڵ لەژێر کۆنترۆڵی عوسبتی ئەلئومەمدا بمێنێتەوە بەو نەوعە کە ئامالی کوردیە رەعایەتو ئیحترامی ئیدارەی سیاسیەو عەدلیەیان بکرێو کۆنـترۆڵی مـەعاریفی مەنتیقـەی خۆیان بکـەن. شـایەد کۆنترۆڵی عوسـبەتی ئەلئومەم لـە خیتـامی مەعاهـەدەی ئینگلیزو عیراقدا لەپاش چوار ساڵی تەواو ببێ ئـەو وەختـە بـۆ مەملەکەتەکە وا نافعە کە لـەژێر ئیـدارەی تورکدا بمێنێتـەوە کە داخیلـی وەخـاریجی ئـەحوالی سـەلامەتی ئـەو بـەبێ قیاس موافیقترە لە هینی عیراق.

بەهەرحاڵ ئەبێ عیراق مەنتیقەی دیالـەی تیا بمێنـێ بـۆ مەقاسیدی ئیسفاو ئەڕوا، قویسیۆن توسیە ئـەکا کەشایەد تەحـەبوزی قـەرار بدرێ حـدود تەقریبـەن (زابـی سـەغیر) تەعقیب ئەکا قەراری نیهائی خراوەتە دەست عوسبەتی ئەلئومـەم، وا رای بـەیانکراوە کـە هەر قوەتێ ئیدارەی بەدەستەوە بێ بەسەر مەملەکەتەکەدا موناسیباتی تیجاربیە بەدەست ئەو قوەتەوە بونی زەروریە، بەیانات وەئیفادات بەدەلائیل وەبەراهێنەوە بۆ ئەم موتالەعاتە لەتەرەف قۆمیسیونەوە تەقدیم ئەکرێ.

قۆمیسیۆن بەیان ئەکا وە لەو فکرەدایە کە مەسئەلەی ئەم قتعە موتەنازیع فیهیە ئەوەندە موختەڵەیتە کە تەنها هەر مولاحەزاتی عونسریی مومکین نییە حیساب بکرێ بەهەمەن حاڵ حدودی منوەتە بەشکاندنی سیلسیلەی تاریخیەوە، هەر چەند لەنوقتەی حەقانیەتەوە مەملەکەتەکە ئەبێ بەجوزئێکی... تورك تەماشا بکرێ. هەتا مەملەکەتەوا زلە حەقی خۆی ئەهێنێ عیراق هەر حەقێکی ئجتماعی وەیا عەقڵی هەیە، قۆمیسیۆن موقابیل بەتەرەقیو تەعالی مەملەکەتەکە کەبەسایەی ئیدارەی بەریتانیاوە پەیدای کردوە حزبە گوزاری شوکرانو تەقدیرە.

قومیسیۆن بەیانی کرد کە ئەکسەریەتی نفوس تەرەفداری ئیلتحاقی عیراقە، ئێستنادیە دەوامی کۆنترۆڵی عوسبەتی ئەلئومەمو ئیلا تەرەفداری ئەوە ئەبوون کە ئیعادە بکرێتەوە بۆ تورکیا.

ژیانەوە، ژ (٣٥)، ل (٢)

وەزارەتی خارجیەی تورکیا تەبعی (کیتابی ئەلئەحمەر) کەموتەعەلیقە بەمەسئەلەی موسڵەوە تەواویکرد. وە نوسخەیەکی تەقدیمی سەفیری بەریتانیا لەئەنقەرەکرد

ژیانەوە، ژ (٣٩)، ل (٣)

مەجلیسی عوسبەتی ئەلئومەمو

رۆژێك دواخستنی مەسئەلەی موسڵ لەسەر ویستنی تورك

لەندەن ٢ ئەیلول: ئەمرۆ گرد بوونەوەی مەجلیسی عوسبەتی ئەلئومەمدا مەندوبی تورك داوای رۆژێك دواخستنی مناقەشەی مەسئەلەی میهمەی موسڵی کرد.

میستەر شامبوان وەزیری خارجیەی بەریتانیا مەوافەقەتی نواند فەقەت وازیحەن بەیانی کرد لەم واقعەیە زیاتر هیچ تەئخیراتێکی تر ببێ بە قەتعی قبوڵ ناکرێ، لەبەر ئەمە مەجلیس بۆ رۆژێك قەراری دواخستنی مناقەشەیدا لەسەر ویستنی مەندوبی تورك.

ژیانەوە، ژ (٤٠)، ل (٢)

کەی قەراری عوسبەتی ئەلئومەم دەرئەچێ

لەبابەت موسڵەوە

لەندەن: لەپاش تەماشاکردنی مەسئەلەی موسڵ عوسبەتی ئەلئومەم حەواڵەی هەیئەتێکی سێ کەسی ئەکا کە ئەوەلیان ئاسویچرەیی، دووەمیان ئەسپانیولیوە سێیەمیان لەجەمهوریەتی ئاراغوای یەکێکی ئەمریکاییە. لەبەر ئەمە ئومێد ناکرێ تا دوو حەفتەی تر لەم خسومەوە قەرارێکی نیهائی بدرێ.

ژیانەوە، ژ(٤٠)، ل (٢)

پەیمانی میستەر ئیمری لەبابەت موسڵەوە

جنوە: لەو کونفرانسەدا کەمیستەر ئەمری بۆ ساحیبی غەزەتەکان وتبووی، بەیانی کردووە کە حکومەتی بەریتانیا عەزمی هەیە لەتەواوبوونی مەعاهەدەکەدا موتابیقی شروتی عوسبەتی ئەلئومەم مەعاهەدەیەکی تازەی لەگەڵ عیراق عەقد بکا. وە وتی بەریتانیا لەو فکرە لای نەداوەو لانادا کەسەعی بکا بۆ تەرەقیو تەعالی عیراقو بۆ هێنانە سەر وادەیەك کەعیراق بتوانێ خۆ بەخۆ ئیدارە بکاو بتوانێ لەعوسبەتی ئەلئومەمدا ئەعزابەتی بکا.

وتی ئەگەر ئەو حدودەی کەمەتلەبمانە دەست بکەوێ ئەبێتە باعسی موحافەزەی سەلامەتی وە ئەگەر عەکسی حاڵی واقیع ببێ لەهەموو روویەکەوە مەسئەلەی کەسب وەخامەت وەتە هلوکە پەیدا ئەکا.

لەجنوەوە تەلەغرافێك بەتاریخی (٤)ە نەهاتووە ئەڵێ میستەر ئیمری لەسەر ئەو کۆنفرانسەی کە بۆ ساحیبی غەزەتەکان وتبووی بەستی هەقالکردو وتی تورکەکان لەنوقاتی عیلمی ئەجناسی بەشەر وەعیلمی ئیقتیساد وەسەوقی ئەلجەیشەوە دەلائیل ئیبرازئەکەن وە ئەلحاڵ لەنەتیجەی تەحقیقاتی هەیئەت دەرکەوتووە کەخەڵقی ویلایەتی موسڵ تەرجیحی حکومەتی عیراق بەسەر حکومەتی تورکدا ئەکەن وە ئەو بەیاناتی تورکەی رەدکردەوە کە ئەڵێن لەبەر بەعزی ئەسباب کە حکومەتی عیراق تەوەسلی پێ کردووە هەیئەتی حدود بەکەمالی سەربەستیەت ئیجرای تەحقیقاتیان بۆ نەکراوەو تەکزیبی ئەو بەیاناتەی کرد کە لە حسوسی تێکچونی سلێمانیەوە بەست کرابوو وە سوالی کرد کە ئایا حکومەتی تورك حازرە بۆ دانی ئیمتیازاتی ئیداریە بەکوردەکانی ویلایەتی موسڵ کە ئێستا لە عەهدی حکومەتی عیراقیەدا پێی دراوە ئەگەر شایەد بوو یان ئیعادە بکرێتەوەو لەمەسئەلەی شایەدەوە وتی هەموو حکومەتەکان موعتەریفن بەئینتدابی سوریەو فەلەستین حکومەتی بەریتانیا تەلەبی تەمادی حاڵی حازرە ئەکا مەسئەلە تەعینکردنی حدودی بەینی دوو حکومەت زیاتر نییە ئەما بەهیچ نەوعێ بێ حکومەتی بەریتانیا موسیرە بەمانەوەی حدود لەسەر وەزعی حازر تاخەتی برۆکسل. دیسان بەیانی کرد کە حکومەتی بەریتانیا مەوافەقەت ئەکا بۆ موراعاتی ئەقەلیات کە داخیلی عیراقە لەلایەنێ عوسبەتی ئەلئومەمەوە نیابەتەن عوزوێك بنێرێت، بەشەرتێ تورکیش عەینەن قبوڵی بکات ئەو ئەقەلیانەی کە لەداخیلی مەنتیقەی تورکدایە عوسبەتی ئەلئومەم قۆنترۆڵی بکات.

ژیانەوە، ژ (٤٠)، ل (٤)

رای ئارل بەرکەهید

لەبابەت موسڵەوە

لوندرە: لەو کۆنفرانسەی ئارل بەرکەهید کە لە ئوکتۆبەر داویە ئەڵێ: (ئەگەر تورکەکان لەشیمالی عیراقدا دابمەزرێت، حەیاتی مەملەکەتەکە ئەکەوێتە تەهلوکەوە کە لەبەر کەمی ئیدخالات موساعید نییە مقاوەمەتی هجومی تورك بکا).

وەسەربەخۆ هێشتنەوەی عیراقیش مەوافیقی عەدل‌و ئینساف نییە لەدواییدا بەحسێ لەئەحوالی موئەلیمەی سودان‌و قەتل عامی جیهانی سائیرەی سودان وەخەرتوم کە لەپاش تەخلیە رویدابوو گێڕایەوەو وتی:
(ئەگەر ئێمە لەعیراق خۆمان بکێشینە دواوە ئیر تکابی جورمێکی گەورە ئەکەین کە لەو جورمە کەمتر نابێ!..)
ژیانەوە، (٤١)، ل(٢)

مستەر ئیمیری
لەجنێف ناڕوا
میستەر ئیمیری عەزمی مانەوەی لەجنێف کردووە تاحەل‌و بڕینەوەی مەسئەلەی موسڵ، لەگەڵ ئەمەی کە بەنزیکێکی زوو بڕینەوەی ئومێد ناکرێ، چونکە ئەو هەیئەتە فەرعیەیە کە عوسبەتی ئەلئومەم تەشکیلی کردبوو هێشتا دەستی بەگردکردنەوەی دەلائیل‌و بەراهێنی تەرەفەین نەکردووە.
ژیانەوە، ژ(٤١)، ل (٣)

رۆیتەر
حەواڵەکردنی مەسئەلەی موسڵ
بۆ مەحکەمەی عەدلی لاهی
پاریس: غەزەتەی ئەلمانان لەموخابەرەی خاسی لەجنێفەوە خەبەری ئاتی وەرگرتووە ئەڵێ: شایعەیە کە مەسئەلەی موسڵ حەواڵەی مەحکەمەی عەدلی دائیمی لاهی ئەکرێ.
ژیانەوە، ژ(٤٢)، ل(٢)

هەیئەتی ٣کەسی کەتەهدیدی تورك ئەکا
لەندەن:
تەلەغرافێ لەجنێفەوە هاتووە ئەڵێ شایعە لەبەینی خەڵقدا دەوران ئەکا کە ئەو هەیئەتەی ٣ کەسیەی عوسبەتی ئەلئومەم وەمەسئەلەی موسڵ تەشکیلی پێکردبوو تەهدیدی تورك ئەکا ئەگەر راستی ئەم شکاتی مەندوبی بەریتانیا تەحقیق بکا کەمەسیحیەکان لەوەتەنی خۆیان تەبعیدکراون چونکە ئەمە بۆ نەتیجەی حوکمی مەسئەلەی موسڵ تەئسیری خراپی هەیە، والازمە لەسەر تورکەکان لەم کردەوانە کەمغایری مەدەنیەتە دەست هەڵگرن.
ژیانەوە، ژ(٤٢)، ل (٢)

ئیجتماعی مەحکەمەی لاهی

لاهی: مەحکەمەی عەدلی دائیمی لاهی ئەعزاکانی دەعوەت کرد بۆ عەقدی جەلسەیەکی فەوقە ئەلعادەلە ٢ی تەشرینی ئەوەلدا بۆ تەماشاکردنی مەسئەلەی مەسیحیەکانی مەنتیقەی کۆیان.

وە بۆ تەماشاکردنی ئەو نوقاتەی کە عوسبەتی ئەلئومەم حەواڵەی کردبوو لە بابەت مەسئەلەی موسڵەوە بۆ ئەمەی لەم خسوسەوە رای خۆی بدا.

ژیانەوە، ژ (٤٣)، ل(٣)

تورکیاو مەسئەلەی موسڵ

ئەستەمۆڵ: شرکەتی تەلەغرافی ئەناتۆل تەکزیبی ئەو خەبەرەی کرد کە غەزەتەی ئەڵمانان لە ١٥ی ئەیلولدا بڵاوی کردبوەوە کە حکومەتی تورکیا رەدو بەدەلی لەگەڵ مەندوبی ئەڵمان و روس کردووە لەبابەت ئیقتدارو ئیستعدادی عەسکەریەوە دائیر بەمەسئەلەی موسڵ.

ژیانەوە، ژ(٤٤)، ل (٣)

داخیلی:

مەجلیسی ئەعیانی عیراق

تەشەکوری وەزیری موستەعمەرات ئەکا بۆ حوسن مەودافەعەی لەمەسئەلەی موسڵەوە

لەندەن ١ت ١- رەئیسی مەجلیسی ئەعیانی عیراق یوسف ئەفەندی سوێدی تەلەغرافێکی بۆ میستەر ئیمیری وەزیری موستەعمەرات ناردووە لەم تەلەغرافەدا تەشەکوری نواندبوو بۆ حوسن مودافەعەوە ئیهتمام بەمیلەتی عیراق و بە موحافەزە بۆ زیفافەتی حدودی شیمالیەی عیراق کە لەمەجلیسدا ئیبرازی کردووە.

ژیانەوە، ژ (٤٤)، ل (٣)

رۆیتەر

میستەر ئیمیری دائیر بەموسڵ

لەگەڵ مەلیك جۆرج موباحەسە ئەکا

لەندەن ١٥-ت ١- میستەر ئیمیری بەگەیشتنە خزمەتی جەلالەتی مەلیك جۆرج موشەرەف بوو، ئەو رەدو بەدەلەی کە لەمەو پێش دائیر بەعیراق وە بیلخاسە دژ بە موسڵ شروعی پێکردبوو هەمووی عەرزی جەلالەت مەلیکی کرد، لەم جیهەتەوە لەپێش ئەمەدا لەبەینی جەلالەتی مەلیك جۆرج وە جەلالەتی مەلیك فەیسەڵدا بەحسکرابوو.

ژیانەوە، ژ (٤٥)، ل (٢)

حەرەکەتی جەنەراڵ لیدۆنەر

دوێنێ جەنەراڵ لیدۆنەر لەپاریسەوە بۆ تەحقیق وە تەدقیقی وەقعەی میهمەی کۆیان روو بەموسڵ حەرەکەتی کرد.

ژیانەوە، ژ (٤٥)، ل (٣)

خەبەراتی موتەفەریقە

میستەر ئیمیری تەئکیدی کرد کە حکومەتی بەریتانیا بەقەتعی موسڵ تەخلیە ناکا.

ژیانەوە، ژ (٤٥)، ل(٣)

رۆیتەر

مەسئەلەی موسڵ لەمەحکەمەی عەدلی لاهی

لاهی ٢٥ت ١- لەجەلسەی مەحکەمەی عەدلی دەولی لاهیدا سێردۆ گلاس هۆك، سێرسیسل هورست وەمیستەر واشیری ئەوقات بۆ تەحقیقاتی مەسئەلەی موسڵ حکومەتی فەخیمەی بەریتانیا تەمسیل ئەکەن وە لە نەزارەتی خارجیەوە موستەعمەرات وەمالیەوە وەکیلیان لەگەڵدا ئەبێ.

ژیانەوە، ژ(٤٦)، ل (٢)

لەمەحکەمەی عەدلی دەولی لاهیدا

مەسئەلەی موسڵ و حازر نەبوونی مومەسیلی تورکیا

لاهی، ٢منە- مەحکەمەی عەدلی دەولی لاهی بۆ بینینی مەسئەلەی موسڵ ئەمڕۆ بەیانی جەلسەیەکی فەوقە ئەلعادەی بەست، لەم جەلسەیەدا مفەوەزی بەریتانیا لەلاهی سێر چارلس مارلنك وەمفەوەزی تورکیا لەلاهی محەمەد ئەسعەد بەگ، وەسوفەرای دەولە موعەزەمەکانی تر لەگەڵ ئەو هەیئەتەی کە لەحکومەتی بەریتانیاوە بەمومەسیلی تەعیین کراون حازر بوون ئەو جێگایەی کە بۆ مومەسلینی تورکیا تەخسیس کرابوو لەبەر حازر نەبوونی هەیئەتی مەزکور بەتاڵکرایەوە.

مەحکەمە، ئەو تەلەغرافەی کە لە تورکیاوە هاتبوو خوێندیەوە، لەم تەلەغرافەدا تورکیا بەتەواوی مەحکەمەی تەقدیرو ئیحترامی گرتبوو فەقەت بەیانی کردبوو کە حکومەتی تورکیا بۆ ئەم ئیجتماعە سەبەب لەمەیدانا نابینێ کە ناردنی مومەسیلی ئیستلزام بکا.

سێر دۆگلاس هۆك نوتقێکی دوورو درێژیدا، مەجلیس تەواو وەتەعلیق کرایە سوبحێنێ نیوەرۆ.

سێر دۆگلاس هۆك لەنوتقەکەیدا مەوادی ژێرەوەی تەسریح کرد.

مەوادی مەعاهەدە سابت و موحەقیقەکە ئەو قەرارەی جەمعیەتی ئەقوام ئەیدا قەرارێك ئەبێ مەوافیقی مەعاهدە نامەی لۆزانە لەبەر ئەمە ئەو قەرارە سەرفی لەشکلێکی تەحکیمیدا ئەبێ وەکو تورکەکان ئیدعا ئەکەن نەتەوەیی وەنەتەوەستی تیا ئەبێ.

بەرامبەر بەئیدعای فەتحی بەگ کە لەجنووەدا وتی مفەوەزیم بە قبوڵکردنی هەر تەعەهودی کەعائید بەحکومەتەکەم بێ ئەڵێم: مەسئەلەیەك کە لەتەرەفی حکومەتێکی بەشەرەفەوە سائێك بەلا قەیدو شەرتی قبوڵ کرابێ وە ئەمڕۆ لە تەرەفی مومەسیلەکانیەوە تێك بدرێ لەبینی ئەم نەوعە حکومەتانەدا تەئسیسی رابیتەی مەحاڵ ئەبینم.

ژیانەوە، ژ (٤٨)، ل (٣)

رۆیتەر

تەسریحاتی میهمەی وەزیری موستە عمەرات دائیر بەموسڵ

لۆندرە ٨ت ٢- وەزیری موستەعمەرات میستەر ئیمیری دوێ شەو لە (پۆرتسمۆت) وتویەتی ئومێدم هەیە بەجەمعیەتی ئەقوام لەمانگی پێشەوە ماندا دائیر بەموسڵ قەرارەکەی بدا. وە وتویەتی عەلاوەت ئەهمیەتی مەخسوسەی مەسئەلە بۆ هەموو عالەم ئیجاباتی موسالەمەتەکە جەمعیەتی ئەقوام قەرار بدا وەتەئیدبکات. ئارەزووی گەورەی حکومەتی بەریتانیا ئەمەیە کە مەسئەلەبەموسالەمەت حەل بکرێ. لەعەینی وەختا بەکەمالی عەزمەوە ئیسراری کرد لەسەر حقوقی خۆی وەحقوقی ئەو میللەتەی کە ئیعتمادیان پێکردبوو قابینەی متەوالیەی بەریتانیا تەعەهودیان بەمیللەتی عیراقدا بوو کە مەیدانی نەدەن جارێکی تر بخرێتەوە ژێر ئیدارەی تورك، وەوەعدی بەعیراق دابوو کە حکومەتێکی حور وەموستەقیلیان بۆ تەئیدبکا.

حەسەب ئەلئیمکان مەعاونەت کرا، وەلەوەعدەیا وەفای نواند. فەقەت ئەمڕۆ حکومەتی تورکیا داوای لێ جوێ کردنەوەی دەوڵەمەندترین پارچەیەکی عیراق ئەکا، کە ئەم داوایەیش نەلەسەر دەلیلێکی قەومیە نەلەسەر ویستنی میللەتە. بەدەفعی وردی ئەم داوایە حکومەتی بەریتانیا لەو قەناعەتەدایە کە محافەزەی حقوقی خۆی کردووە..

وەحکومەتی بەریتانیا لە مودافعەی ئەم مەسئەلەیەدا تەنها بەواسیتەی تەحکیم دەست هەڵ ناگرێ زەرورەتی حەس بکرێ موراجەعەت بە قوەتیش ئەکا.

ژیانەوە، ژ (٥٠)، ل (٢)

رۆیتەر

مەوعیدی دەرچوونی قەراری مەحکەمەی لاهی

لەبابەت موسڵەوە

لاهی ١٩ت ٢- مەحکەمەی عەدلی دوەلی لەلاهی رۆژی شەمەی تەعیین کرد بەمەوعیدی ئیجتماع، بۆ ئەمەی قەراری ئیستشاری ئیسدار بکا لەبابەت مەسئەلەی موسڵەوە کە جەمعیەتی ئەوام حەواڵەی کرد بوو.

ژیانەوە، ژ (٥١)، ل(٢)

رۆیتەر

حوكمی مەحكەمی عەدلی دەولی لاهی دائیر بەموسڵ

لاهی ٢١ت ٢- مەحكەمەی عەدلی دەولی لاهی حوكمی داوە كە جەمعیەتی ئەقوام لەپێش تەعینكردنی حدودی توركیاوە عیراق بەسورەتێكی قەتعی لزومیەتی نواندووە بە ئیعتای قەرارێك كەهەر دوولا عەمەلی پێ بكەم.

ئەو قەرارەش كە جەمعیەتی ئەقوام ئەیدا لازمە بە ئارای عمومی بدرێ، مەحكەمە لەو فكرەدایە كە مومەسلینی تەرەفین ئیشتراك بەئیعتای قەرار بكا.

ئەو مەسائیلە كە حەوالەی مەحكەمەكراوە عائید بەتەحدیدی حدودی عیراق وەتوركیا نییە عائید بەسەلاحیەتی جەمعیەتی ئەقوامە. مەجلیسی(...) ئەگەر ئینگلیزوە یا تورك تەئخیری تەڵەبی نەكا لەجەلسەی ئاتیدا لە خسوسی تەحدیدی حدودەوە قەرار ئەدا.

حكومەتی بەریتانیا هەر لەئێستاوە قبوڵكردنی قەراری جەمعیەتی ئەقوامی بەیانكردووە. وەزعیەتی حكومەتی ئەنقەرە هێشتا مەعلوم نەبووە.

ژیانەوە، ژ(٥٢)، ل (٢)

قەراری عوسبەتی ئەلئومەم لەخسوسی مەسئەلەی موسڵەوە

لەجنوەوە بۆ فەخامەتی مەندوبی ئەلسامی بەغداد

رۆژی ١٦ی كانونی ئەوەلی ١٩٢٥

مەجلیسی عوسبەتی ئەلئومەم ئەم پاش نیوەڕۆیە بە ئیجماعی ئارا مەوافیقی ئاتی قەراری حەلیدا.

١-حدودی توركیاوە عیراق مەوافیقی خەتی برۆكسل ئەبێ كە لەمەجلیسی برۆكسلدا لە ٢٩ی تشرینی ئەوەلی ١٩٢٤دا قەرار درابوو.

٢-مەجلیس، دەعوەتی حكومەتی بەریتانیا ئەكا كە بەپێی ئەو مەعاهەدەیەی لەگەڵ عیراقدا هەیانە وە لەتاریخی ٢٧ی ئەیلولی ١٩٢٤دا لە تەرەفی مەجلیسەوە تەسدیقكراوە مەعاهەدەیەكی تر بكا بۆ دەوامی ئینتداب بەسەر عیراقدا بۆ (٢٥) ساڵی تر. وە ئەم مەعاهەدەیە تەقدیمی عوسبەتی ئەلئومەم بكا. مەگەر كە لەپێش ئینقزای ئەم مدەیەدا عیراق خۆی لە مەجلیسی عوسبەتی ئەلئومەمدا تەمسیلی بكا مەوافیقی مادەی (١)ی قانونی مەجلیسی عوسبەتی ئەلئومەم.

ئەگەر لەزەرفی شەش مانگا ئیجرای ئەم ئیتفاقە ئیقتران بەمەعلوماتی عوسبەتی ئەلئومەم بكا ئەو وەقتە مەجلیس ئیعلانی ئەكا كە ئەمە قەتعیەوە نیهائیە، ئەو وەقتە ئەو تەدابیرە بەیان ئەكا كە موقتەزیە بۆ تەئیمینی خەتی حدودی سالف ئەلزكر.

٣-حكومەتی بەریتانیا دەعوەت ئەكرێ بۆ ئەوەی كە لەداخیلی سەلاحیەتی ئینتدابی خۆیدا تەئمینی ئاسایشی كوردەكانی عیراق بكا. تەئمیناتێك كەلە بابەت ئەو

شکلی ئیدارەی مەحلیەوەیەکە لەتەرەفی لیجنەی تەحقیقاتەوە لەخیتامی راپۆردا تەوسیەکراوە.

٤-حکومەتی بەریتانیا دەعوەت ئەکرێ کە لەداخیلی سەلاحیەتی ئینتدابی خۆیدا هەتا مومکین ئەبێ رعایەتی ئەو ئیقتراحاتە بکا کە لەتەرەفی لیجنەی تەحقیقاتەوە بەیان کراوە لەبابەت تەدابیری تەئمینی تەسهیلاتی وەزعی بۆ مساوات لە بەینی عمومی عەناسیری مەوجودەدا، وەکەزا لەبابەت تەدابیری تیجاریەوە کە لەتەوسیەیەکی مەخسوسەی راپۆرەکەدا بەیان کراوە.

مولحەقی ژیانەوە، ژ (٥٣)

بەموناسەبەتی قەراری عوسبەتی ئەلئومەم ئیحتفال

ئەم هەفتەی رابووردوە حەقیقەن هەفتەیەکی پر(......) بوو کەوتبووە دوای پایزو خەزان، ئافاق و تەبیعەت لەبەینی پایزو زستانا فەسڵێکی زۆر جوان و لەتیفی واگرتبوو، لەئەرزو ئاسمانا غوربارو عەمامی نەهێشتبوو مەگەر بەراعەتێ بوو بۆ هێنانی ئەم مژدەیەوە بۆ ئیزهاری شادمانی وە ئیشتراك بەم حەفلەیە، هەروەك مەشهورە پێنجشەمەو شەمە موبارەکە موژدەی قەرارەکەمان پێنجشەمە وەرگرت وەرۆژی جومعە تەئیدی کردو شەمە مەراسیمی ئیحتیفال بەجێ هێنرا.

رۆژی شەمە موسادیفی کانونی ئەوەلی ١٩٢٥ هەر لەبەرە بەیانەوە ئافاقی سلێمانی جوان و شیرین، هەوای نەسیمی ساف و بۆ نخۆش، فەزاکەی نورانیوە بریقەداربوو، رۆیش لەکەمالی عیشوەو نازی ئاهەستە ئاهەستە لەئوفقەوە دەرئەکەوت، خەرامان خەرمان جلوەی ئەدا واهاتە پێشوەوە لەرۆژانێکە جوانترەوە روناکتر عەرزی ئەندامی کردبوو.

ئەمەلی مەملەکەت لەگەورە تا بچووك هەموو پر نەشئەوە خەندان وەدلکراوە بوون، مەگەر کە لەمەوجاتی ئەلەکتریکی لەناو نەسیمی عەنبەر بۆدا لەجنوەوە بەسەر شاخ و درەختەکانی ئەوروپاوە بەسەر هەموو شەپۆلی بەحری سپیدا تا گەیشتە ئێمە مژدەی پێبوو کە حەیات و سەعادەت قەتعەیەکی تەئمین کردووە یەعنی، مژدەی قەراری عوسبەتی ئەلئومەمیدا دائیر بەمانەوەی ویلایەتی موسڵ بۆ عیراق.

بەموناسەبەتی ئەم خەبەرە خۆشەوە رۆژی مەزکور ئیحتفالێکی زۆر گەورە وە تەن ئیجرا کرا مەوافیقی پرو غرام وە تەرتیباتێك کە لەمەقامی موتەسەریفییەوە رێکخرابوو لەسەعات چواری عەرەبیدا دەستە دەستە ئومەراوزابتانی حکومەتی فەخیمەی بەریتانیا وەجەیشی عیراق کە عیبارەت بوون لەجەنابی سەعادەتماب کرنیل براون قوماندانی عمومی عەسکەری لیوا وەجەنابی میستەر مەکریکەر زابتی ئیستخباروە وەکیلی موفەتیشی مەنتیقە لەگەڵ ئومەراو زابتانی جەیشی عیراقی وە ئومەرای لیوای ئینگلیزوە (...) وە دائیرەی پۆلیس و عولەماوە ئەشراف وەتوجاری مەملەکەتوە رۆئەسای دەوائیروە لەهەموو سنفی مەئمورین وە ئەهالی بەکە مالی شەوق و شەتارەت بۆ زیارەتوە ئیفای مەراسیم وە تەبریکات تەشریفیان هێنایە مەقامی موتەسەریفی وەلەوێدا لەپاش مولاقات وە بەجێ هێنانی لازمەی تەبریکات لەساعەت پێنج و نیوی عەرەبیدا جەنابی موتەسەریف لەگەڵ ئەم زەواتی موحتەرەمە تەشریفیان هێنایە بەر دەرگای سەرای قەدیم

بۆ ئەمەی هەموو فەردێکی میللەت لەم ئیجتماعە حیسە(......) ئەو ساحەیەی بۆ حەفلە ئیتخاز کرابوو لە حەقیقەتا موحفەلێکی مەحەلی بوو ناوەڕاستی ئەم جێگایە بەکورسی وە مێز رازانرا بوەوە لە ناوەڕاستی ئەم کورسیانەدا بۆ نوتق خوێنەرەکان مێزێکی گەورە دانرابوو.

لەپڕ لە باخەکەی سەرادا تاقمێکی گەورەی پۆلیس بەدرێژی باغەکە سەف بەستەی ئیحترام بووبوون، لەم بەرەوە بەلای جادەکەدا شاگردانی هەر دوو مەکتەب بەتاقمی کەشافەوە بەرامبەر پۆلیسەکان خەتێکی مەوازیان تەشکیل کردبوو، لەپشت ئەم دوو ریژەوە جمهورێکی گەورە لەهەموو تەبەقاتی موختەلیفەی ئەهالی بۆ بینینی ئەم ئیحتفالە، بۆ ئیشتراك بەم سرورە عەزیمە، بۆ گوێگرتن لەم نوتقە حەسبحالانە، وەبۆ تێگەیشتن وەمەسرور بوون لەم قەرارە موسەیب بە هەر چوار تەرەفی ئەو مەیدانە گەورەیەدا گرد بووبوونەوە، حاسلی ئەو وەقتە بۆ ئەهالی مەملەکەت ئانێکی بەختیاری، رۆژێکی پڕ فەرەح بوو، شاگردانی مەکتەب بەو دەنگە مەعسومانەیانەوە جار بەجار بە گۆرانیەکی وەتەنی سکونێکی عەمیقیان ئەخستە ئەو ناوەوە، وەگاهێ دڵی مەسروری سەیرکەرەکانیان ئەلەرزانەوە وە رۆحی پڕ نەشئەو شاتری ئەلەرانەوە، لەو ئانەدا تەشریف فەرمونی جەنابی موتەسەریف وە هەیئەتی موحتەریمە ئیعلان کرا. تەشریفیان فەرمووە ئەو جێگایەی کەئیحزارو تەزیین کرابوو دانیشتن.

ئەمجا لەتەرەفی شاگردانی مەکتەبەوە لەپاش نەشیدێکی بەخێرهاتن، جەنابی موتەسەریف بە نوتقێکی موئەسیروە بەخوێندنەوەی قەراری عادیلانەی مەجلیسی عوسبەتی ئەلئومەم حەفلەکەی گوشادکرد، ئەوا عەینەن نوتەقەکە دەرەج و تەتقدیمی ئینزاری خوێندەوارانی کەرامی ئەکەین:

حەزاری کەرام:

بە فەرح و شادییەکی تەواوەوە مژدەتان ئەدەمێ مەجلیسی موحتەرەمی عوسبەتی ئەلئومەم قەراریدا کەویلایەتی موسڵ بەبێ تەجزی بۆ عێراق بمێنێتەوە. مەزمونی قەرارەکەش ئەمەیە:

قەراری عوسبەتی ئەلئومەم لەخسوسی مەسئەلەی موسڵەوە لەجنوەوە بۆ فەخامەتی مەندوبی ئەلسامی بەغداد.

رۆژی ١٦ی کانونی ئەوەلی ١٩٢٥

مەجلیسی عوسبەتی ئەلئومەم ئەم پاش نیوەرۆیە بە ئیجتماعی ئارا مەوافیقی ئاتی قەراری حەلی دا.

١-حدودی بەینی تورکیاو عیراق مەوافیقی خەتی برۆکسل ئەبێ کە لەمەجلیسی برۆکسدا لە ٢٩ی تشرینی ئەوەلی ١٩٢٤دا قەرار دارابوو.

٢-مەجلیس، دەعوەتی حکومەتی بەریتانیا ئەکا کە بەپێی ئەو مەعاهەدەیەی لەگەڵ عیراقدا هەیانەوە لە تاریخی ٢٧ی ئەیلولی ١٩٢٤دا لە تەرەفی مەجلیسەوە تەسدیقکراوە مەعاهەدەیەکی تر بکا بۆ دەوامی ئینتداب بەسەر عیراقدا بۆ (٢٥) ساڵی تر. وە ئەم مەعاهەدەیە تەقدیمی عوسبەتی ئەلئومەم بکا. مەگەر کە لەپێش ئینقزای ئەم مدەتەدا

عیراق خۆی لەمەجلیسی عوسبەتی ئەلئومەمدا تەمسیلی بکا مەوافیقی مادەی (١)ی قانونی مەجلیسی عوسبەتی ئەلئومەم.

ئەگەر لەزەرفی شەش مانگا ئیجرای ئەم ئیتفاقە ئیقتران بەمەعلوماتی عوسبەتی ئەلئومەم بکا ئەو وەقتە مەجلیس ئیعلانی ئەکا کە ئەمە قەتعیەوە نیهائیە، ئەو وەقتە ئەو تەدابیرە بەیان ئەکا کە موقتەزیە. بۆتە ئمینی خەتی حدودی سالف ئەلزکر.

٣-حکومەتی بەریتانیا دەعوەت ئەکرێ بۆ ئەوەی کە لەداخیلی سەلاحیەتی ئینتدابی خۆیدا تەئمینی ئاسایشی کوردەکانی عیراق بکا. تەئمیناتێك کە لەبابەت ئەو شکلی ئیدارەی مەحەلیەوەیە کە تەرەفی لیجنەی تەحقیقاتەوە لەخیتامی راپۆردا تەوسیەکراوە.

٤-حکومەتی بەریتانیا دەعوەت ئەکرێ کە لەداخیلی سەلاحیەتی ئینتدابی خۆیدا هەتا موکین ئەبێ ریعایەتی ئەو ئیقتراحاتە بکا کەلە تەرەفی لیجنەی تەحقیقاتەوە بەیان کراوە لەبابەت تەدابیری تەئمینی تەسهیلاتەوە وەسەعی بۆ مساوات لەبەینی عمومی عەناسیری مەوجودەدا وەکەزا لەبابەت تەدابیری تیجاریەوە کە لەتەوسیەیەکی مەخسوسەی راپۆرەکەدا بەیان کراوە.

موسەلەمەو ئینکار ناکرێ کەسەعادەتێکی زۆر گەورە بۆ عیراق‌وە بیخسوس بۆ سەکەنەی ویلایەتی موسڵ وەکوردەکان تەئمین وەڕۆحیان بەبەراکرا، خۆ دیسان زۆر بەختیارین کە حکومەتی فەخیمەی بەریتانیا دەعوەت کراوە کە تەئمینی ئەو لزومە بکا کە قۆمیسیۆنی عوسبەتی ئەلئومەم لەخیتامی رابوردا تەوسیەی کردبو، ئەمەش عەلامەتێکی سەعادەت وەمۆفەقیەت وەخاڵێکی خێرە.

ئەتوانم بڵێم رۆژی ١٦ی کانونی ئەوەل لەوانەیە کە بۆ ئێمە بەجەژنێك بژمێررێ، لەبەر ئەمە بۆ حکومەتی فەخیمەی بەریتانیاوە فەخامەتی میستەر ئیمسیری وەزیری موستەعمەرات لەعەمەدەی تەشەکوراتدا دەرناچین کە بۆ ئەم مەسئەلەیە بە زۆر عنایەت و عاتیفەتی گەورەیان فەرمووە هەر وەکو لێمان مەعلوم بووە لە پاش (......) زەحماتیەکی زۆر مۆفەق بوون بە ئیستحسال قەرارێکی وا بەشان وە شەرەف لەگەڵ تەقدیمی تەشەکوراتدا تەبریکیان ئەکەین.

ئەمڕۆ بۆ قەومی کوردیش مەعلوم بوو کە هەیئەتی موحتەرەمەی عوسبەتی ئەلئومەم تەمسیلی (...) بۆ تەئمینی حقوقی میلی بیئەلخاسەی ئەقەلیات، هەروەها کەلازمەی عەدالەتیان بەجێ هەیە وەئەم قەرارە مونسیفانەیان دەرحەق بەئێمە ئیسرار فەرموو کە ئەبێ بە (...) وەحید بۆ تەئمینی سەعادەت وەئیقبال‌وە ژیانمان لەئەندازە بەدەر تەشەکوراتی خالسانەمان ئەگەیەنیت، یەکدەفعە بۆ ئێمە فرسەتێکی قیمەتدار هەڵکەوتوە وەهاتۆتە پێشەوە.

ئومێد ئەکەم قەدری بزانین، لەدەستی نەدەین، دەست بدەینە دەستی یەك‌و بەیەکدڵ‌و زبان بۆ پێشکەوتن وەسەرکەوتنی خۆمان هیمەت بکەین، ئیختلاف وەنیفاق کەموجەبی ئیزمحلالە ئینشائەڵڵا لەمەودوا لەبەیندا دەربچێ‌و (...) هێنم ئێمە کە بۆ تەرحە رێگایەکی باش‌وە مەوافقمان گرت شوبهە نییە ئەو وەقتە بەلوتفی وەشەفەقەت حامی موعەزەم ئەگەینە مەنزلی مەرام، لەخاتیمەدا مین سەمیمی ئەلقەلب لەگەڵ عەرزی تەبریکتان تەمەنی حسولی مۆفەقیەت ئەکەم.

لەدوای جەنابی موتەسەریف کاتبی موفەتیشی ئیداری جەنابی سەعید ئەدیب ئەفەندی وەکالەتەن نوتقی ئاتی خوێندەوە:

زەواتی موحتەرەم

جەنابی زابتی ئیستخبارات کە لەجیاتی موفەتیشی ئیداری ئەم نوقتەی تەرتیب فەرمووە بەندەی تەوکیل کردووە بەتەرجومەکراوی عەرزی حەزاری کەرامی بکەم.

ئەی حەزاری کەرام:

ڕۆژی ١٦ی کانونی ئەوەل لەتاریخی عیراقدا ڕۆژێك ئەبێت کە قەت لەبیر نەچێتەوە چونکە ئەوە ڕۆژێکە کەلەو ڕۆژەدا مەجلیسی ئەقوام قەراریدا کەئیدعای عیراق بۆ ویلایەتی موسڵ مەوافیقی عەدلو حەقانیەتە. ئێستا کە سێبەری تورکەکان ڕەفع بووە عیراق وەکوردستان ئەتوانن چاوەڕێی ئەیامی موسالمەتو سەعادەت بن، وەلازمە دەرخاتر بکرێ کە سەعادەت بەتەوحیدی مەساعی لەگەڵ ئەو دراوسیەکانا کە بەختوتی متواسیلەی برادەرانە پێکەوە بەستراون ئیستحسال ئەکرێ. لەهەموو خەیالاتی باتیلە ئیجتاب بفەرموون، وەقەتعەن گوێ مەدەنە موفسیدان وە قابیلیەتی مەلیەی خۆتان پشان بدەن.

زۆری پێ ناچێ عیراق مومەسیلەکانی خۆی لەناو مومەسیلاتی عالەمی مەدەنیەتدا لەسەر کورسی ئیحترام چاو پێ ئەکەوێ، ئیتر ئیستقبال بەدەست خۆتانە.

بەم موناسەبەتەوە منیش ئیشتراکی ئەم تەبریکاتە ئەکەم.

لەپاشا لەتەرەف جەنابی جەمال ئەلدین بەگ بابانەوە نوتقی ئاتی خوێندرایەوە:

من؛ زۆر تەشەکوری جهەتی ئیدارە ئەکەم، کە بەموناسەبەتی ئەم ڕۆژە مەسعودەوە بوو بەسەبەبی ئەم ئیجتماعەوە بە ئەم موناسەبەتەیشەوە ئیمکانی ئەوەبوو کە لەکوردستان لەحزوری ئومەراوە زابتانی موعەزەمەی بەریتانیاوە عیراق وەمنەوەران وە ئەشراف وەعولەماوە بۆ تجارانی کورددا دوو قسە بکەم:

وەکو ئەیزانن من خەتیب نیم وەکوردیش چاك نازانم لەگەڵ ئەمەیشدا نەمتوانی زەبتی حسیاتی خۆم بکەم وەلەپێش بڵاو بوونەوەی ئەم جەمعیەتە دوو قسە نەکەم.

واجەنابی موتەسەریف قەراری عوسبەتی ئەلئومەمی تەبیلغ کرد لام وایە ئەم قەرارە بەلا ئیستسنا موجیبی مەسرورەیەتە، شادمانن هەموو عیراقیەکە، وەبیلحامە مەنتیقەی کوردستان وەهەموو کوردێك بوو، چۆن موجیبی مەسروریەت نەبێ؟ کە وەزعیەتی کوردستان نسبەت بەعوسبەتی ئەلئومەم هەر لەمەعسومێکی بێ گوناهی ئەکرد کە موتەهەمی جنایەت وە لەسالۆنی مەحاکەمەدا مونتەزیری قەراری مەحکەمەیە بێ وەبێشك ئەم قەرارە لەدووشت خاڵی نابێ، یا قەراری ئیعدام؛ یا قەراری تەبریە، ئێمەش بە ئەم دەرەجەیە، بەئەم دەهشەتە مونتەزیری ئەم قەرارە بووین، بەڵام شوکری خوا ئەکەین کە قەرارەکە عادیلانە. دەرچوو قەراری تەبریە، قەراری ژیانی کوردان بوو.

وەتاریخی ئەم قەرارە کە ١٦ی کانونی ئەوەلی ١٩٢٥-ە بوو بە فاتیحەی حەیاتی کوردوە لەم مەنتیقەیەدا بوو بەخاتیمەی حاکمیەتی تورك، زوڵمی تورك، ئامالی تورك، ئیستیبدادی تورك.

لەئەم قەرارەدا بۆ کوردەکان حەقێکی تر بەخشراوە ئەویش حەقێکی سیاسیە و عیبارەتە لەئەوەی کە لەمەو پاش مەنتیقەی کوردستان بە واستەی مەئمورینی کورد ئیدارە ئەکرێ وەزیانی کورد بەزەبانێکی رەسمی ئیعتبار ئەکرێ، وە لەم کاتەیشدا هەر بە ئەم زبانە تەحسیل ئەکرێ.

ئەم حەقە بۆ ئێمە لەتاریخدا سەحیفەیەکی تازەی گوشادەکردیە، رەشێتی وەیا سپێتی ئەم سەحیفەیە متەوەفیقی سەعی کوردانە.

ئیدامەوە موحافەزەی ئەم حەقە کە بۆ میللەتی کوردان بناغەیەکە هەر بەشتێك مومکین ئەبێت ئەویش معاریفە هەر بەسایەی معاریفە ئەمڕۆ بەشەر لەئاسماندا ئەفڕێ، وە لەژێر ئەرزدا وەلەژێر بەحردا سەیرو سەفەر ئەکاوە لەئەقسای عالەمەوە لەئانێکدا خەبەر وەرئەگرێ. موجەد وە موئەسیسی ئەم ئیختراعاتە هەر وەکو ئێمە ئینسانە، وەلە خەڵقەت وە لە تەکامولی وجوددا لە ئێمە هیچ فەرقێکیان نییە. ئەگەر فەرقێکیش هەبووبێ ئەویش ئەوەتا کە ئەوان عالمن ئێمە جاهیلین، ئەوان ئەخوێنن ئێمە ناخوێنین ئەوان وەسائیتی تەحسیلیان زۆرە ئێمە نیمانە.

بینائەن عەلەیهی بۆ تەئمینی حەیاتمان وەئیدامەی مەوجودیەتمان لازمە هەموو بەیەکەوە جەهد بکەین وە ئەم ئەساسە بەلافاوی جەهل تێك نەدەین، وە بۆ تەعمیمی مەعاریف هەر مونتەزیری عاتیفەتی حکومەت نەبین، چونکە حکومەت لەبەینی ئەفرادی خۆیدا بەمساواتی مەعاریف تەوزیع ئەکا.

ئێمەش وەکو ئەیزانین زۆر پاش ماوین ئەو بەشەی کە حکومەت ئەمانداتێ ئیحتیاجمان تەئمین ناکا، تێنوتیمان ناشکێنێ.

بینائەن عەلەیهی لازمە بۆ هەموو کوردێك کەخۆی بەکورد ئەزانێ موتەفیقەن بۆ تەسمیمی مەعاریف سەعی بکات، کەبتوانین لەگەڵ میلەتی نەجیبەی عەرەبدا وەکو دووبرا لەژێر عەلەمی عیراقدا بەمعاونەتی حکومەتی فەخیمەی بەریتانیا بژین، بژی کورد، بژی حکومەتی عیراق، بژی حکومەتی مەعەزەمەی بەریتانیا.

بەناو نیدای تەقریرو چەپڵەڕێزاندا جەنابی جەمال بەگ چووەجێی خۆیەوە لەعەقەلی مومائیلەیهی لەتەرەف محەمەد ئەفەندی تەڵەبەی مەکتەبەوە قەسیدەیەکی حەماسیە کە لەژێرەوە نووسراوە خوێندرایەوە:

چە خۆشە حوکمی عەدالەت! نەمانی مەحکومی
چە خۆشە رەفعی سەفالەت شیعاری مەزلومی
لەبەینی قەومو میللەدا چە خۆشە مەوجودی
چە ئافەتێکە حەقیقەتی بەڵایی مەعدومی
چە نەگبەتیەکە ئیلاهی، جەهالەتی میللەت
چە دەوڵەتێکە موئەیەد؟ ئەساسی مەعلومی
نەما لەسایەی عەدل ئیلەهی وەلوتفی خودا
لەسەر خراپەی ئەم کوردە سایەی بومی
لەفەیزی لوتفی خودارە ویلایەتی موسڵ
نەجاتی بوو بەتەواوی لەپەنجەی رۆمی
بل نەتیجەی زوڵمو جەفایە بۆ هەر کەس

بەرۆکی خۆی دەگەڕێ عاقیبەت بەمەشئومی
کەلامی فەخری هەموو کوردەکان گەیشتە فەلەك
کەتەرکیدا بەزەویدا خەیاڵی مەوهومی
کە عوسبەتی ئەلئومەم ئەم حوکمە عادیلانەیدا
حەیاتیدا بەعیراق وەنەماوە مەحرومی
بژین بەعەدلەوە عوسبەت لەگەڵ بەریتانی
چرای وڵاتە قەراریان بەلەفزوەمە فهومی

ئەنجا لەتەرەف جەنابی ئەحمەد حەمدی ئەفەندی کاتیبی داخیلیەوە نوتقی ئاتی خوێندرایەوە:

حەزەراتی کیرام:

ئەمڕۆ بەشەرەف و موبارەکی ئەم رۆژە مەسعودەوە کە لێرەدا ئیجتماعتان فەرمووە، ئەمەوێ منیش شتی خۆم چەند کەلیمەیەکتان عەرز بکەم کەقیمەتی ئەم رۆژە زیاتر تەزاهور بکات وە لەفکردا ئەبەدی نەقش ببەستێ.

هەمووومان لەبیرماوە بەسائیقەی تەخریباتی مەشئومەی حەربی عومومییەوە چەند حەیاتمان ئیمحا کرا، چەند خانەمان کوژایەوە، چەند منداڵ بێ باوك، چەند ژن بێوەژن مایەوە، ئەمەیش سەبەبی یەکانەی سەهوێکی تورکەکان بوو کە بەلا سەبەب وەتەئەمول ئیشتراکی حەربی عومومیان کرد وەهەر لەم رووەوە ئەنواعی فەلاکەتی تریش وەکو ریا وەگرانی وەسائیرە.. یەکتریان تەعقیب کرد ئێستاش ئەو خانوانەی کە لەبەربێ ساحیبی بوون بەکەلاوە هێشتا وەکو ئایدەی زوڵم ئیسپاتیو جودوە ئیعلانی خەوف وە دەهشەت ئەکات ئەو چاوانەی کە بۆ کوژراوانی ئەو رۆژە گریاون، هێشتا فرمێسکی چاویان نەنیشتۆتەوە، ئەو بریندارانەی کە ئەو رۆژە ناڵاندویانە ئێستایش فریادیان گوێی فەلەکی: کەڕکردووە، ئەو خوێنانەی کە لەبرینی ئەو رۆژە هاتووە هێشتا جەرەیان ئەکات، حاییلی ئەمە وەقایعی قرونی قەبلە ئەلتاریخیە نییە کەزیاتر ئیزاحی بکەم، ئەو بێ دەست وە بێ قۆڵانەی ئەو رۆژە، ئێستاش لەناو بازاردا لەبەرچاومان ئەسورێنەوە وەسواڵمان لێ ئەکەن.

میلەتانی تریش فی ئەلواقیع لەئێمە کەمتریان بەسەردا نەهات بەڵام لەپاش خیتامی ئەم حەربە هەر چە بەقیقەی ئەلمسوقێکیان مابوو بەماڵ‌وە منداڵی خۆیان شادو شوکربوونەوە وەیەکتریان دەر ئاغوش کردو ئەشکی حەسرەتیان بەسەرشان و ملی یەکتریدا رشت، ئیتر کەوتنە شادمانی وەتەعقیبکردنی ئیستقبالێکی مەعلوم، چونکە نیهایەتی فەلاکەتیان هاتبوو، دەستیان بە (...) ئەو برینەوە تەشەبوسیان کرد بەتەلافی ئەو فەلاکەتە عەزیمە.

لاکین هەیهات ئێمەی بەدبەخت تازە ئەوەل فەلاکەتمان بوو، چونکە موقەدەراتی ئێمە هێشتا مەعلوم نەبووبوو، ئیستقبالی ئێمە وەکو شەوی دەیجور تاریك مابووەوە، بەعزێك لەبەر تەرەدود لەکاروکاسبی لە خەوو خۆراك مەحروم بووبوو، بەعزێکی تر هەر لەم خولیایەدا تەرکی حەیاتی کردوە بەنیهایەتی نەگەیشت.

تائەمرۆ ئیحتمالی هەیە هەموومان لەحالێ سەفەر (...) چونکە بەرامبەر تەوقانێکی ئاگر راوەستابووین، چونکە لەبەردەم ئەژدەهایەکی بێ ئەندازەدا عەرزی ئەندامان ئەکرد، چونکە هەموومان تێ گەیشتووین کە کوردە شیمالیەکانی برامان بەبێ سەبەبێکی مەعقول وە لەسەر ئیدعایەکی مەشروع وەداوای حقوقی خۆیان قەسابخانەیەکیان لێ دانان.

ئەنجا ئەمرۆ کە بەواسیتەی تەساحوب وەئیلتفاتی بێ نیهایەی حکومەتی فەخیمەی بەریتانیا وەبیلخاسە بەسەبەبێ جوهدو ئیقداماتی فەخامەتی میستەر ئیمیری لەو تۆفانە عەزیمە، لەو بەلا موبرەمە رزگاریمان بوو، ئەبێ هەموو فەردێکی عیراق وەهەموو میللەتی کورد ئەبەدەن مەدیونی شوکرانەو ئیلتفاتی حکومەتی فەخیمە بێ وەئەبەدەن ئەم تەشەکورانە فەراموش نەکات.

ئیتر بۆ ئێمە ئەمڕۆیە کەنیهایەتی فەلاکەتمان هاتبێ، ئیتر ئەمڕۆیە کەئێمە یەکتری دەرئاغوش بکەین ئیتر ئەمڕۆیە کە ئێمە تەلافی ئەو فەلاکەتەوە تەداوی ئەو برینە بکەین ئیتر لەسەر هەموومان فەرزە کە ئەم رۆژە مەسعودە بەکین بەرەئسی تاریخ کە ئەبەدیەن فەراموشی نەکەین، ئیتر ئەمڕۆیە کە بووین بەساحێبی ئیستقبالێکی رووناک کەرێگای تەرەقی پێ بدۆزینەوە.

جەمعیەتی عوسبەتی ئەلئومەم کە لەحەل و فەسلی ئەم ویلایەتەدا حقوقی ئێمەی هێناوەتە پێش چاوە ئیستراحەتی ئێمەی دەرمیان کردووە بژی عەدالەتی مەجلیسی عوسبەتی ئەلئومەم، بژی حکومەتی فەخیمەی بەریتانیا، بژی میللەتی موتەحیدەی عیراق، بژی قەومی کورد.

لەدوای جەنابی ئەحمەد حەمدی ئەفەندی لەتەرەف تەڵەبەیەکی مەکبەتەوە ئەم چەند کەلیمەیە وترا:

ئەی خزم و کەسی موحتەرەم: ئەی بوزر گوارانی قەومی کورد، بەم هەموو مناڵیەمانەوە فەرق بەوە ئەکەین، کە ئیمرۆ بۆ قەومی کورد رۆژێکی تاریخییە، ئایا زەریف حاڵی بووین وەتێ گەیشتووین، کە ئەقوامی عەزیمەی سەر ئەرز تەسدیق وەقبوڵیان کرد کە لەمەو پاش (میلەتی کوردیش) مەوقعێکی ئیجتماعی وەسیاسی هەیە، وە لەرێزی قەومان حقوقێکی رەسمیمان پێ بەخشراوە.

تا ئێستا گەلێ فرسەت لەدەست دراوە، حسن نیەتی حکومەتی موعەزەمەی بەریتانیامان بە نەشارەزایی تێك داوە، لازمە ئیتر بیر بکەینەوە، وە لەخەیاڵ دەرچین وەداخیلی کردەوە ببین، ئەی باوك و خزمان بۆ خاتری خوا، رق و خەیاڵ فرێ بدەین، داوای مومتەلەکات بکەین، خێر خواهی یەکتری دەبێتە سەبەبی نەجات وەرەفاهمان، ئێمە لەم سن و ساڵەدا وا لەناو بینایێکی مەکتەبا، تەمەناو ئینتزاری نەجاتی قەومی کورد ئەکەین، وەقیمەتی ئیتحاد تێگەیشتووین. ئاخۆ ئێوە کەدن و بەرگی ئێمە ئەدەن وە بە سایقەی موحبەتی عیلمەوە ئێمەتان لەمەکتە باجەمع کردوەتەوە بۆ ئیستفادە. بەمەنیەتی ئەم رۆژە گەورەیە، ئیتحادی ئەفکار حاسل ناکەن.

بۆ خاتری پێغەمبەر ئیتر رەحم بەمندالی ئێمە بکەن. با لەپاشتان ناوتان بەخێر بێنن وە شیعاری قەومی کورد بەرزو بڵند بکەین وەبادیسان لە ئەسکەمیلەی حوریەت

دەرنەکرێینەوە بۆ سەفی زات.. (بژی) حقوق پەخشمان جەمعیەتی ئەقوام، (بژی) حامی حقوقمان حکومەتی موعەزەمەی بەریتانیا، بژی ئەقوامی موتەحیدەی عیراق.

ئەنجا بەم نوتقەی ژێرەوەی جەنابی رەمزی ئەفەندی وەبە نەشیدێکی وەتەنی لەتەرەفی تەلەبەکانی مەکتەبەوە حەفلەکە نیهایەتی هات وەبەفەرح و شادییەوە بلاوبوونەوە.

ئەی حەزەرات:

ئەم ئیجتماعەی ئەمڕۆ قەومی کورد بە ئەبەدی ئەنووسێنێ بە بەریتانیای عوزەماوە وە بۆ ئیستقبالی تەبەشیر سەعادەتیان ئەکات.

ئەم رۆژە موبارەکە ئەبێ بکەین بەسەری تاریخمان وە لەم رۆژەدا ئەبێ رۆحانیەتی مێجەرسۆن، کە ئەم بناغەی موقەدەسەی ئیستقبالەی بۆ دامەزراندوین یاد وەتەجیل بکەین، بژی بەریتانیا، بژی عیراق، بژی کوردستان.

مێجەرسۆن موستەشرقێك بوو کە هەموو حەیاتی خۆی بۆ مەنافع وەسەعادەتی قەومی کورد حەزەرو فیداکردبوو، وە بەئەفعال و ئەقوالیی حەسەنەوە کتێب وە تەشەبسات وەغەزەتەی قەومی کوردی هێنایە ئەم مەوقعی بلندی عیلم و ئیجتماعەوە.

هەموو وەختێك لەپێش فەتحی بابی تاریخی قەومی کوردا ئەبێ رۆحی ئەم موستەشریقە گەورەیە بهێنینە خاترمان، لەم سەعاتەدا ئەمین بن کە ئەو رۆحە لەسمت، لەرەئەسماندا پەرواز ئەکات دیسان بژی حکومەتی بەریتانیا وەحدەتی عیراقیە.

تەقریبەن مدەتی هەشتا ساڵە لەژێر ئیدارەی تورکاندا ناو و نیشانی تاریخی قەدیمی خۆمان کەم کردبوو. حەربی جیهان ئەم حەقە مەشروعەی پێ بەخشینەوە تەماشایەکی خەریتەی عالەم کەن لەبەحری فورسەوە بەخازەرستان وەبورستان و (...) سەنەندوج (سنە)وە ساوجبلاق وەجنوبی ئازەربایئنجانەوە بڕۆن بۆ بایەزدو کەناری بەحری رەش، وەدیسان لەبەحری فورسەوە بەکەناری راستی شەتی دیجلەوە بڕۆن بۆ دیاریەکر وە لەدیاریەکرەوە بۆ ئەسکەندەرونە، وەیاسەواحیلی بەحری سپی ئەم ئەرزە واسیعە لەناو ئەم دوو خەتەدا وەتەنی تاریخی عەزیزی قەومی کوردە، کە هەموو زەرەیەك خاکی نیشانەی خاکی کوردێکە.

حەقایق و نەتیجەی حەربی جیهان ئەهمیەتی عەزیمەی سیاسیدا بەم وەتەنەی ئێمە وەئێمەی خستە شەڕو شۆڕی حەیاتی سیاسیەوە وەحامی یەکی گەورەی بۆ دۆزینەوە.

ئەم وەتەنەی ئێمە پەنجەرەیەکی قافقاسیایە، دەرگایەکی ئێرانە وەسەدەیەکی ئاهستینە بۆ ئیستیلای جنوبی تورك.

قەومی کورد لەم ئانەوە مالیکی ئیستقبالی خۆیانن، بژی کوردستان، ئەی کورد هیچ شوبهەتان نەبێ تورکەکان بۆ ئەخزی ئینتقامی ویلایەتی موسڵیان داوا ئەکردەوە کە ئەو مەزالیمە لەشیمالدا ئیجرایان کردبوو بەئێمەش تەتبیقی بکەن چونکە بەراحەتی کامیلە لەلایان مەعلومەوە کە قەومی کورد بۆ حقوقی حوریەتی خۆیان پارساڵ لەلای لیجنەی ئومەمیەلە فیداکاری و موتالەبە فاریخ نەبوون، لەم خسوسەوە ئەبەدی قەومی کورد مەدیونی شوکرانەی حکومەتی مەعەزەمەیەوە فیداکاری جەنابی مستەر ئیمیری تەقدیرو تەحسین کردووە بژی حکومەتی بەریتانیا بژی وەزیری موستەعمەرات مستەر ئیمیری.

ژیانەوە[٤٣]، ژ (٥٤) هەموو ژمارەکە تایبەتە بەو بڕیارە

خەبراتی هەڵەبجە

"حەفلەیەکی تەبریکیە لە مژدەی قەراری عوسبەتی ئومەم لە خسوسی موحافەزە کردنی حدودی ویلایەتی موسڵ وە حقوقی کورد"

دوێنێ کە ١٨-٢١-٢٥ ڕۆژی جومعە بوو ناکاو لەئافاقی هەڵەبجەدا غەلقەلەیەکی سرور هەڵسامژدەیەکی خۆشی نەباوە هەوای موعەتەری کوردستانا، بەواستەی تەلەگرافی بێ تەلەوە شرفورودی کرد، ئەم مژدەیە دەوایەم بوو کە حەیاتێکی تازەوە ئەبەدی بەخشی بەعمومی عیراق، بیلخاسە بەمیللەتی کورد. ئەم میللەتە مەزلومە کە هەتا ئێستا بەدەست زوڵم و تەغەلوبی تورکەکانەوە ئەی ناڵان. لەپرێکا خەبەرێکە واخۆش ئەسەری بووبێ وە ئەبەدی نەجات درابێ لەدەست تورک وەحقوقی موحافەزەکرابێ، وە لەو غائیلە عەزیمە کەسەبەبی فەوتاندنی مادی وە مەعنەوی میللەت بوو خەلاس بووبێ، عەجەبەن مژدە لەمە خۆشتر موبەشەرتر ئەبێت!

لەگەڵ ورودی مژدەکە بەواستەی حەمیەت‌وە وەتەنپەروەری حەزرەتی قایمقامەوە دەست بەجێ لەدائیرەی حکومەتا ئەمر درا بەتەدارەك کردن بۆ حەفلەیەکی تەبریکیە. لەخۆشیا لەتەرەف عمومی مەئموران وەئەهالی‌وە دەستکرا بەفەعالیەت. بەئانێك حەوشەی سەرا تەفریش کرا. جەنابی زابتی ئیرتبات (کاپتان مور) لەگەڵ متەباقی مەئمورینی موختەرەمەی حکومەتی فەخیمە وەقوماندانی، عەسکەری جەنابی جەمیل بەگ. لەگەڵ عمومی زابتانی (...) دەعوەت کران عمومی ئەشرافی مەملەکەت وەموتەباقی ئەهالی بەکەمالی سرور ئیشتراکیان کرد. لە دوای چاو قاوەخواردن وەئیکرامی فەوقە ئەلعادەی مەدعوەکان ئەو مژدەخۆشەی کەبەتەلەگراف لەتەرەفی حەزرەتی فەخم مەندوبی السامییەوە هاتبوو خوێنرایەوە. عمومی حازرین لەخۆشیا دەستیان کرد بەگریان لەدوایی لەتەرەف رەشید نەجیب ئەفەندییەوە ئیرتجالەن بەدەنگێکی بەرز نوتقێك خوێنرایەوە (...) عیبارەت بوو لەعەرزی تەشەکوراتی عمومی میلەتی کورد، بۆ حکومەتی موعەزەمەی بەریتانیا وەبیلخاسە بۆ زاتی سەباتکار (مستەر ئیمیری)وە بۆ جەمعیەتی موقەدەسەی حەقپەرست عوسبەتی ئەلئومەم، لەخیتامی قسەکانیا لەتەرەف حازرون وە بەچەپڵە لێدان وە بەدەنگی بەرز هەر بژی حکومەتی فەخیمە! مقابەلەکرا. وە دیسانەوە لەتەرەف شاگردێکی مەکتەبی هەڵەبجە جەمال ناوە وەنوتقێکی زۆر موئەسەر وەخۆش خوێنرایەوە وەعەینەن لەخوارەوە عەرزی ئینزاری قارئین کرا، دیسانەوە بەچەپڵەلێدان موقابەلەکرا. وە لە تەرەف شاگردانی مەکتەبەوە دەستکرا بەتەغەنی کردنی گۆرانی وەتەن، لەخۆشیا هەموو حازرون سروریان لەرِوو ئەتکا. وەگەورەو بچووك دەستیان کرد بەدەست گوشین وەتەبریکاتی یەکتری. حاسلی هەتا ئێستا موحیبەت تەسادوفی جەژنێکی واخۆشی نەکردووە وەئەم ڕۆژە لەتاریخی ئیجتماعی کوردا بە جەژنێکی میللی‌و موقەدەس ئەناسرێ هەر بژی حکومەتی فەخیمە! هەر بژی حکومەتی عیراق! هەر بژی میللەتی کورد! هەر بژی قایمقامی وەتەن پەروەری هەڵەبجە.

نوتقەکە کە لەتەڕەفی شاگردی مەکتەبی هەڵەبجە جەمال ناوەوە خوێندراوەتەوە،
حەزاری کەرام:

مەعلومی هەموولایەکی ئەم میلەتە مەزلومەی ئێمەیە لەوساوە کە لەژێر دەست وەحیمایەی تورکە وەحشیەکانا بوو لەهەموو خسوسێکەوە لە تەرقیات وەتەعالی مەحرومیان کرد بووین. لەژێرپەردەی زوڵمو جەهالەتدا هێشتبوویانینەوە. ئەو زوڵمەی کەلەحەربی عمومیدا لەئێمەیان کرد تەبیعی لەفکر ناچێتەوە، بەواستەی سەعیو جوهدی حکومەتی فەخیمەی بەریتانیاوە بەئیحتلالی عەسکەری ئێمەیان لەپەنجەی زوڵمیان نەجاتدا. حقوقیان پێ بەخشین بەم سەبەبەوە چاومان کرایەوە. تورکەکان چونکە ئیستفادەیەکی زۆریان لێ کردبووین هەر بەو تەماعەوە بەئەنواعی تەشەبسات بەناهەقی نەیان هێشت بەکەمالی ئەمنیەتەوە ئاسایش ئیدارە بکەین. ئەیان ویست دیسانەوە بمان خەنەوە ژێر ئیدارە موستەبیدەکەی خۆیان وە وەکو حەیوان ئیستخداممان بکەنەوە، دیسانەوە بەواستەی تەشەبسات وەهیمەتی فەوقەئەلعادەی حکومەتی فەخیمەی بەریتانیاوە عمومی حکومەتی موتەمەدینە تێگەیەنرا وە بۆیان مەعلوم بوو کە تورکەکان سەعی بۆ دەعوایەکی ناحەق ئەکەن. نەتیجە شوکر لەمەجلیسی عالی عوسبەتی ئەلئومەمدا قەرار درا کە حدودی حازرمان موحافەزە بکرێ.

حکومەتی فەخیمەی بەریتانیا کە ئەم چاکە گەورەیەی لەگەڵ ئێمە کرد وە بەهەموو قوەتیەوە ئەم میللەتە مەزلومەی موحافەزەکرد وە نەجاتیدا ئومێد ئەکەین نابێ قەت لەفکرمان بچێتەوە وە هەموومان بەدڵ وەبەگیان بەسەمیمی تەشەکوری حکومەتی فەخیمە ئەکەین، هەر بژی حکومەتی فەخیمە، هەر بژی حکومەتی عیراق، هەر بژی میللەتی کورد.

ژیانەوە (٤٣)، ژ(٥٦)ل١

پاشبەندی دەقەکان

لەکاتی نووسینەوەو گواستنەوەی دەقی نێو رۆژنامەکانی (ئومێدی ئیستیقلال) و (ژیانەوە)دا هەواڵو وتارو نووسینەکانی دوو توێی (ئومێدی ئیستقلال) هەرهەموومان گواستۆتەوە، هی رۆژنامەی (ژیانەوە)ش راستە زۆربەمان گواستۆتەوە، بەڵام چەند هەواڵو وتارو نووسینێکمان نەگواستۆتەوە چونکە هەستمان کرد ناوەرۆکەکانیان لەناوەرۆکی ئەوانە نزیکن کە گواستوماونەتەوە جا بۆ لێکۆڵەرو پسپۆران وا ناونیشیانەکانیان دەنووسینەوە تا بتوانن لەکاتی پێویستدا بگەرێنەوە سەریان:

-یادداشت- وتار- ژیانەوە، ژ(٢٠)، ل١.

-سەر لەنوێ دەستکرایەوە بەمبارزەی سیاسیەی مەسئەلەی موسڵ- وتاری وەرگێردا،ژیانەوە، ژ(٢٧)، ل١.

-لەعوسبەتی ئەلئومەمدا، موسڵ، راپۆرتە هەواڵ، ژیانەوە، ژ (٤٠)، ل٢.

-کوردو تورك، وتار، ژیانەوە، ژ(٤٢)، ل١.

-تورك وە مەسیحیەکانی مەنتیقەی گۆیان، هەواڵ، ژیانەوە، ژ (٤٢)، ل(٢).

-جەوابی تورك لەسەر شکاتی مەندوبی بەریتانیا لەبابەت مەسئەلەی مەسیحیەکانەوە، هەواڵ، ژیانەوە، ژ(٤٢)، ل٢.

-تەبلیغی رەسمی، راگەیاندنی رۆژنامەنووسی، ژیانەوە، ژ (٤٣)، ل٣.

-گەیشتنی هەیئەتی مەسئەلەی گۆیان بەموسڵوە تەسریحاتی جەنەراڵ لێدونێر برامبەر بە کوبارو ئەشراف، ژیانەوە، ژ(٤٨)، ل (٣).

-میستەر شەمبران لە ئیجتماعی مەجلیسی عوسبەتی ئەلئومەم، هەواڵ، ژیانەوە، ژ (٥٢)، ل(٢).

-تەلەغرافی هەیئەتی تەحقیقیەی گۆیان لەخسوسی وەقایمی سەرحدود، هەواڵ، ژیانەوە، ژ(٥٢)، ل (٣).

بەو شێوەیە دەتوانین بڵێین کە ئەم کتێبە تەواوی ئەو هەواڵو وتارو نووسینانەی لەخۆگرتووە کە رۆژنامەکانی (ئومێدی ئیستیقلال)و (ژیانەوە) بڵاویان کردۆتەوە.

پەراوێزەکان

١. خسرۆ گۆران، کردستان عبر أزمنه التاریخ، الجزء الاول، سوید-١٩٩٢ ص١٥.
٢. هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (١٤٩).
٣. د. عبدالفتاح علی بوتانی، موسڵ مدینه عرب والکرد، جغرافیا و تاریخیا، مجله (دهۆك) العدد (٢١) تشرین الاول- ٢٠٠٣- ص(٧٥).
٤. هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (٧٤).
٥. مەبەستم لەلایەنی جوگرافی و دەسەڵاتدارێتییە.
٦. د.نوری تاڵەبانی، ئینگلیز ویلایەتی موسڵی لکاند بەدەوڵەتی عیراقەوە لەبەر بەرژەوەندی خۆی لەناوچەکەو لەبەر نەوتی کەرکوك، رۆژنامەی (کوردستانی نوێ) ژمارە (٣٢٣١) سلێمانی (٢٠٠٣/١١/٢٤) لاپەڕە (٧).
٧. زۆر خەڵك (سنجق) نەك (سنجاق) بەکاردەهێنێت.
٨. فاروق عەلی عومەر، رۆژنامەگەریی کوردی لەعیراقدا، وەرگێرانی تاریق کارێزی، هەولێر- ٢٠٠١ لاپەڕە (١٥) بۆ (بازیان) نووسراوە (بارزان) بەڵام بازیان راستە.
٩. مام جەلال، دەربارەی کێشەی موسڵ، پێشەکییەك بۆ کتێبی (د. فازڵ حسێن) کێشەی ویلایەتی موسڵ، وەرگێرانی محەمەد شاکەلی، سلێمانی ١٩٩٩، لاپەڕە ١.
١٠. یەزیدی وەك نەتەوە کوردن، بەڵام ئاینیان جیاوازەو موسڵمان نین.
١١. د. فازڵ حسین، کێشەی ویلایەتی موسڵ، وەرگێرانی: محەمەد شاکەلی، سلێمانی ١٩٩٩، لاپەڕە (١٣٨).
١٢. هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (٢٢).
١٣. سوود لە پەراوێزەکانی ژمارە (٦)و (١١) بینراوە.
١٤. د. فازڵ حسێن، کێشەی ویلایەتی موسڵ، لاپەڕە (٥٦).
١٥. هاوار، کێشە لەکوردستان لەسێ بەڵگەنامەی نهێنی ئینگلیزدا، گۆڤاری (پەیڤ) ژمارە (٤) ساڵی یەکەم، لەندەن ١٩٨٧، لاپەڕە (٦١٣).
١٦. رادوڤان پاڤیچ (پرۆفیسۆر) جوڵانەوەی رزگاریخوازانەی کورد لەخەباتیدا بۆ سەربەخۆیی نەتەوایەتی و سیاسی، وەرگێرانی: مەحمود مەلا عززەت، سوید- ١٩٨٥، لاپەڕە (١٧).
١٧. هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (٤١).
١٨. د. فازڵ حسێن، کێشەی ویلایەتی موسڵ، لاپەڕە (١٠٧).
١٩. هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (٢٢٥).
٢٠. هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (٢٢٦).
٢١. د. کەمال مەزهەر ئەحمەد، دەربارەی هەڵوێستی نەتەوە پەرستانی عەرەب بەرامبەر بەمەسەلەی کورد، بەشی دووەم، رۆژنامەی (کوردستانی نوێ) ژمارە (٣٢٣٩) سلێمانی (٢٠٠٣/١٢/٨) لاپەڕە (٨).

٢٢. د. کەمال مەزهەر ئەحمەد، کوردستان لەساڵەکانی شەڕی یەکەمی جیهاندا، بەغدا ١٩٧٥، لاپەرە (١٥٧).
٢٣. د. عبدالفتاح علی بۆتانی، وثائق عن الحركه القوميه الكرديه التحررية، اربيل-٢٠٠١- ص٤٢.
٢٤. ئەولیا چەلەبی، کورد لەمێژووی دراوسێکانیدا، وەرگێرانی: سەعید ناکام، چاپی یەکەم، بەغدا- ١٩٧٩، لاپەڕە (٧٦).
٢٥. عەبدوڵڵا زەنگەنە، ژیانەوەو شوێنی لەرۆژنامەنووسیی کوردیدا، پێشەکی و پێداچوونەوەی د. کەمال مەزهەر ئەحمەد، هەولێر -٢٠٠٠، لاپەڕە (١٢).
٢٦. نەوشیروان مستەفا ئەمین، چەند لاپەڕەیەك لەمێژووی رۆژنامەوانیی کوردی، بەرگی دووەم، سلێمانی ٢٠٠٢، لاپەڕە (٣٧٦).
٢٧. هەمان سەرچاوەی پێشوو.
٢٨. فاروق عەلی عومەر، رۆژنامەگەریی کوردی لەعێراقدا، لاپەڕە (١٢٣).
٢٩. عەبدوڵڵا زەنگەنە، ژیانەوەو شوێنی لەرۆژنامەنووسیی کوردیدا، لاپەڕە (٧٧).
٣٠. د. أديب خضور، مدخل الى الصحافة نظرية وممارسة الطبيعة الثانية/ سوريه-٢٠٠٠- ص٩٨.
٣١. ماڵکۆڵم ئێف. ماڵێتی، هاورێی رۆژنامەنووسان، سلێمانی- ٢٠٠٣، لاپەڕە (٤٩).
٣٢. لەهەر شوێنێ ئەم خاڵانەمان داناوە واتە دەقەکەمان پێ نەخوێندراوەتەوە.
٣٣. هەست دەکەم دەقەکان لەهەندێك شوێندا لەئەسڵی رۆژنامەکاندا هەڵەی چاپیان تێکەوتووە من بەبێ چاکردنەوەیان وەکو خۆیان تەنیا رێنووسەکانم گۆڕیون گواستومەتەوە.
٣٤. (مكدر) نووسراوە بەگوێرەی رستەکە (موکەدەر)ە، واتە (موقەدەر).
٣٥. (جنوره) یان (جەنوەرە).
٣٦. دیارە مەبەستی لەعەشیرەتی (گەردی)یە.
٣٧. لەوە دەچێت مەبەستی لەعەشیرەتی (گۆران) بێت.
٣٨. دیارە مەبەست لەعەشیرەتی (سوورچی)یە.
٣٩. ناوی ئەم عەشیرەتە بەهەڵە نووسراوە، بەڵام سەرچاوەی باوەڕپێکراوم سەبارەت بەرێنووسی راستی ناوی ئەم عەشیرەتە لەژێر دەستدانیە.
٤٠. دەبێ مەبەست لە (نیویۆرك)بێت.
٤١. ئەم دەقا لەکتێبی: (ژیانەوەو شوێنی لەرۆژنامەنووسیی کوردیدا، عەبدوڵڵا زەنگەنە) گوازراوەتە سەر رێنووسی ئەمڕۆی کوردستانی باشوور.
٤٢. هەموو دەقەکانی (ئومێدی ئیستیقلال) لەم سەرچاوەیە وەرگیراون و رێنووسەکانیان گۆڕدراون، رەفیق سالح، سێ رۆژنامەی رۆژگاری شێخی نەمر، سلێمانی- ٢٠٠١.
٤٣. هەموو دەقەکانی (ژیانەوە) لەم سەرچاوەیە وەرگیراون و رێنووسەکانیان گۆڕدراون عەبدوڵڵا زەنگەنە، ژیانەوەو شوێنی لەرۆژنامەنووسیی کوردیدا، هەولێر-٢٠٠٠.

سەرچاوەکان

کتێب

١. ئەولیا چەڵەبی، کورد لەمێژووی دراوسێکانیدا، و: سەعید ناکام، بەغدا- ١٩٧٩.
٢. ادیب خضور (دکتور)، مدخل الی الصحافة نظریة وممارسة، سوریه -٢٠٠٠.
٣. خسرو گۆران، کردستان عبر ازمنه التاریخ، الجزو الاول، سوید- ١٩٩٢.
٤. رادوڤان پاڤیچ، جوڵانەوەی رزگاریخوازانەی کورد لەخەباتیدا بۆ سەربەخۆیی نەتەوایەتیو سیاسی، و: مەحمود مەلا عززەت، سوید- ١٩٨٥.
٥. رەفیق سالح، سێ رۆژنامەی رۆژگاری شێخی نەمر، سلێمانی- ٢٠٠١.
٦. زەید سورچی، مسألة موصل، سلیمانیه- ١٩٩٨.
٧. عەبدوڵلا زەنگەنە، ژیانەوەو شوێنی لەرۆژنامەنووسی کوردیدا، هەولێر- ٢٠٠٠.
٨. عبدالفتاح علی بۆتانی (دکتور)، وثائق عن الحرکة القومیة الکردیة التحرریة، اربیل- ٢٠٠١.
٩. فاروق عەلی عومەر، رۆژنامەگەریی کوردی لەعێراقدا، و: تاریق کارێزی، هەولێر- ٢٠٠١.
١٠. فازڵ حسین (دکتور)، کێشەی ویلایەتی موسڵ، و: محەمەد شاکەلی، سلێمانی- ١٩٩٩.
١١. کەمال مەزهەر ئەحمەد (دکتور)، کوردستان لەساڵەکانی شەڕی یەکەمی جیهامدا، بەغدا- ١٩٧٥.
١٢. ماڵکۆڵم ئیڤ، مالیتی، هاورێی رۆژنامەنووسان، و: ئازاد حەسەن فەتاح، سلێمانی- ٢٠٠٣.
١٣. نەوشیروان مستەفا ئەمین، چەند لاپەڕەیەك لەمێژووی رۆژنامەوانیی کوردی، بەرگی دووەم، سلێمانی- ٢٠٠٢.

گۆڤار

١-دهۆك العدد (٢١) تشرین الاول، دهۆك- ٢٠٠٣.
٢-پەیڤ ژمارە (٤) ساڵی یەکەم، لەندەن ١٩٨٧.

رۆژنامە

١-کوردستانی نوێ، ژمارە (٣٢٣١) سلێمانی (٢٠٠٣/١١/٢٤)، ژمارە (٣٢٣٩) رۆژی (٢٠٠٣/١٢/٨).

ناوەڕۆك

-پێشەكی
-بەشی یەكەم؛ موسڵ لەمێژوودا، گێڕانەوە
*مێژووی موسڵ
-بەشی دووەم؛ كێشەی ویلایەتی موسڵ لەڕۆژنامەكانی (ئومێدی ئیستیقلال)و (ژیانەوە)ی سلێمانیدا
*هونەركاریی رۆژنامەگەریی بۆ كێشەی ویلایەتی موسڵ
*سەرچاوەكان چ دەڵێن؟!
*بۆ تەنیا ئەم دوو رۆژنامەیە؟!
*هەواڵ لەرۆژنامەكاندا
*وتار لەرۆژنامەكاندا
*زمانی هەواڵو وتارەكان
*راپۆرتە هەواڵو رێپۆرتاژ
*سەرچاوەی هەواڵەكان
-بەشی سێیەم؛
*دەقەكان
*پاشبەندی دەقەكان
-پەراوێزەكان
-سەرچاوەكان

کتێبە چاپکراوەکانی شارەوانی سلێمانی

١-بیلۆگرافیای ڕۆژنامەنوسیی کوردی لە سلێمانی
٢-شەڕی بەردەکی سەرای سلێمانی
٣-سلێمانی و سەلاحوددینی موهتەدی
٤-ژیان، بەتەمەنترین ڕۆژنامەی کوردی ١٩٢٦-١٩٣٨
٥-ئەمریکا و عێراق و ئەگەرەکان، کورد لە بەردەم چاوەڕوانییەکاندا
٦-یادی ٩ی حوزیرانی ١٩٦٣
٧-کارەساتی مەنعی تەجەولەکەی ١٩٨٥
٨-حکوومەتی کوردستان لە سلێمانی
٩-بەڵگەنامە - بەرگی یەکەم
١٠-تۆمارێکی شارەوانیی سلێمانی
١١-سلێمانی، زەمینەی پەرەسەندن و ململانێی تەسەوف
١٢-ئەلبومی مەکتەبی فەیسەڵییە
١٣-سەرچاوەکانی ئاو
١٤-فەرهەنگی ئینگلیزی - کوردی
١٥-ڕۆژنامەی ژیان
١٦-بەڵگەنامە - بەرگی دووەم
١٧-سەرۆك شارەوانییەکانی سلێمانی (١٨٩٠-٢٠٠٣)
١٨-یادی دووسەد ساڵەی شاری سلێمانی
١٩-لە دوو توێی یادداشتی شاردا
٢٠-شەکرە شارەکەم سولەیمانی
٢١-لە مەرگستانی حامیەوە بۆ سەیرانگەی پارکی ئازادی
٢٢-وەرزش و شاری سلێمانی
٢٣-توێژینەوەکانی شاری سلێمانی
٢٤-پرسیارەکانی هاتوچۆ بۆ شۆفێری ئوتومبیل
٢٥-گوڵ و گوڵلە و مارینز
٢٦-A Summary about Sulaimani city
٢٧-دەربارەی فیدراڵی یەکگرتن یەکێتی نیشتیمانی عیراقی
٢٨-گفتوگۆیەکی جیدی لەگەڵ صوبحی عەبدولحەمید و هاوڕێکانی
٢٩-نامەی چوارساڵەی کارو چالاکییەکان لە سلێمانی
٣٠-ترش و شیرینی
٣١-حقوق الشعب الكردي في ظل الدساتير و القوانين العراقية
٣٢-مۆدێلی ڕێزمانی کوردی
٣٣-فەرهەنگی زێوەری
٣٤-کێشەی ویلایەتی موسڵ لە دوو ڕۆژنامەی سلێمانیدا